ژمارە (438) دووشەممە 2016/12/26 - 5ی بەفرانبار 2716 (750) دینار

## دۆسیەی مەلا وشیار ڕادەستی "دژە تیرۆر" دەکرێت



ڕووداو– هەولێر

ڕاوێژکارێکی ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی ئاشکرای دەکات قۆناغی دووەمی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی مەلا وشیار ئیسماعیل دەستی پێکردووە، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەولێریش دەڵێ "دۆسییەکە ڕادەستی دژەتیرۆری سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە".

تارق نووری، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێکۆڵینەوە و ڕێوشوێنە یاساییەکان لەگەڵ تۆمەتباران بەردەوامە، دۆسیەکە ڕادەستی دژە تیرۆری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە". هەروەها بەکر قادر، لێکۆڵەری دادی و ڕاوێژکاری ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە نوێنەرایەتی یەکگرتوو لە دۆسیەکەدا دەکات، ڕایگەیاند "قۆناغی دووەمی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەستی پێکردووە کە ئەویش ئاشکراکردنی دەستی پشتی ئەوانە و پیلاندارێژەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییەن".

کاژێر 10:30ی خولەکی شەوی 2016/11/22 د.وشیار ئیسماعیل، پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی عومەر بندیان لە شاری هەولێر لەبەردەم ماڵەکەی خۆی تیرۆرکرا. پێنج ڕۆژ دوای ڕووداوەکە دوو گەنج کە ئاوەڵزاوای یەکدین بە تۆمەتی تیرۆرکردنەکەی دەستگیرکران.

2

## کۆبوونەوەکەی گۆڕان و پارتی بە دڵی نەوشیروان مستەفا بووە

3

## سووریا داوای "ئەمانەت"ەکەی لە پەیەدە دەکاتەوە

6

وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان بۆ ڕووداو:

## چاکسازی لە لیستی شەهیدان پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی هەیە

10

نێچیرڤان بارزانی:

# ڕێوشوێنی جدیمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ڕێ لە چالاکیی سەربازی لەدژی ئێران بگرین

3



## لە 10 ساڵی ڕابردوودا 131 ژنی کورد لە سوێد خەڵاتکراون

11

ڕاپۆرت 4

### وەزارەتی کشتوکاڵ گۆشتی ئاژەڵی مردوو بە خەڵک دەفرۆشێت



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### جووتیارێک بە فێڵ 1250 تۆن گەنم دەداتە سایلۆ

ژنان 14

### پیاوێک کچەکەی خۆی دەکوژێت

کۆمەڵایەتی 15

### بێسەرپەرشتێک فەرمانبەرێکی خانەکەی دەخوازێت

تەندروستی 18

### وەزارەتی تەندروستی 100 ملیار دینار قەرزداری دەرمانە





## دڵشاد عومەر دەستبەکاردەبێتەوە

**ڕووداو– سلێمانی**

شۆڕش غەفووری، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پەیوەندی بە دڵشاد عومەر بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانییەوە کردووە و ئەویش پێی ڕاگەیاندووە کە ئەمڕۆ 2016/12/26 بە گڕ و تینێکی باشتر لە جاران لە پۆستەکەی بەردەوام دەبێتەوە. لە سەرەتای ئەم مانگەدا و بەهۆی فشاری خۆپیشاندانەکانی مامۆستایانی سنووری پارێزگای سلێمانی بەهۆی بایکۆتی خوێندنەوە، دڵشاد عومەر دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستەکەی پێشکەشی وەزارەتی پەروەردە کرد، بەڵام وەزارەت دەستلەکارکێشانەوەکەی قبوڵ نەکرد. دڵشاد عومەر لە پشکی بزووتنەوەی گۆڕان ماوەی ساڵ و نیوێکە ئەو پۆستەی وەرگرتووە.

# دۆسیەی مەلا وشیار ڕادەستی "دژە تیرۆر" دەکرێت

**مەحمود یاسین کوردی**
**ڕووداو– هەولێر**

### برایەکی مەلا وشیار:
### بکوژەکە ڕاهێنراوە و بە دەمانچەی خەزووری تاوانەکەی کردووە

### ڕاوێژکارێکی ئەمینداری یەکگرتوو:
### قۆناغی دووەمی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی مامۆستا وشیار دەستپێدەکات

ڕاوێژکارێکی ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی ئاشکرای دەکات قۆناغی دووەمی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی مەلا وشیار ئیسماعیل دەستی پێکردووە، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەولێریش دەڵێ "دۆسییەکە ڕادەستی دژەتیرۆری سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە".

کاژێر 10:30ی خولەکی شەوی 2016/11/22 کەسێک لە دەرگای ماڵی د.وشیار ئیسماعیل دەدات. دوای ئەوەی د.وشیار دەرگا دەکاتەوە، کەسەکە سێ گوللەی پێوەدەنێ، دوو گوللەی بەردەکەوێت و دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەردەچێ. بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، تاوانەکە بە دەمانچەیەکی کرواتیی پێشکەوتوو کراوە.

ڕۆژی 2016/11/27 بکوژی د.وشیار کە گەنجێکی تەمەن 25 ساڵە بەناوی (م.ع.و)، خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە، هەروەها هاوکاری تاوانەکەشی کە ئاوەڵزاوایەتی بە ناوی (س،س) و تەمەنی 26 ساڵە و خێزاندارە، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکران.

بەپێی زانیارییەکان ئەو دەمانچەی تاوانەکەی پێ کراوە هی خەزووری هەردوو تۆمەتبارەکەیە، هەر بۆیە خاوەنی دەمانچەکە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە. لە لێکۆڵینەوەشدا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو دەمانچەیە هی ئەوە، بەڵام پێش ڕووداوەکە گەشتی دەرەوەی کردووە و داوای لە زاواکەی کردووە بۆی بفرۆشێ.

بە گوتەی دیار گۆران، برای مەلا وشیار ئیسماعیل، خاوەنی دەمانچەکە دوای چەند ڕۆژێک بە کەفالەت ئازادکراوە.

دیار گۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەزگا ئەمنییەکان هەموو هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ دۆزینەوەی تاوانباران، تەنانەت ئێمە ئاگاداربووین لەوەی کە 3 شەو و ڕۆژی یەکەم نزیکەی 100 کارمەندی ئاسایش لە هەولێر نەخەوتن تا بکوژ و هاوکارەکەیان لە نێو جێگای خەوتن دەستگیرکرد و ئەوەش مایەی دەستخۆشییە، بەڵام ئێستا ئەو جدییەتە نابینین بۆ ئاشکراکردنی ئەو دەستەی لە پشتی تیرۆرکردنەکەیە، ئێمە چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانین".

برای مەلا وشیار داوای ئاشکراکردنی ئەو کەسانە دەکات کە لە پشتی کوشتنی براکەیەوەن و دەڵێ "ئاسایش وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداینەوە چۆن بکوژ توانیویەتی بە ئۆتۆمبیلی جۆری BMWی جام ڕەش و بێ ژمارە ئەم تاوانە بکات".

### یەکگرتوو نوێنەری لە لێکۆڵینەوەدا هەیە

بەکر قادر، لێکۆڵەری دادی کە نوێنەرایەتی یەکگرتوو لە دۆسیەکەدا دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆری مامۆستا وشیار بەردەوامە، قۆناغی یەکەم تەواو بووە و بکوژی ڕاستەقینە و هاوکارەکەی دەستگیرکراون. ئێستا قۆناغی دووەمی لێکۆڵینەوە دەستی پێکردووە کە ئەویش ئاشکراکردنی دەستی پشتی ئەوانە و پیلاندارێژەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییەن".

بەکر قادر کە هاوکات ڕاوێژکاری یاسایی ئەمینداری یەکگرتووە، گوتیشی "ئێمە ئاگاداری بەشێکی لێکۆڵینەوەکانین، وەکو یەکگرتوو زۆر مەبەستمانە و جەخت لەسەر ئاشکراکردنی ئەو دەستە دەکەینەوە کە لە پشتی ئەو تاوانەیە، هەندێکجاریش کە بێدەنگین دەمانەوێ یاسا سەروەر بێت و ڕێز لە ئیشوکاری دەزگا ئەمنییەکان دەگرین، ئەگەرنا وەکو یەکگرتوو هەرگیز سازش لەسەر خوێنی مامۆستای شەهید ناکەین".

### دۆسیەکە ڕادەستی دژە تیرۆر کراوە

ئەو ڕاوێژکارەی ئەمینداری یەکگرتوو دەڵێ "ئەو شێوازە کوشتنە و ئەو کەلوپەلانەی لەم تاوانە بەکارهێنراوە هەمووی ئاماژەیەکە کە ئەم تاوانە کردەوەیەکی تیرۆرستییە، هەروەها هەڵبژاردنی سەر و دڵی مامۆستای شەهید لەلایەن بکوژەکە بەڵگەن لەسەر تیرۆرییبوونی ئەم تاوانە، تەنانەت دەزگا ئەمنییەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە".

تارق نووری، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێکۆڵینەوە و ڕێوشوێنە یاساییەکان لەگەڵ تۆمەتباران بەردەوامە، دۆسیەکە ڕادەستی دژە تیرۆری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە".

### "ئیختراق لە نێو حیزب و دەزگاکانی کوردستاندا هەیە"

ڕۆژی 2016/12/24 سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لە مەراسیمی کردنەوەی هۆڵی مەلا وشیار لە شاری هەولێر، گوتارێکی پێشکەش کرد و ئاشکرای کرد کە ئەوان دەزانن بکوژانی مەلا وشیار سەر بە چ لایەنێکن.

سەلاحەدین بەهائەدین ڕەتیکردەوە هیچ لایەنێک تۆمەتبار بکات و گوتی "ئەوە کاری ئێمە نییە، ئێمە ڕێز لە دادگا و کاری بەدواداچوون و، ڕێز لە پیشەییبوون دەگرین، سوپاسی دەزگا پەیوەندیدارەکانیش دەکەین بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و دەستگیرکردنی دوو تاوانبارەکە".

ئەمینداری یەکگرتوو ئەوەشی ڕاگەیاند "ئیختراق لەنێو زۆربەی لایەن و دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە". ئەم لێدوانانەی سەلاحەدین بەهائەدین وەکو ئاماژەیەک بۆ گەورەیی ئەو دەستە لێکدرایەوە کە لە پشتی کوشتنەکەوەن.

دیار گۆران پێیوایە تیرۆرکردنی براکەی سیاسییە و دەڵێ "هەر قسەیەکی دیکە بەدەر لەمە بگوترێت ناڕاستە و چەواشەکارانەیە. لە ڤیدیۆی شێوازی تیرۆکردنەکەی مامۆستا وشیار بینیمان کە بکوژ ڕاهێنراوە و بە شارەزاییەکی باشەوە تەقە دەکات، وەک ئەوە دەردەکەوێت بە بکوژ گوترابێت کە مامۆستا بکوژێت، نەک برینداری بکات".



# هاوڕێکەی خۆی کوشت و ئاگری تێبەردا

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– هەولێر**



محەممەد مەعروف، دوای سێ ڕۆژ لە ونبوونی، تەرمەکەی بە سووتێنراوی دۆزرایەوە

گەنجێکی دانیشتووی شاری دهۆک، هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بردووەتە نێو باخچەکەی و کوشتوویەتی، پاشان نەوتی پێدا کردووە و ئاگری تێبەرداوە. کەسوکاری گەنجە کوژراوەکە دەڵێن ئەوان زیاتر لە مەرگی کوڕەکەیان خەفەت لە شێوازی کوشتنەکەی دەخۆن. برایەکی تۆمەتبارەکەش دەڵێت بەهۆی ئەو ڕووداوەوە تووشی شۆک بوون.

ڕۆژی 2017/12/20 پیاوێکی تەمەن 47 ساڵ بەناوی محەممەد مەعروف، بێسەروشوێن دەبێ، دوای سێ ڕۆژ تەرمەکەی بە سووتێنراوی لە نێو باخچەیەک لە ناحیەی مانگێشکێی سەر بە شاری دهۆک دۆزرایەوە.

ئیسماعیل مەعروف، برا گەورەی محەممەد باسی ونبوونی براکەی دەکات و دەڵێت "محەممەد، شوفێری تاکسی بوو، ئەو ڕۆژە لە ماڵ دەرچووە، دوای نیوەڕۆ هاوژینەکەی تەلەفۆنی بۆ کردووە، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە.

کاژێر سێی دوای نیوەڕۆ کەسێک وەڵامی تەلەفۆنەکەی داوەتەوە و گوتوویەتی من هاوڕێی محەممەدم، تەلەفۆنەکەی لەلای منە و ئەو نەفەری بردووە بۆ هەولێر".

کەسوکاری محەممەد بەردەوام لەگەڵ ئەو گەنجە لەسەر خەت دەبن، کاژێر شەشی ئێوارە پێیاندەڵێت محەممەد گەیشتووەتە ناحیەی دۆمێز و ئێستا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، هەموو چاوەڕێی محەممەدیان کردووە، بەڵام دوای کاژێر هەشت مۆبایلەکەی محەممەد داخراوە، بۆیە ئەوانیش هێزە ئەمنییەکانیان ئاگادار کردووەتەوە.

دوای سێ ڕۆژ پۆلیس کەسوکاری محەممەد لە دۆزینەوەی تەرمێک ئاگادار دەکاتەوە. ئیسماعیل دەڵێت "کە چووین بۆ بینینی تەرمەکە نەماننناسیەوە، چونکە تەرمەکە سووتێنرابوو، دوای پشکنین دەرکەوت محەممەدە".

سەبارەت بەو کەسەی تاوانەکەی کردووە، ئیسماعیل گوتی "دوای ڕۆژێک پێیانگوتین، کەسێک کە هاوڕێی محەممەدە و تەمەنی 15 ساڵە و دراوسێمانە، دەستی لەو تاوانەدا هەیە، بۆیە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین بە زووترین کات سزای بدەن".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو گەنجە بە نیازبووە، دوای کوشتنی محەممەد، تاکسییەکەی بفرۆشێ و لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی کە مێردی خوشکی بووە و خەڵکی باکووری کوردستانە، بچنە ئەورووپا، بەڵام بەرلەوەی بڕۆن دەستگیرکراون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو) گوت "(ە.م) کە بکوژی محەممەدە، خزمێکی هەیە لە باکووری کوردستان کە مێردی خوشکییەتی، زۆر جار بە تاکسی محەممەد چوونەتە نێو باخچەیەکی (ە) لە ناحیەی مانگێشکێ. ئەو ڕۆژەش محەممەدی بردووەتە نێو باخچەکەی، سەرەتا نەیکوشتووە، تەنیا دەست و قاچی بەستووەتەوە و شەو و ڕۆژێک بەو شێوەیە جێی هێشتووە. ڕۆژی دواتر چووەتە ناو باخچەکەی و سەرەتا سێ گوللەی لێداوە، پاشان ئاگری لە تەرمەکەی بەرداوە و فڕێی داوەتە نێو ئاوەڕۆیەک. دواتر تاکسییەکەی محەممەدی هێناوە و لە گەڕەکی نزارکێ ڕایگرتووە".

هێمن سلێمان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بکوژی محەممەد گەنجێکە بەناوی (ە.م) خۆی تاوانەکەی ئەنجامداوە، بەڵام کەسێکی دیکەش ئاگاداری تاوانەکە بووە کە مێردی خوشکێتی، ئێستا هەردووکیان دەستگیرکراون و دانیشیان بە تاوانەکەدا ناوە".

(ڤەهێل.م) کە برای (ە)ی تۆمەتبارە، بە (ڕووداو)ی گوت "15 ساڵە ئێمە دراوسێی یەکدین، هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ یەکتر نەبووە، (ە) لە هەموومان زیاتر تێکەڵی محەممەد بوو، ڕۆژی ونبوونی محەممەد هاتەوە ماڵەوە، لە سیمایدا هیچ دیار نەبوو کە تاوانێکی کردبێ".

بە گوتەی ڤەهێل، براکەی ئەو ڕۆژەی تاوانەکەی کردووە، منداڵێکیان بووە. ڤەهێڵ گوتی "براکەم سێ منداڵی هەیە، ئەو ڕۆژەی تاوانەکەی کردووە، منداڵێکی کوڕیان بووە، بەڵام بەهۆی ئەو تاوانەوە کەوتە زیندان و منداڵەکەی نەبینی". گوتیشی "ئێمە زۆر نیگەرانین بەوەی بەسەر ئەو دراوسێیەمان هێنراوە، داوای سزادانی براکەمان دەکەین".

# جووتیارێک بە نووسراوێکی ساختە 1250 تۆن گەنم دەداتە سایلۆی هەولێر

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بەهۆی ساختەکردنی نووسراوێکی فەرمانگەی کشتوکاڵ، جووتیارێکی هەولێر 1250 تۆن گەنم بەنایاسایی ڕادەستی بنکەیەکی وەرگرتنی گەنم لە هەولێر دەکات، دوای ئاشکرابوونیشی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ دەستگیر دەکرێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو دۆسیەیە بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو جووتیارە خاوەنی 120 دۆنم زەوییە، بنکەی کشتوکاڵی قوشتەپە نووسراوی پشتگیری بۆ 77 تۆن گەنم بۆ وەرگرتنی لە سایلۆ بۆ کردووە، بەو نووسراوە گەنمەکەی تەسلیمی سایلۆ کردووە، بەڵام دواتر لە ڕێگەی کۆپیی هەمان نووسراو 1250 تۆن گەنمی دیکەی تەسلیمی بنکەی وەرگرتنی گەنم لە گردەڕەشە کردووە.

دادوەری لێکۆڵینەوەی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان بەدواداچوونی بۆ دۆسیەکە کردووە. ڕۆژی 20ی مانگی ڕابردووش هەریەک لە بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر و کارمەندێکی بنکەی وەرگرتنی گەنم لە گردەڕەشە دەستبەسەر دەکرێن، دوای پێنج ڕۆژ بە کەفالەت ئازاد دەکرێن.

د.ئەحمەد ئەنوەر محەممەد، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەدواداچوونمان بۆ 180 دۆسیەی گەندەڵی کردووە، لەو ژمارەیەش 84 دۆسیەیان لە سنووری پارێزگای هەولێرن کە یەکێکیان دەستکاریکردنی نووسراوێکی وەرگرتنی گەنمە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانیی هەولێر".

هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کە ئەو جووتیارە بە تەنیا ئەو کارەی کردووە یان خەڵکی دیکە پاڵپشتییان کردووە. د.ئەحمەد ئەنوەر گوتی "دوای یەکلابوونەوەی دۆسیەکە ئەگەر دەرکەوت جووتیارەکە بە تەنیا ساختەکارییەکەی کردووە، ئەوا دۆسیەکە ڕەوانەی دادگای پەیوەندیدار دەکرێت، دادوەر بڕیاری لەبارەوە دەدات، بەڵام ئەگەر بە هەماهەنگی یان پاڵپشتی بەرپرسانی ئەو یەکە ئیدارییە کرابێت، ئەوا بەشداریی ئەوان دەچێتە خانەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یان بەرتیل وەرگرتن".

د.عەبدولڕەزاق عوسمان ناوەندەیی، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لەبارەی ئەو دۆسیە بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی ئەو ساختەکارییەی لە بنکەی گردەڕەشەی وەرگرتنی گەنم لە هەولێر کراوە 20ی مانگی ڕابردوو بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای بازرگانی دانەوێڵە و کارمەندێکی بنکەکە بۆ لێکۆڵینەوە بانگهێشتی دادگا کران و دواتر بەکەفالەت ئازادکران".

ساڵانە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی پارێزگاکان داوا لە بنکە کشتوکاڵییەکان دەکەن، زانیاری لەسەر ڕووبەری چێنداروی گەنم و ناوی جووتیاران کۆبکەنەوە، بەر لە وەرزی دروێنەش بەگوێرەی ڕووبەرە چێنراوەکان و ڕێژەی باران بارین، پێشبینی بڕی بەرهەمی گەنمەکە دەکرێت، دواتر داتاکان کۆدەکرێنەوە و هەفتەیەک بەر لە وەرزی دروێنە بە CD ڕەوانەی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی دەکرێن لەوێش دەگات بە سایلۆکان.

ئەمین ڕەئووف، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر گوتی "لە نووسراوی پشتگیرییەکەدا ناوی سیانیی جووتیارەکە، گوند، کەرتی کشتوکاڵییەکەی، ڕووبەری چێندراو و بڕی پێشبینیکراوی بەرهەمەکە بە ژمارە و نووسین، دەنووسین، تەنانەت زنجیرەکەش دیاری دەکەین. وێنەیەکی بۆ سایلۆکان دەنێرین. لەکاتی پێگەیشتی بەرهەمیش وێنەیەک لە نووسراوەکە بە پشتگیرییەوە دەدرێتە جووتیار، بۆیە ئەگەر جووتیار لای خۆشی نووسراوەکە ساختە بکات، لە کۆمپیوتەری سایلۆ ساختەکارییەکە ئاشکرا دەبێت، بە مۆری کۆمپیوتەریش نەبێ لە پرسگە ڕێگە بە بارهەڵگری جووتیار نادرێت بچێتە نێو سایلۆ، بۆیە ساختەکردنی ئەم نووسراوە ئاسان نییە".

پرۆسەی بە بازاڕکردنی گەنم لە هەرێمی کوردستان ساڵانە لەیەکی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات و لە25ی تەمووز کۆتایی دێت. بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەمساڵ 881 هەزار و 916 تۆن گەنم لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

(ڕووداو) پەیوەندی بە ئیبراهیم عەبدولحەمید، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای بازرگانیی دانەوێڵەوە کرد، بەڵام ئەو گوتی بەهۆی ئەوەی دۆسیەکە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، قسەی لەبارەوە ناکات.

ساختەکردنی نووسراوە فەرمییەکان و تێوەگلانی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان دەچێتە خانەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات کە لە یاسای تاوانەکانی عێراق سزای تایبەتیان بۆ دیاریکراوە.

پارێزەری ڕاوێژکار یونس ڕاوی لە دادگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر دەرکەوت، ئەم جووتیارە بەپێدانی بەرتیل گەنمەکەی ڕادەستی سایلۆ کردووە، لەوانەیە دادگا شەش مانگ بۆ ساڵێک سزای بدات، ئەو کەسانەشی لە فەرمانگەکە هاوکارییان کردووە ئەگەر بەهۆی هەڵەیەکی هونەری نەبێت، دادوەر بە 5 — 15 ساڵ بەندکردن سزایان دەدات".



## سەردار عەبدوڵڵا: نەبوومەتە پارتی

رووداو- هەولێر

سەردار عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری پێشووی بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیەی دەگوترێت وازی لە بزووتنەوەی گۆڕان هێناوە و بووەتە پارتی، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی رایگەیاند "لەسەر بۆچوونی جیاواز لە نەوشیروان مستەفا دەستم لەکارکێشایەوە، نەبوومەتە پارتی و پارتیش داوای لەمجۆرەی لێنەکردووم، ئەگەر داواشم لێبکرێت ئامادەنیم پەیوەندی بە پارتییەوە بکەم". لەبارەی ئەوەی بۆچی دەستلەکارکێشانەوەکەی ئاشکرا نەکردووە، سەردار عەبدوڵڵا گوتی "نەمویست بیکەمە هاتوهاوار بۆ ئەوەی بە زیانی بزووتنەوەی گۆڕان نەشکێتەوە، تاوەکو بزووتنەوەی گۆڕان لە میحنەتا بوو، من داکۆکیم لێکردووە و لەگەڵیدا بووم".

### لە کۆبوونەوەی نێوان گۆڕان و پارتیدا چی گوترا؟

# نەوشیروان مستەفا کۆبوونەوەکەی بەدڵ بووە و پارتیش بە مورتاحی سلێمانی جێهێشتووە

### دوای سەری ساڵ گەڕی دووەمی دانوستاندنەکان دەستپێدەکەنەوە

هیڤیدار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "نەوشیروان مستەفا ئەنجامی کۆبوونەوەکەیانی لەگەڵ پارتی پێ باش بووە، پارتیش بە ئاسوودەیی لە کۆبوونەوەکە دەرچووە". ئەندامێکی شاندی دانوستاندنکاری پارتیش دەڵێت دوای سەری ساڵ گەڕی دووەمی دانوستاندنەکان دەستپێدەکەنەوە.

**بەرپرسێکی پارتی:**
**پرۆژەی ئاوتکردنی گۆڕانمان نییە**

**هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان:**
**کاک نەوشیروان گوتی بە گەرمی پێشوازی لە شاندی پارتی بکەن**

#### کردنەوەی گرێیەکان

پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی 2016/11/28 یەکەم کۆبوونەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی دەستپێکرد، دوا کۆبوونەوەکانیشی لە سلێمانی بوو، بەڵام هەموو چاوەکان لەسەر کۆبوونەوەی پارتی و گۆڕان بوون.

(رووداو) بەشێکی ناوەڕۆکی کۆبوونەوە دوو کاژێر و نیوییەکەی نێوان پارتی و گۆڕان لە ماڵی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی ئاشکرا دەکات.

رۆژی 2016/12/19 شاندی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی عومەری سەید عەلی مەلەفی زۆریان بۆ دانوستاندن ئامادەکردبوو، بەڵام شاندی پارتی شتێکی ئەوتۆی نەدایە دەست گۆڕان.

جەلال جەوهەر، رێکخەری ژووری حکومەت و پەرلەمان کە هەڵسوڕاوێکی دیاری گۆڕانە، هەندێ زانیاریی نەگوتراوی نێو کۆبوونەوەکەی ئاشکرا کرد و بە (رووداو)ی گوت "پارتی پەیامی کاک مەسعودیان هێنابوو، ئێمەش پێشتر بە ئیجابی باسمان کردبوو".

جەلال جەوهەر گوتی کە پرۆژەکەی بارزانی خراپ نییە بۆ ئەوەی ببێتە بنەما بۆ دانوستاندن "ئەگەر پارتی لەو پەیامەی بارزانی پەشیمان نەبێتەوە، پێدەچێ ببێتە بنەما بۆ دانوستاندن. بۆیە لەو کۆبوونەوەیە داوامان لە پارتی کرد میکانیزم چییە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە؟ پارتی گوتیان کە هاتوون گوێ بگرن و نایانەوێ بە تەنیا پرۆژەیان هەبێ، بەڵکو باشترە پرۆژەیەکی هەمەلایەنە هەبێ".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 2016/11/20 لەرێگەی بڵاوکردنەوەی پەیامێک لەسەر کێشە سیاسییەکان گوتی "ناکرێ ئەوانەی بوونەتە سەرچاوەی قەیران دووبارە سەرۆکایەتی پارلەمان بگرنەوە دەست. هەروەها حیزبەکان لەسەر ئەوە رێکبکەون حکومەتێکی نوێ دابمەزرێ و بەڕێزێکیش بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەتا کاتی هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی ئەرکی سەرۆکایەتیی هەرێم بگرێتە ئەستۆ، منیش بە هەموو توانایەک یارمەتیی ئەو پرۆسەیە دەدەم".

بزووتنەوەی گۆڕان داوا لە پارتی دەکات بەهێزتر بێنە پێشەوە، تاوەکو بگەنە ئەنجامێک کە رێککەوتنی بەدوادا بێت "داوامان لە پارتی کرد کۆبوونەوەی داهاتوو جددی بێت، برادەرانی پارتیش گوتیان کات لە بەرژەوەندیی ئێمە نییە و دەبێ پەلە بکەین پرۆسەکە زوو تەواو بێ". ئەمە قسەی جەلال جەوهەرە، هەروەها دەڵێت "پارتی بەگشتی قسەی باشی کرد، بەڵام ئەوەی لای گۆڕان گرنگە هەنگاوی کردارییە". بەبڕوای ئەندامی شاندەکەی گۆڕان "هەنگاوی دووەم بە پلەی یەکەم لەسەر پارتی دەوەستێ".

#### پارتی دەڵێ پەلەمانە

پارتی کە پێشتر سەرۆکی پەرلەمان و چوار وەزیری گۆڕانی دوورخستەوە، ئێستا خۆی لە دەرگای گۆڕان دەدات کێشەکان چارەسەر بکەن. ئەندامێکی شاندی پارتی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان کە لە کۆبوونەوەی نێوان حیزبەکەی و گۆڕان لە سلێمانی بەشداربوو بە (رووداو)ی راگەیاند "پارتی بڕیاری نەداوە گۆڕان ئاوت بکات و هیچ شتێک نییە قەدەغەبێ و باسی نەکەین". گوتیشی "پارتی جدییە و پاڵ ناداتەوە، بگرە پەلەیەتی بگەنە چارەسەرێک".

بەرپرسەکەی پارتی باسی رێککەوتنی نێوان حیزبەکەی و گۆڕان دەکات کە باسی چی بکەن و باسی چی نەکەن لەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی باشی هەبێ "لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بڕیارماندا باسی کۆن نەکرێ بۆئەوەی کاریگەری لەسەر ئەنجامی کۆبوونەوەکە نەبێ، چونکە ئەگەر باسی کۆن کرابا هیچ ئەنجامێکی نەدەبوو".

دوای کۆبوونەوەی پارتی و گۆڕان، نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کە ئێستا لە بەریتانیایە، لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاگادارکراوەتەوە.

جەلال جەوهەر باسی هەڵوێستی رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات و دەڵێت "کاک نەوشیروان ئەنجامی کۆبوونەوەکەی زۆر پێ باش بوو، پارتیش قسەی کاک نەوشیروانی لەسەر پرۆژەکەی کاک مەسعود بە باشی باسکرد". ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان هەروەها باسی ئەنجامی کۆبوونەوەکە دەکات "هەردوو لا (گۆڕان و پارتی) گەرم بوون، پارتی بە مورتاحی لە کۆبوونەوەکە رۆیشتنە دەرەوە".

ئەحمەد کانی، ئەندامی شاندی گفتوگۆکاری پارتی باسی هەوڵەکانی حیزبەکەی دەکات و دەڵێت "پارتی بە تەنیا پرۆژەی نابێ، پەیامی جەنابی سەرۆک بنەمای تەواوی پرۆژەیەکە و ئەم دانوستاندنە بە کۆبوونەوەیەک و دوو کۆبوونەوە تەواو نابێ و بەردەوام دەبین".

ئەحمەد کانی کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتییە، پێیوایە سەرباری ناکۆکیی توند لەنێوان پارتی و گۆڕان، بەڵام هەموو شتێک کۆتایی نەهاتووە "راستە ململانێمان هەیە لەگەڵ گۆڕان و بۆچوونی جیاوازمان هەیە، بەڵام بە برایانە پێکەوە دانیشتین و مورتاح بووین".

دوای تەواوکردنی سەردانی حیزبەکان پارتی چ هەنگاوێک دەهاوێژێ؟ ئەحمەد کانی باسی هەنگاوی دووەمی حیزبەکەی دەکات "دوای پشووەکانی سەری ساڵ دەست بە گەڕی دووەمی دانوستاندن دەکرێتەوە، چونکە هەندێ را لای پارتی گەڵاڵە بوون و دەکرێ لە ناوەڕاستی رێگا یەک بگرینەوە". گوتیشی "شێوازی خولی دووەمی دانوستاندن بەو شێوەیە دەبێ پارتی سەرلەنوێ سەردانی هەموو حیزبەکان بکاتەوە".

#### پارتی و یەکێتی چییان گوت؟

پارتی پێش ئەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆببێتەوە، هەر لە سلێمانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبووەوە. جەعفەر شێخ مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "یەکێتی و پارتی کۆبوونەوەیەکی بەرپرسانەیان ئەنجام دا و گوتیان هەردووکمان بەرپرسی یەکەمی کوردستانین".

دەربارەی ئەوەی ئاخۆ یەکێتی و گۆڕان بڕیاری هاوبەشیان دەبێ بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو لەگەڵ پارتی؟ شێخ جەعفەر دەڵێت "یەکێتی سەربەخۆ بڕیار دەدات چۆن لەگەڵ پارتی بگاتە رێککەوتن، چونکە نە پاشکۆی هیچ کەس و لایەنێکین و نە وەکیلی هیچ لایەنێکین".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### مەلا بەختیار پێشنیاری یەکگرتنەوەیان لەگەڵ گۆڕان دەکات

# سەرکردایەتیی یەکێتی یەکگرتنەوەی لەگەڵ گۆڕان پێ باش بووە

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەیدا پێشنیازی یەکگرتنەوەی حیزبەکەی و بزووتنەوەی گۆڕانی کردووە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، یەکگرتنەوەی پێ باشە، بەڵام ئەندامێکی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە ئێستا زەمینە بۆ یەکگرتنەوە لەبار نییە.

**ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان:**
**ئاسان نییە و موستەحیلیش نییە**

**بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری گۆڕان:**
**مەلا بەختیار ئەندازیاری تێکدانی رێککەوتنی یەکێتی و گۆڕانە**

رۆژی 2016/12/24 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بە سەرۆکایەتی مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی و بەبێ ئامادەبوونی باڵی "ناوەندی بڕیار"ی یەکێتی کۆبوونەوە.

سیروان کوێخا نەجم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە (رووداو)ی گوت "لە کۆبوونەوەکەدا مەلا بەختیار پێشنیازی کرد لەگەڵ گۆڕان ببینەوە بە یەک حیزب". سەبارەت بە هەڵوێستی ئەندامانی سەرکردایەتی بۆ ئەو پێشنیازەی مەلا بەختیار، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی یەکێتی گوتی "ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە یەکگرتنەوەیان لەگەڵ گۆڕان بەلاوە باش بوو".

سیروان کوێخا نەجم ساڵێک پێش ئێستاش لەگەڵ ژمارەیەک سەرکردەی حیزبەکەی هەوڵیان بۆ یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان دا. ئێستاش زیاتر ئەو یەکگرتنەوەیەی پێ باشە و دەڵێت "ئێستاش ئەو یەکگرتنەوەیە بۆ هەردوولا زۆر پێویستە".

بەڵام ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت "یەکگرتنەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام موستەحیلیش نییە و پێویستی بە هەوڵ و گفتوگۆی زیاترە".

ساماڵ وەکو رای خۆیشی گوتی "یەکێتی دوو باڵە و باشتر وایە یەک گوتار بن، ئەوە بۆ یەکگرتنەوەش باشتر دەبێت، وەکو خۆیشمان هەمیشە هەوڵمان داوە ئامرازێکی خێر بین بۆ هەردوو باڵەکە".

لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان رێککەوتننامەیەکی سیاسییان واژوو کرد، بەڵام بەشێکی زۆری هەڵسوڕاوانی گۆڕان گلەییان لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکە هەیە و پێیانوایە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە زۆر خاون.

سیروان کوێخا نەجم گوتی "بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو حیزبەوە هەبێت جێبەجێ کراوە، بەڵام هەندێکی دیکەی جێبەجێ نەکراوە و ئەوەش پێویستی بە هەنگاوی زیاترە".

بەڵام بێستوون فایەق پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە توندی دژی یەکگرتنەوەی بزووتنەوەکەی و یەکێتییە و دەڵێت "لە سەرەتاکانی رێککەوتننامەکەوە دەکرا باسی یەکگرتنەوە بکرێت، بەڵام هیچ خاڵێکی رێککەوتننامەکە جێبەجێ نەکراوە، رێککەوتنێک جێبەجێ نەکرا، چجای یەکگرتنی دوو حیزب! زەمینەی لە باریش بۆ یەکگرتنەوە نییە".

بێستوون فایەق کە ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕانیشە، رەخنەی توندی لە مەلا بەختیار گرت و گوتی "وەکو بیستوومە و بەڕای خۆیشم مەلا بەختیار ئەندازیاری تێکدانی رێککەوتننامەی یەکێتی و گۆڕانە".

گۆڕان ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستانیش یەکگرتنەوەی ئەو دوو هێزەی بەلاوە باشە و بە (رووداو)ی گوت "پێش رێککەوتنەکەش پێم باشبوو ئەو دوو هێزە لە بری رێککەوتن، یەکبگرنەوە، لەبەرئەوەی رێککەوتن چارەسەری کێشەی ئەو دوو هێزە و چارەسەری دۆخی کوردستانیش ناکات و هاوسەنگی هێزیش وەک خۆی لێناکاتەوە، ئێستاش زەمینە بۆ یەکگرتنەوە زیاتر لەبارە، یەکگرتنەوە بۆ حوکمڕانی و دەرکردنی بڕیار ئاسانترە".

ماوەی چوار ساڵی تەواوە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهۆی نەخۆشییەوە ناتوانێت کارەکانی سکرتێر بەڕێوە ببات، بە فەرمیش کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح جێگری تاڵەبانین، بزووتنەوەی گۆڕانیش لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

لە حاڵەتی یەکگرتنەوەیان کەسی یەکەم نابێتە کێشە بۆیان؟ ئەندامەکەی سەرکردایەتیی یەکێتی گوتی "تا مام جەلال لەژیاندا بێت ناوی سکرتێری گشتی بە کەس نادرێت، بەڵام لە حاڵەتی یەکگرتنەوەدا کاک نەوشیروان وەکو مەرجەع دەبێتە کەسی یەکەم".

بەبۆچوونی هەڵسوڕاوەکەی گۆڕانیش، بەو پێیەی نەوشیروان مستەفا لە دامەزرێنەرانی یەکێتی بووە و پێشتریش کەسی دووەم بووە، لە کاتی یەکگرتنەوەدا لەو باوەڕەدا نین یەکێتی لارییان هەبێت لەوەی نەوشیروان مستەفا کەسی یەکەم بێت و گوتی "گفتوگۆکانی ئەو کاتەش مەسەلەکان زیاتر روون دەکەنەوە، کێ دەڵێت کاک نەوشیروانیش ئەو بەرپرسیارێتییە وەردەگرێت".

شرۆڤەکارێکی ڕووسی:

## ئەردۆغان سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ ناکات

ڕووداو- هەولێر

دەنیس گلۆبیەڤ، شرۆڤەکاری ڕووسی لەبارەی هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان ڕایگەیاند "زۆر زەحمەتە ئەردۆغان سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ بکات". دەنیس گلۆبیەڤ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆسەی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵانی نەوەتەکانەوە دەستیپێکردووە، لە دەستووری عێراقیشدا ئۆتۆنۆمی بە کورد دراوە، ئێستا کورد لە عێراقدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوپێش دەچێت و کەس ناتوانێت ڕێگە لە بەرەوپێشچوونی بگرێ". لەبارەی کێشە نێوخۆییەکانی باشووری کوردستان، دەنیس گلۆبیەڤ گوتی "پێویستە ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان شارەکاندا، بەتایبەت لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا هەن، بەخێرایی چارەسەر بکرێن".



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (438) - دووشەممە 2016/12/26

زیندانی فیدراڵیی چەمچەماڵ دادەخرێ

# ترسی ئەوە هەیە گرتووخانەکانی کوردستان ببنە قوتابخانەی پێگەیاندنی تیرۆریست

ڕووداو- هەولێر

دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆژانە چەندین کەس بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیر دەکەن، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی هیومەن ڕایتس ووچ، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 9000 کەس بەم جۆرە تۆمەتانە دەستگیرکراون، زۆربەشیان ڕەوانەی زیندانەکانی هەرێمی کوردستان کراون، چونکە ئاسایش و ئارامیی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاگرتنی ئەمجۆرە بەندکراوانە گونجاوترە.

ئەمە ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە هەواڵێکی خۆش بێت کە لەم ماوەیەدا ئەو ژمارە زۆرەی چەکدار و لایەنگری داعش بەندکراون، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری فۆرین ئەفەیرز، ئەم ژمارە زۆرەی بەندکراوی داعش، گوشارێکی دارایی زۆری لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دروستکردووە، لەوکاتەی هەردوولایان بە دەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنن. سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ پێشڕەوییەکانی سوپای عێراق لە مووسڵ، چاوەڕێ دەکرێ ژمارەی دەستگیرکراوەکان زیاد بکەن.



گیراوێکی داعش لە یەکێک لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان

### خەرجیی داعشە بەندکراوەکان

یەکێک لە کێشە گەورەکان تێچووی ڕاگرتنی داعشە بەندکراوەکانە. بە گوتەی بەڕێوەبەری پێشووی گرتووخانەی ئاسایشی گەرمیان "خەرجیی ڕۆژانەی ڕاگرتنی بەندکراوێکی داعش خۆی لە 250 دۆلار دەدات".

تەنیا خەرجیی خواردنی یەک ڕۆژی داعشێکی بەندکراو 42 دۆلارە، خەرجییەکانی دیکە، دابینکردنی شوێن و چاودێریی تەندروستی و ئەمنیەت دەگرێتەوە. لە نێو هەموو خەرجییەکانیشدا چاودێریی تەندروستی لە هەموویان زیاترە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە چەکدارە بەندراوەکان، بەهۆی برینەکانی لەشیانەوە، جگە لە چاودێریی تەندروستی ئاسایی، پێویستیان بە چارەسەری تایبەت و درێژخایەنیشە.

نموونەیەکی ئەم کێشەیە لە حاڵەتی چەکدارێکی داعشی خەڵکی چیچان دەبینرێ کە هەوڵی خۆتەقاندنەوەکەی شکستی هێنابوو. ئەم چەکدارە ماوەی یەک مانگ لە نەخۆشخانە ماوەتەوە و سێ مانگیش بەهۆی بەرکەوتنی گوللە و پارچە بۆمب، چارەسەری تایبەتی وەرگرتووە. دوای هەموو ئەم پرۆسەیە، دەزگا ئەمنییەکان توانییان ئەو چەکدارەی داعش ڕەوانەی بەردەم دادگا بکەن.

شوان بورهان کە لە بەشی یاسایی زیندانی معەسکەر سەلامە لە سلێمانی، گوتی "ساڵی ڕابردوو نەمانتوانی بەندکراوەکان بەرینە دادگا، لەبەر ئەوەی پارەی کڕینی بەنزینی ئۆتۆمبێلمان نەبوو".

پڕبوونی زیندانەکان کێشەیەکی دیکەی بۆ بەرپرسانی ئەمنیی کوردستان و عێراق دروستکردووە. گرتووخانەی معەسکەر سەلام بۆ 1000 زیندانی دروستکراوە، بەڵام ئێستا 1200 کەسی تێدایە. گرتووخانەی گەرمیانیش بۆ 50 بەندکراو دروستکراوە، کەچی ئێستا سێ هێندەی توانای خۆی بەندکراوی تێدایە.

بەڕێوەبەری پێشووی گرتووخانەی ئاسایشی گەرمیان دەڵێت "چەندین جار داوای هاوکاریمان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە، بەڵام تەنیا خاچی سوور، ئەویش تەنیا یەکجار، هاوکاریی مرۆیی بۆ ناردووین کە فلچەی ددان و بیجامە بوو".

حکومەتی عێراق بەهۆی قەیرانی داراییەوە بڕیاری داوە ژمارەیەک لە گرتووخانەکان دابخات، چاوەڕێ دەکرێ ئەمەش گوشاری سەر زیندانەکانی دیکە زیاتر بکات، یەکێک لەو زیندانانەش کە ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە، زیندانی چەمچەماڵە کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ دابخرێت و بەندکراوەکانی ناوی بۆ گرتووخانەی ناسرییە لە باشووری عێراق بگوازرێنەوە. هەتا ئێستاش دیار نییە ئاخۆ زیندانی ناسریە دەتوانێ هەموو بەندکراوەکان لەخۆ بگرێت، لە کاتێکدا بەهۆی ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە ژمارەی دەستگیرکراوەکانی داعش بە خێرایی بەرز دەبێتەوە.

زۆربوونی ژمارەی چەکدارە بەندکراوەکانی داعش تەنیا گوشاری لەسەر زیندانەکان دروست نەکردووە، بەڵکو بەرۆکی سیستەمی دادوەریشی گرتووە. بەهۆی قەیرانی داراییەوە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئاسایی دەوام ناکەن. بەرپرسەکەی پێشووی گرتووخانەی ئاسایش بە فۆرین ئەفەیرزی گوت "بەندکراوێکمان بردە دادگا، بەڵام هیچ کەس دەوامی نەدەکرد، بۆیە دەبووایە بیهێنینەوە زیندان و دوای مانگێک چاوەڕوانی ئینجا توانی دادوەر ببینێ".

چەکدارە بیانییەکانیش کێشەیەکی دیکەیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دروست کردووە. وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن هاووڵاتییە داعشەکانی خۆیان وەربگرنەوە، بەڵام وڵاتانێکی وەکوو ڕووسیا و تاجیکستان چەکدارە ڕووسی و تاجیکەکان وەرناگرنەوە، ئەمەش کێشەی دۆزینەوەی وەرگێڕ بۆ دادگاکان دروست دەکات. بە گوتەی بەرپرسەکەی ئاسایش "دۆزینەوەی وەرگێڕێک بۆ چەکدارە چیچانییەکە چەندین ڕۆژ وەختی برد. ڕاستە ئەو چەکدارە لەنێو داعشدا بەشی ئەوەندە فێری عەرەبی بووە کە لە زمانی پاسەوانەکانی زیندان تێبگات، بەڵام لە دادگا پێویستمان بە وەرگێڕێکی بێلایەن هەیە، بۆ ئەوەی هەموو قسەکانی نێو دادگا وەربگێڕێتە سەر زمانی تۆمەتبارەکە".

پرسێکی دیکە کە دەکرێ لە داهاتووشدا کێشە بۆ عێراق و کوردستان دروستبکات بۆ جۆری حوکمەکان لە دژی چەکداران و لایەنگرانی داعش دەگەڕێتەوە. بە گوتەی شوان بورهان بڕیاری دادگا لە دژی داعشە بەندکراوەکان دەکرێ لە پێنج ساڵەوە هەتا بڕیاری لەسێدارەدان لەخۆبگرێت. لایەنگری لە داعش و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئەم ڕێکخراوە دەکرێ بڕیاری پێنج ساڵ زیندانی بۆ دەربچێت، بەڵام ئەو کەسەی بەشداری لە کوشتارەکانی داعشدا کردبێ حوکمەکەی هەتا لەسێدارەدانیش دەچێت. بەم حاڵەشەوە ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارانەی حکومەتی عێراق بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکردوون، لە کوردستان حوکمەکەیان بۆ زیندانیکردنی هەتا هەتایی کەم کراوەتەوە.

یەکێک لە نیگەرانییەکانی بەرپرسانی ئەمنی کوردستان و عێراق ئەوەیە زیندانەکان ببنەوە بە بنکەی پەیوەندی و دروستکردنی تۆڕی چەکدارانی گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان، وەک چۆن بەشی زۆری چەکدار و سەرکردەکانی قاعیدە و دواتریش داعش لە زیندانی بوکا بە یەکدی ئاشنا ببوون و پلانی دوای ئازادبوونیان دارشتبوو، ئەمە جگە لەوەی زیندانی بوکا ببوو بە بنکەی کۆکردنەوەی لایەنگر و ئەندامی نوێی ئەلقاعیدە.

بە گوتەی بەرپرسانی ئاسایش، لە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگا چاودێری سەر داعشە بەندکراوەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەو چەکدارانەی لەسەر کەیسی تیرۆر دەستگیرکراون پێکەوە لە یەک بەش ڕادەگیرێن، بەڵام دەرفەتی یەکدی بینین و قسەکردنیان لەگەڵ ئەو بەندکراوانەش هەیە کە لەسەر کەیسی دیکە دەستگیرکراون. لەم بارەیەوە شوان بورهان گوتی "هەموو بەندکراوەکانی پەیوەندیدار بە کەیسی تیرۆر لە یەک بەشی معەسکەر سەلامدان، ئەوان لەو بەشەدا پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی هەیە، بەڵام لە شوێنە گشتییەکانی وەکوو مزگەوت کەسانی دیکەش دەبینن کە لەسەر کەیسی دیکە بەندکراون".

یەکێک لەو بەندکراوانەی ماوەی شەش مانگ لە معەسکەر سەلام زیندانی بووە، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاند "سەرسام بووم بە بەندکراوەکانی داعش، حەزم دەکرد لەبارەی ئایینەوە شتیان لێ فێر ببم". ئەمە ڕێک ئەو هەڕەشەیەیە کە بەندکراوە داعشەکان دەتوانن لە داهاتوودا بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستانی دروستبکەن، لەبەر ئەوەی گرتووخانەکان دەشێت ببنە بنکەیەکی ئارام بۆ کۆکردنەوەی ئەندام و پێکهێنانی تۆڕی نهێنی کە لە داهاتوودا مەترسیی هاوشێوەی قاعیدە و داعش بۆ سەر کوردستان و عێراق دروست بکەن.

**بەندکراوێک: سەرسام بووم بە گیراوەکانی داعش، حەزم دەکرد لەبارەی ئایینەوە لێیان فێر بم**

**بەرپرسێکی ئاسایش: خەرجیی ڕۆژانەی هەر گیراوێکی داعش 250 دۆلارە**

شەش بەرپرسی عێراقی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێن

# وەزارەتی کشتوکاڵ گۆشتی ئاژەڵی مردووی بە خەڵک فرۆشتووە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

وا بڕیارە لە سێ مانگی یەکەمی داهاتوودا، وەزیرانی دەرەوە، کشتوکاڵ، بازرگانی، تەندروستی، پەروەردە و سەرۆکی دەستەی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق، بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی ئەنجوومەنی نوێنەران بکرێن.

ئەنجوومەنی نوێنەران دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی 2017، کۆتایی بە دانیشتنەکانی ئەمساڵی هێنا و ئێستا لە پشووی زستانەدان، بەڵام بە گوتەی عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی ئەنجوومەن، ژمارەیەک پەرلەمانتار، دۆسیەیان لەسەر ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوە. سەلمان جومەیلی، وەزیری بازرگانی بەوەکالەت، محەممەد ئیقبال وەزیری پەروەردە، فەلاح حەسەن وەزیری کشتوکاڵ، عەدیلە حەموود وەزیری تەندروستی، سەفائەددین ڕەبیع سەرۆکی دەستەی گواستنەوە و گەیاندن ئامادە کردووە.

لە پەرلەمانی عێراق، لێپرسینەوە لە بەرپرسان بە چەند شێوەیەکە، ناردنی پرسیار بۆی و وەڵامدانەوەی، بانگهێشتکردنی بۆ هۆڵی پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری زارەکیی پەرلەمانتارێک، میوانداریکردنی بۆ هۆڵی پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران، میوانداریکردنی بۆ لیژنەکان، هەروەها بانگهێشتکردنی بۆ لێپرسینەوە.

عادل نووری گوتی "لێپرسینەوە دوا قۆناغە کە پێویستی بە 25 واژووە، ئەگەر بەرپرسەکە توانی باوەڕ بە پەرلەمانتاران بهێنێت ئەوا دەچێتەوە سەر کارەکەی، ئەگەریش وەڵامەکانی باوەڕپێکراو نەبوون، ئیقالە دەکرێت".

عادل نووری، پێشتریش ڕایگەیاند کە لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوە دەکات و دۆسیەکانیشی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە زیاتر پەیوەندی بە ئەدای باڵیۆزەکانەوە هەبووە لە باڵیۆزخانەکان، بەڵام تائێستا ئەو لێپرسینەوەیە نەکراوە. ناوبراو گوتی "بەهۆی سەرقاڵیم بە پرۆژە یاسای بودجە و مەسەلەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانەوە دۆسیەکەم دواخست".

### گرێبەستێکی 40 ملیۆنی بە تەندروستی ڕادەگرن

عادل نووری، باسی دوو گرێبەستی وەزارەتی تەندروستی کرد کە خەریک بووە بڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەوان ڕێگرییان لێکردوون "گرێبەستیان بە نزیکەی 40 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی کەرەستەی برینپێچی بوو، ئەو بڕەش ئێجگار زۆر بوو، بەڵام دوای گوشار و بەدواداچوونمان، گرێبەستەکەیان بۆ 10 ملیۆن کەمکردەوە، ئێمەش پێمان سەیر بوو چۆن خێرا 30 ملیۆن لە گرێبەستێک کەمکرایەوە؟ ئێستاش پرسیارمان ئەوەیە دەبێت لەو 10 ملیۆنەش چەندی دیکە گەندەڵی تێدا بکرێت؟".

بە قسەی ناوبراو، هەر نەخۆشێک لە عێراق بۆ وەرگرتنی چارەسەر بە ئامێری PT SKAN کە ڕەوانەی ئەڵمانیا دەکرێت، نزیکەی 30 هەزار دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت، وەزارەتیش پێی باش بووە هەمان ئامێر بهێننە عێراق، بەڵام بۆ ئەو ئامێرەش گرێبەستیان بە نرخێکی ئێجگار زۆر کردبوو، دواتر ڕێگرییان لێکرد.

لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا لە دوو نەخۆشخانەی منداڵان لە شاری بەغدا بەهۆی ئاگرکەوتنەوە ژمارەیەک منداڵ گیانیان لەدەستدا، بەڵام وەکو عادل نووری دەڵێت، لەسەر ئەو ڕووداوانە، سەرەڕای ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی لە پەرلەمان، بەڵام هیچ لێپرسینەوەیەک نەکرا.

### گۆشتی ڕەشەوڵاخی مردارەوەبوو

گوتەبێژەکەی لیژنەی دەستپاکی دوو دۆسیەی وەزارەتی کشتوکاڵی خستەڕوو کە بە قسەی ئەوان گەندەڵییان تێدا کراوە، یەکێکیان ساڵی ڕابردوو 1600 ڕەشەوڵاخی نەخۆشیان لە دەرەوە هاوردە کردووە و پاشان مردار بوونەتەوە، بەڵام بەو جۆرەش ئاژەڵەکان سەربڕدراون و بەناوی گۆشتی فرێش فرۆشراون.

عادل نووری گوتی "هەر لە وەزارەتی کشتوکاڵ، پەینی کیمیاییان لە قەتەرەوە هێناوە و ئەوەندەی بزانین هەر تۆنێک بە نزیکەی 800 تا 900 دۆلارە کە بایی ملیۆنەها دۆلار بووە، بەڵام هەر ئەو ماددەیە لە عێراق تۆنی بە 360 هەزار دینارە، ئێمەش پرسیارمان ئەوەیە بۆچی لای خۆمان نەیانکڕیوە؟".

### فەرمانبەر بە پارە دادەمەزرێنن

وەزیری پەروەردەش لەلایەن پەرلەمانەوە بەهۆی سێ دۆسیەوە بانگ دەکرێ، یەکێکیان پەیوەندی بە دامەزراندنەوە هەیە. عادل نووری گوتی "لە پەروەردە خەڵک بە پارە دامەزرێنراوە، هەبووە 15 هەزار دۆلاری داوە. دۆسیەیەکم لایە 24 کەسن هەریەکەیان 5000 دۆلاری لێوەرگیراوە، دواییش بەشێوەی ساختە فەرمانی دامەزراندنیان بۆ دەرکردوون".

هەر بەپێی ئەو دۆسیانەی لای لیژنەی دەستپاکییە، وەزارەتی پەروەردە ساڵانە پرۆگرامەکانی خوێندن چاپ دەکاتەوە. عادل نووری گوتی "گەندەڵییەکی دیکەی پەروەردە چاپکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنە، چونکە ناکرێت ساڵانە پرۆگرام بگۆڕدرێت و چاپ بکرێتەوە، لەوەش گەندەڵتر زۆربەی ئەو پەرتووکانە بۆ قوتابخانەکان نەنێردراون و لە بازاڕ فرۆشراونەتەوە".

گوتیشی "تا مانگی ڕابردووش پەرتووک نەگەیشتبووە بەشێک لە قوتابخانەکان، قوتابی لە دەرەوە پەرتووکیان کڕیوە، ئێمەش مانگی ڕابردوو وەزیرمان بانگهێشت کرد، گوتمان بۆچی پەرتووکەکان نەگەیشتوون، بیانووی ئەوە بوو گوایە پارەی گواستنەوەیان نییە".

هەر بەقسەی گوتەبێژەکەی لیژنەی دەستپاکی، دۆسیەیەکی دیکەی وەزارەتی پەروەردە تێکدان و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانە و گوتی "قوتابخانە هەیە بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە تێکیانداوە، بەڵام پارەی بۆ تەرخانکراوە و هەمووشی خوراوە و نۆژەنیش نەکراوەتەوە، لەوەش کارەساتتر میلاکاتیان بۆ داناوە".



## نێچیرڤان بارزانی:

# بەغدا بۆ گفتوگۆ لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان ئامادەیە

کۆنفرانسی (سەربەخۆیی کوردستان لە داهاتوودا.. تەحەدا و دەرفەتەکان) کە ڕۆژانی 15 و 16ی ئەم مانگە لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک بەڕێوەچوو، پلاتفۆرمێک بوو بۆ ئەوەی سەرکردەکانی کورد باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. لەم کۆنفرانسەدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە پرسی سەربەخۆیی کوردستان نەک هەر لەلایەن کورد خۆیەوە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشەوە بخرێتە بەر باس.

ئەمەی خوارەوە، دەقی دیمانەی عەمبەرین زەمان، لێکۆڵەر و ئەکادیمیست لە ناوەندی ودرۆ ویلسن لە واشنتن، ڕۆژنامەنووسی ماڵپەڕی ئەلمۆنیتەرە کە لە دوای کۆنفرانسەکە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سازی دا.



**ئەلمۆنیتەر: لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بەڕێوەدەچێ، زۆر شەڕ و پێکدادانی دیکەش دەشێت سەرهەڵبدەن. لە گوتارەکەی خۆتاندا لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک ئاماژەتان بەوەدا کە وجودی (پەکەکە) لە شنگال خاڵی سەرهەڵدانی کێشەیە و گوتتان دەبێ لە شنگال بڕۆن.**

**نێچیرڤان بارزانی:** ڕوون و ئاشکرایە ئەو کاتەی ئەو ڕووداوە کارەساتبارە بەسەر ئێزدییەکانی شنگال هات، هێزەکانی ڕۆژئاڤا ـ واتە پەیەدە ـ ڕۆڵێکی زۆر بەنرخیان گێڕا لەوەی یارمەتی خەڵکی بدەن و هەتا شوێنی پارێزراو لەگەڵیان بوون. ئێمە پێزانینمان بۆ ئەوە هەیە و سوپاسی ئەو هەنگاوە دەکەین. لەم ڕەوشەی ئێستادا، بوونی هێزەکانی پەکەکە لە شنگال تەنها سەقامگیریی ناوچەکە تێکدەدات و هیچی تر. بوونی پەکەکە لەوێ ڕێگرە لەوەی خەڵک بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئەوان دوودڵن لەوەی بگەڕێنەوە، چونکە دەترسن شەڕ و پێکدادانی نوێ ڕووبدات، نیگەرانن لەوەی چ داهاتوویەکی لێڵ چاوەڕێیان دەکات، واتە ئەوە ئێمە نین (وەک هەندێک لایەن تۆمەتبارمان دەکەن) کە ڕێگە لە گەڕانەوەی ئەوان بۆ سەر ژیان و ماڵ و حاڵی خۆیان دەگرین. ئێمەش وەک ئەو خەڵکە نیگەرانین، بۆیە بە بڕوایەکی تەواوەوە دەڵێین پەکەکە دەبێ شنگال جێبهێڵێت.

**ئەلمۆنیتەر: ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە ئەمریکا لەهەوڵدایە بۆ یەکخستنەوەی میلیشیا ئێزیدییەکانی شنگال، لەوانەش یەکینەکانی بەرگریی شنگال (یەبەشە) کە سەر بە پەکەکەن، لە هەمانکاتدا ئەمریکا هاوڕایە لەگەڵ ئێوە کە پەکەکە دەبێ ئەو ناوچەیە جێبهێڵێت. ئایا لەم ڕووەوە هیچ پێشکەوتنێک بەدیهاتووە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە لەگەڵ بەغدا و ئەمریکاش بۆ ئەم پرسە لە هەوڵداین. گفتوگۆکان، کە تا ئێستاش بەردەوامن، هیچ پێشکەوتنێکیان بەخۆیانەوە نەبینیوە، بە هیچ ڕێوشوێنێکی کرداری نەگەیشتووین بۆ ئەوەی پەکەکە وا لێبکەین هێزەکانی بکشێنێتەوە. کێشەی سەرەکی لە مێنتالیتە و شێوەی هەڵسوکەوتی پەکەکەدایە. خەڵکی ئێزدی ناوچەکە نایانەوێت پەکەکە لەو ناوچانە بمێنێتەوە. خەڵک سەقامگیرییان دەوێت.

**ئەلمۆنیتەر: بەڵام ئەوەش ڕاستییەکە کە ئێزدییەکان کێشەی متمانەیان هەیە و هەست دەکەن پێشمەرگە خیانەتی لێکردوون. ئەوان دەیانەوێ خۆیان لە پاراستنی ئارامیی خۆیان بەرپرسیار بن. هێزی پاراستنی ئێزیدخان کە حەیدەر شەشۆ سەرکردایەتی دەکات، دەڵێت هێزەکانی ئەو ئامادەن بێنە ژێر چەتری پێشمەرگەوە، ئەگەر ئاستێک لە سەربەخۆییان هەبێت و چاوەڕێی ئەوەیان لێنەکرێت بە تەواوەتی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا تێکەڵ بن. بۆ نموونە دەیەوێت هێزەکانی ئەو مافی ئەوەیان هەبێت ئارمی خۆیان بەکاربهێنن و ئاڵای خۆیان هەڵکەن. ئایا لەگەڵ ئەم پێشنیازەدا هاوڕان؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ بە تەواوەتی لەگەڵیدا هاوڕاین. بێ ئەملا و ئەولا. هیچ کێشەمان نییە. ئێمە پێمانگوتوون و خۆیان ئەمە دەزانن. بە هەموو گرووپەکانی دیکەشمان گوتووە کە ئەوانیش دەتوانن هەمان شت بکەن. حاڵی حازر لەگەڵ هەموو گرووپە چەکدارەکانی ئەو ناوچەیە لە گفتوگۆداین، بۆ ئەوەی بێنە ژێر چەتری یاسایی وەزارەتی پێشمەرگەوە. ئەوان ئاستێک لە سەربەخۆیی خۆیان دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا فەرمان لە وەزارەتی پێشمەرگە وەردەگرن و هەماهەنگییان لەگەڵ دەکەن. ئێستا خەریکی تاوتوێکردنی هەموو ئەم پرسانەین. ئامانجمان دەبێ ئەوە بێت کە بەپێی پێویست هێزی خۆجێیی ئێزدی هەبێت بۆ ئەوەی ئاسایشی خەڵکەکەی خۆیان دابین بکەن و پارێزگاری لە ناوچەکەی خۆیان بکەن.

**ئەلمۆنیتەر: بەڵام کۆمەڵێک ئەکتەری دیکەش لەم کێشەیەدا هەن، بۆ نموونە بەغدا. دەگوترێ ئەوان پشتگیری لە پەکەکە و یەبەشە دەکەن چونکە ئەوان ئەم دوو هێزە وەکوو کارتی هێز لە دژی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبینن. بەڵام ڕاپۆرتیش هەیە باسی ئەوە دەکات کە بەغدا مووچەی یەبەشەی بڕیوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئەمریکا گوشاری خستە سەریان بۆ ئەوەی مووچەکە ببڕن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** گفتوگۆی ئێمە و بەغدا بەردەوامە. هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی جیدییان نەناوە کە یارمەتیدەر بێت لە پاشەکشەی هێزەکانی پەکەکە لەو ناوچەیە. ئینجا وەکوو خۆم ناتوانم ئەمە پشتڕاست بکەمەوە کە بەغدا مووچەی یەبەشەی بڕیوە، هەرچەندە پێیان ڕاگەیاندووین کە ئەمەیان کردووە. ئەگەر کێشەکان بگەنە شوێنێکی هەستیار و ئەنقەرە و بەغدا و ئەکتەرەکانی دیکەش بێنە نێو مەسەلەکەوە، ئێمەش، وەکوو حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەکتەرێکین و کارتی خۆمان هەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بە ڕای من لە بەرژەوەندیی هیچ لایەک نییە بگەینە ئەو خاڵە.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا دەتەوێ بڵێی بۆ دەرکردنی پەکەکە لە شنگال دەست بۆ هێزی سەربازی دەبەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ.

## بۆ دەرکردنی پەکەکە لە شنگال دەست بۆ هێزی سەربازیش دەبەین

## بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی دەبێ پەکەکە بە ستراتیژی خۆیدا بچێتەوە

**ئەلمۆنیتەر: وادیارە مەسەلەی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئەجێندای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت. نەخشەڕێی سەربەخۆییتان چییە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** کاتێک پرسی سەربەخۆیی دەهێنینە پێشەوە، مەبەستمانە چارەسەرێک بۆ کێشەیەکی هەڵواسراو بدۆزینەوە، نەک ئەوەی ناسەقامگیری دروستبکەین. بە پێچەوانەوە، ئێمە بڕوامان وایە سەربەخۆیی کوردستان لە سەقامگیری ناوچەکەدا ڕۆڵی دەبێت و بەرەوپێشی دەبات. ناتوانین چیدی بەو مۆدێلەی هەتا ئێستا هەبووە لەگەڵ بەغدا بەردەوام بین. پرسی کورد لە عێراق پرسێکی کۆنە.

کوردەکانی عێراق لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا تێکەڵ نەبوون. من یەکەم کەس بووم کە پرسی سەربەخۆییم بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ بەغدا هێنایە بەرباس. ئەم پرسەم لەگەڵ سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی و هاوپەیمانێتی شیعەی عێراق هێنایە بەرباس. من دیالۆگی زۆر جیدی لەگەڵ بەغدا بە نەخشەڕێیەک دەزانم. ئەمە گرنگترین هەنگاوە. بۆ ئەوەی مەسەلەکە ڕوونتر بێتەوە دەڵێم، ئەگەر بەبێ ڕاوێژ و هیچ دیالۆگێک لەگەڵ بەغدا سەربەخۆیی ڕابگەیەنین، ئەوە سەربەخۆییەکەمان لەڕووی پراکتیکییەوە مومکین نییە.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا دەتەوێت بڵێی ڕەزامەندی بەغدا لەسەر سەربەخۆیی کوردستان شتێکی زەرورییە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** سەیرکە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە یەکەم دیالۆگی فەرمیمان بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ بەغدا بێت، دەبێ دانیشتنی فەرمیمان لەگەڵ بەغدا هەبێت و ئەم تابووە بشکێنین و باسی بکەین.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا ئامادەیی ئەوەیان هەیە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ ئامادەن. بە عەبادیم گوت، بە هاوپەیمانێتی شیعەم گوت، دواجار ئامانجی ئێمە سەربەخۆییە و ئێوەش دەبێ زۆر بە جیدی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن. هەردوو لایەن دەیانگوت تووشی شۆک بوون بەوەی من پێمگوتوون، بەڵام پێزانینیشیان هەبوو کە من ڕاشکاوانە قسەم لەگەڵیان دەکرد. دەیانگوت ئەوە یەکەمجارە گوێیان لێبێت کە پرسی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی فەرمی باسی دەکرێت. پێیانم گوت کە لە ڕابردوودا ئەم پرسە لە ڕێگەی میدیاکانەوە دەگوازرایەوە، بەڵام ئێستا من بە فەرمی پێتان ڕادەگەیەنم کە ئامانجی ئێمە سەربەخۆییە و دەبێ کومیتەیەک پێکبهێنین ئەم پرسە تاوتوێ بکەن.

**ئەلمۆنیتەر: ئەمە بەوردی کەی بوو؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** لە کۆتایی مانگی ئاب، واتە بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ. دوای سەردانەکەی من، سەرۆک مەسعود بارزانیش سەردانی بەغدای کرد. گرنگترین هەنگاو ئەوەیە ئەم دیالۆگە لەگەڵ بەغدا دەست پێبکات.

**ئەلمۆنیتەر: بەڵام ئایا هەموو ڕێککەوتنەکانی ئێوە لەگەڵ بەغدا بە تراژیدی کۆتایی نەهاتووە؟ ئایا ئەمە ڕاستییەک نییە کە عەبادی پێویستی بە کوردە بۆ ئەوەی خۆی لە ڕکابەرە نێوخۆییەکان (واتە شیعەکان) بپارێزێت؟ ڕەنگە ئەمە زیاتر بەرژەوەندی کورتمەودای ئەوی تێدا بێت. ئایا دەتەوێ بڵێی ئەمجارەیان کۆمەڵێک دینامیکی نوێ هەیە کە وات لێدەکەن متمانەیەکی زیاترت هەبێت؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بێگومان دینامیکەکانی ئەمجارە جیاوازن. بەڵام ئەوەی بەڕاستی گرنگە سەقامگیرییە، ئینجا ئەگەر ئەوان بەڕاستی سەقامگیرییان دەوێت، ئەمە (سەربەخۆیی کوردستان) تاکە ڕێگەیە. من بەوانم گوت: جەنابی سەرۆک وەزیران، سەیری مێژوو بکە، لە 1970 سەدام حوسێن ڕێککەوتنێکی لەگەڵ باپیری من، واتە مەلا مەستەفا بارزانی، واژۆ کرد. لە 1974 کاتێک سەدام هەستی کرد بەهێز بووە، لە ڕێککەوتنەکە پاشگەز بووەوە، ئینجا ناچار بوو نیوەی شەتولعەرەب بە ئێران بدات بۆ ئەوەی ئێران ڕازی بکات واز لە پشتگیریی کورد بهێنێت. کاتێکیش سەدام ویستی شەتولعەرەب وەربگرێتەوە، تووشی جەنگێکی هەشت ساڵە بوو، لە ئاکامیشدا حکومەتەکەی مایەپووچ دەرچوو. بۆیە هێرشی کردە سەر کوەیت و ئینجا خۆت ئەوی دیکەی دەزانیت. ئەگەر عێراق کێشەکانی خۆی لەگەڵ کورد چارەسەر کردبایە، هیچکام لەمانە ڕوویان نەدەدا. جیا لەمە کوردی عێراق زۆر جیاوازن لە کوردی ئێران و تورکیا. ئەوان زۆر لە عەرەبەکان دابڕاون. هیچکات لەناویاندا نەتواونەتەوە. لەڕووی جوگرافیشەوە یەکانگیرن. ئەگەریش لەوە دەترسن کوردستانێکی سەربەخۆ ببێت بە خاڵی ڕاکێشانی کوردی پارچەکانی دیکە، سەیری کوردی تورکیا بکەن. کاتێک کوردەکانی تورکیا باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا جێدەهێڵن، دەچن بۆ ئیستەنبوڵ، ئیزمیر و مەرسین، واتە نایەن لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ ببن. کەوابێت ئەوە بۆچوونێکی ڕاست نییە کە دەڵێ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران و تورکیا دەبێ ئەزموونی کوردی عێراق کۆپی بکەن.

**ئەلمۆنیتەر: با بێینەوە سەر عێراق. وەک ئاشکرایە ئەوان ئامادەییان نییە لەگەڵ ئێوە شەڕ بکەن و خۆشیان ئەمەیان گوتووە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەوان ئامادەیی ئەوەیان نییە. ئێستا نییانە. بەڵام ئەگەر ئامادەییەکەشیان هەبێت، ئەمە هیچ چارەسەر ناکات.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا پێتوایە ئەو هاوکارییەی سەبارەت بە مووسڵ لە نێوان ئێوە و بەغدا هاتووەتە ئاراوە خەریکە جۆرێک لە نیازپاکی دروستدەکات و ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئەوەی وەک مەسروور بارزانی دەڵێت "جیابوونەوەیەکی ئاشتیانە" ڕووبدات؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە لە مووسڵ دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە. شکاندنی داعش ئەولەویەتی ئێمەیە، جا هەرچی بێت گرنگ نییە. ئەم دوو پرسە (واتە جەنگی داعش و سەربەخۆیی کوردستان) دوو پرسی جیان.

**ئەلمۆنیتەر: لەم نێوانەدا عەرەبە سوننەکان لە کوێی کێشەکاندان؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** کۆمەڵگەی سوننی خۆیان دەبێ بڕیار بدەن کە چییان دەوێت، جا ئۆتۆنۆمی هەرێمی یان هەر شێوازێکی دیکە بێت. هەر کاتێک ئەمەیان بۆ ڕوون بووەوە کە چییان دەوێت، شتەکان خۆیان دەکەونە واری جێبەجێبوونەوە. بەڵام کێشەی هەموو لایەنەکان ئەوەیە کە پێناچێت سوننەکان بزانن چییان دەوێت. ئەمە هەستکردنێکە.

**ئەلمۆنیتەر: بەڵام ئەوان بەشێک لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نابن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** نەخێر.

**ئەلمۆنیتەر: بەڵام پێدەچێت هەندێک لە کوردەکانیش نەزانن چییان دەوێت. ئێوە لەنێو خۆتان ناکۆکیی زەق و درزێخایەنتان هەیە، یەکێک لە ناکۆکییەکانیش پەیوەندی بە سەربەخۆییەوە هەیە، بە تایبەتیش لەڕووی کاتی سەربەخۆییەکەوە. چۆن ئەم ناکۆکییانە چارەسەر دەکەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** چاوەڕێ ناکەم هیچ کەس یان حیزبێک دژی سەربەخۆیی بوەستێتەوە. هاودەنگییەکی هەمەلایەنە لەسەر ئەم پرسە هەیە. ئەم پرسە لەسەرووی حیزبەکان، سیاسەت و ئەم سەرکردە و ئەو سەرکردەوەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هیچ وڵاتێک لە جیهاندا نییە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی نابێت و تووشی کێشە نەبووبێت. ئێمە جیاوازی و ناکۆکییەکانمان چارەسەر دەکەین. سەیر بکە، دوو ساڵ لەمەوبەر گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕوومان بووەوە داعش بوو، واتە کێشەکە ئەوە نەبوو کام مادە لە پەرلەمان چی دەڵێت. داعش 30 کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوور بوو. ئەولەویەتی ئەوکاتی ئێمە جەنگی دژی داعش بوو. ئێستاش ڕەوشەکە خەریکە وردە وردە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئێمە لەو جەنگەدا 1600 پێشمەرگەمان لەدەستداوە. 9000 پاڵەوانی ئێمە بریندار بوون. بەڵام ئێستا بە هاوکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش ئەمریکییەکان هەموو ناوچەکانی خۆمان کۆنترۆڵ کردووەتەوە. بۆیەش پێموایە ئێستا کاتی خۆیەتی باسی سەربەخۆیی بکەین، دەستیشمان پێکردووە. ئێمە شاندی خۆمان ناردووەتە لای یەکێتیی نیشتمانی و گۆڕان. ئێمە ناکۆکییەکانمان چارەسەر دەکەین. بەڵام بەر لە هەموو شتێک هەموو حیزبێک دەبێ ڕوانگە و داواکاریی خۆی بەڕوونی بخاتەڕوو. جیا لەمە، نابێ بە چاوێکی بچووکەوە سەیری ئەوە بکەین کە ئێستا پێی گەیشتووین. ئێمە پێکەوە حوکمڕانیمان کردووە و ئەمەش ئەو شتەیە کە شتی لەسەر بینا دەکەین.

## سالی داهاتوو پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ تورکیا باس دەکەین

## سوننە بەشێک نابن لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

**ئەلمۆنیتەر: بەڵام هەم یەکێتیی و هەمیش گۆڕان دەترسن لەوەی سەربەخۆیی "بارزانیستان"ی لێبکەوێتەوە نەک کوردستان.**

**نێچیرڤان بارزانی:** تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە کە پێیوایە بارزانییەکان، واتە پارتی، هەموو شتەکانیان کۆنترۆڵ کردووە. ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە. کاتێک مام جەلال لە ساحەکە بوو، ئەمە هیچکات کێشە نەبوو. دەرچوونی مام جەلال لە ساحە سیاسییەکە بۆشاییەکی گەورەی دروستکرد. لە قۆناغێکدا ئێمە پێمانوابوو دەتوانین لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ڕێکبکەوین و ئەویش لە ئەستۆی ئەو کارە دێت و دەتوانێ بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە. بەڵام بەڕاستی نائومێد بووین. نە لە یەکێتی و نە لە گۆڕان هیچ کەس خاوەنی ئەو کاریزما و پێگەیە نییە. ئەمە جگە لەوەی ئەوان هەموویان ململانێی یەکدی دەکەن. هەر بۆیە ئەوان ئێمە وەکوو لایەنێکی زەبەلاح دەبینن.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا بۆ سەربەخۆیی پرس بە تورکیاش دەکەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ڕەنگە ئەوان بەو شێوازە پرسیان پێنەکرێت کە خۆیان حەز دەکەن پرسیان پێبکرێت. بەڵام دواجار تورکیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دەبێ لەسەر پرسی سەربەخۆیی دیالۆگیان لەگەڵ بکەین.

## 75 %ی مووچەکەم بڕدراوە

## لەگەڵ داخوازیی هێزەکەی حەیدەر شەشۆ بە تەواوەتی هاوڕاین و هیچ کێشەمان نییە

**ئەلمۆنیتەر: ئایا ئەمە دەستی پێکردووە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بە شێوەیەکی فەرمی دەستی پێنەکردووە.

**ئەلمۆنیتەر: لە پلانتاندایە بەشێوەی فەرمی دەستی پێبکەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ.

**ئەلمۆنیتەر: ئەمە دەکەوێتە خشتەی بەرنامەکانی ساڵی 2017ی ئێوە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ، بێگومان ئەم پرسەیان لەگەڵ باس دەکەین.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا پێتوایە سەرکردایەتی ئێستای تورکیا پێشوازی لەمجۆرە دیالۆگە بکات؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڕای من ئەوەی گۆڕاوە ئەوەیە کە لە ڕابردوودا ئەم پرسە هێڵی سووری تورکیا بوو، بەڵام ئێستا دەرفەتی ئەوە هەیە کە ئەم دیالۆگە دەست پێبکەین و ئەوانیش هیچ نەبێت گوێمان لێبگرن.

**ئەلمۆنیتەر: ئەوەی کە تورکیا ڕێگەتان پێدەدات ئێوە بە سەربەخۆ لە بەغدا نەوتی خۆتان هەناردە بکەن ئاماژەیەکە بۆ ئەو گۆڕانە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بێگومان ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە. ئەمە لەسەرووی خەیاڵی خۆشمان بوو، لە سەرووی هەموو چاوەڕوانییەکانی ئێمەوە بوو، کە تورکیا ڕێگە بەمە بدات.

**ئەلمۆنیتەر: ئێوە ڕۆڵێکی سەرەکیتان لە دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی ئاشتی تۆرسلۆ هەبوو لە نێوان پەکەکە و تورکیا، ئامادەن دیسان ئەو ڕۆڵە بگێڕن؟**

**نێچیرڤان بارزانی: بێگومان. ئێمە هەموو کات و بە هەر شێوازێک بتوانین ئامادەین بەشداری بکەین لە زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی. بەڵام بەر لە هەموو شتێک پەکەکە دەبێ بە ستراتیژی خۆیدا بچێتەوە. ئەوان دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەم کێشەیە لە ڕێگەی جەنگ و توندوتیژی چارەسەر نابێت. ئەمەش دەبێ ببێت بە بڕیارێکی ستراتیژی، نەک ئەوەی هەر مانۆڕێکی تەکتیکی بێت.**

**ئەلمۆنیتەر: ئایا هاوڕایت کە تورکیاش دەبێ هەمان شت بکات؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ، بەڵام ئەگەر پەکەکە بڕیارێکی ستراتیژی بدات کە لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە واز لە کاری چەکداری بهێنێت، شتەکان زۆر ئاسانتر دەبن. کوشتنی سەرباز و تەقاندنەوەی بۆمب لە ئیستەنبوڵ ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات. بەمە هەردوو لایەنەکە زیانیان بەردەکەوێت. کاتێک ساڵی پار پەکەکە شەڕەکەی هێنایە نێو شارەکانەوە، کێ بەمە زیانی بەرکەوت؟ کورد زۆرترین زیانی بەرکەوت. کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە توندوتیژییەکان بوەستێنێت و ئاگربەست ڕابگەیەنێت، ئەمەش نابێت تەنیا ئاگربەستێکی کاتی بێت.

لە پرۆسەی ئاشتیشدا ئەوەی سەرکردایەتی لایەنی کوردی دانوستاندنەکان دەکات دەبێ عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێت.

**ئەلمۆنیتەر: ئەی ئێران؟ ئایا پێویستە لەگەڵ ئێرانییەکانیش بۆ پرسی سەربەخۆیی دانوستاندن بکەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** میدیای ئێران هەموو هەڵێک بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بڵێن ئێران دژی سەربەخۆیی کوردە، تەنانەت ئەو کاتەش کە سەربەخۆیی لە ئەجێندادا نەبووە. بێگومان پێویستە لەگەڵ ئێرانییەکانیشدا ئەم گفتوگۆیە بکەین، بەڵام پێدەچێ تەنانەت بەر لەوەی لەگەڵیان دانیشین و باسی بکەین، ئەوان بڕیاری خۆیان دابێت کە دژی سەربەخۆیی کورد بن.

**ئەلمۆنیتەر: حیزبە کوردییەکانی ئێران ڕێی گەڕانەوە بۆ ناوچە سنوورییەکانیان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی لە نێوخۆی ئێران چالاکی چەکداری لە دژی ڕژێمی ئێران ئەنجام بدەن، ئایا ئەمە پەیامێک نییە لە ئێوەوە بۆ ئێرانییەکان؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** نەخێر، نەخێر. ئێمە تەواو دژی ئەوەین لە چالاکییە چەکدارییەکاندا ناوچەکانی ئێمە وەکوو پشتی جەبهە لە دژی دراوسێکانمان، لەوانەش ئێران، بەکاربهێنرێن. ئێمە ڕێوشوێنی زۆر جیدیشمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگە لەمە بگرین. بە بۆچوونی من ئەمە کێشەکە لە ئێران چارەسەر ناکات. کۆمیتەیەکی هاوبەشی ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێکهێنراوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە بکات.

**ئەلمۆنیتەر: ئێوە بە قەیرانێکی دارایی گەورەدا تێدەپەڕن، کە بەشی هەرە زۆری کوردستانی عێراقی ئیفلیج کردووە. ئایا ڕەوشەکە هیچ بەرەو باشتر چووە؟ چی دەکەن بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەر لە هەموو شتێک ئێمە بایەخ بە شەفافیەتی کەرتی نەوت دەدەین، بۆ ئەم مەبەستەش دوو کۆمپانیامان بەکرێ گرتووە: دیلۆیت و ئێرنست & جۆنز. ئەوان بە هەموو چالاکییەکانی پیشەسازیی وزەی داهاتوو، ئێستا و ڕابردوودا دەچنەوە. هەر ئێستاش دەستیان بەم کارە کردووە.

**ئەلمۆنیتەر: ئەی ئەو ڕێککەوتنی وزەیەی لەگەڵ تورکیا کردووتانە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمە ڕێگەیان پێنادەین ئەو ڕێککەوتنەی ئێمە لەگەڵ تورکیا ببینن. بەڵام هەموو شتەکانی دیکە چاودێری و وردبینییان بۆ دەکرێت. شەفافییەتێکی تەواومان دەبێت.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا ئەمە ئەو پارانەش دەگرێتەوە کە بۆ هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی تورکیاوە بە بانکی حکومیی هاڵکبانک دەدرێت؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ بێگومان. ئێمە ڕاپۆرتی چاودێری و وردبینی مانگانەمان دەبێت. لە هەمانکاتدا وەزارەتی پلاندانانی ئێمە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە چەندین بوار لەگەڵ بانکی جیهانیدا کاری کردووە، یەکێک لە بوارەکانیش وەرگرتنی هاوکاری بووە. یەکێکی دیکە لە پرۆژە گەورەکانمان چاکسازی لە وەزارەتی داراییە، واتە بودجە، باج و هەموو ئەم شتانە. دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە لە ماوەی یەک ساڵی داهاتوودا ئێمە خاوەنی وەزارەتی داراییەک دەبین کە دامەزراوەیەکی کارا دەبێت.

ئێمە جیهاد ئازوور، وەزیری پێشووی دارایی لوبنانمان هێناوە، کە خۆی سەرکردایەتی ئەمجۆرە چاکسازییانەی لە لوبنان کردووە و لە مانگی ئاداریشدا دەبێتە ئەندام لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو. ئەو بۆ ماوەی یەک ساڵ و نیو لە هەموو ئەم بوارانەدا یارمەتی ئێمەی داوە، کە یەکێک لەو بوارانە ڕاهێنانی ستاف بووە. ئێمە کەسێکمان دەویست خەڵکی ئەم ناوچەیە بێت و لە کولتووری ئێرە تێبگات. بۆ چارەسەری کێشەی پێشمەرگەی وەهمی یان بندیوار، یانیش کەسانی خاوەن دوو یان سێ مووچە سیستەمی بایۆمێتریمان داناوە، بۆ ئەوەی ئەم کارە خراپە نەهێڵین.

**ئەلمۆنیتەر: ئایا لە مووچەت بڕاوە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ، بە ڕێژەی 75%

**ئەلمۆنیتەر: وەک دوا پرسیارم، پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی نوێی واشنتن لە ژێر سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ چۆن دەبینیت؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڕای من ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا مامەڵەیەکی دۆستانە لەگەڵ کورد دەکات. سەرکەوتنی ترەمپیش لای من شتێکی سەیر نەبوو. دوو مانگ لەوەبەر بە هاوکارەکانم گوت بزانن، ئەو سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا دەبێت. قسەکەشم ڕاست دەرچوو.

کوردستانی رووداو
ژمارە ( 438 ) – دووشەممە 2016/12/26



## مەلایەکی کورد دووردەخرێتەوە

روودا‌و– ورمێ

دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئاینی لە شاری تەورێز، مەلایەکی کوردی دانیشتووی ورمێی دادگایی کرد و سزای بەندکردن و دوورخستنەوەی بۆ دەرکرد. ئەو مەلا کوردە کە ناوی مەلا رەزا عابدییە، رۆژی چوار شەممەی رابردوو لە دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئاینی دادگایی کرا، دادەوری دادگا سزای شەش مانگ بەندکردن و دوو ساڵ دوورخستنەوەی لە ورمێ بۆ دەرکرد. ئەو دادگایانەیەی مامۆستایانی ئاینی تێدا دادگای دەکرێن، لە ژێر چاودێری راستەخۆی عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە و بەرپرسی سزادانی قەزایی ئەو مامۆستایانەیە کە رەخنەگر یان دژبەری ئێرانن.

# حکومەتی سووریا داوای "ئەمانەت"ەکەی لە پەیەدە دەکاتەوە

دڵخواز بەهلەوی و براندۆست ئازیزی
رووداو– هەولێر

بەرپرسـێکی پایەبەرزی سـەربازیی سوپای سـووریا داوای کرد پارتی یەکێتیـی دیموکرات (پەیەدە) ئەو ئەمانەتەیان تەسـلیم بکاتەوە کە پێشـتر پێیاندابوون، مەبەسـتی ئەو بەرپرسـە سـەربازییە رادەسـتکردنەوەی ناوچەکانـی ژێردەستی یەکینەکانی پاراستنی گەلە بە سوپای سووریا.

دوای کۆنترۆڵکردنـی شـاری حەلەب لەلایەن سوپای سووریاوە، ئێستا هەڵوێستی حکومەتی سـووریا بە تەواوی گۆڕاوە، جگـە لەوەی ئەمە بە سـەرکەوتنێکی مێژوویی وەسـف دەکات، بە سەرەتایەکیشـی دەزانـێ بـۆ یەکلاکردنـەوەی قەیرانی سووریا.

عەمیـد هەیسـەم حەسـون، یەکێـک لـە ئەفسـەرانی سـوپای سـووریا کە لە کۆشـکی کۆمـاری نزیکـە بـە (رووداو)ی راگەیانـد، لـە سـەرەتای قەیرانی سـووریادا لـە چوارچێوەی پلانی دەوڵەت بۆ دروستکردنی لیژنە میللییەکان بـۆ رووبەڕووبونـەوەی تیرۆر لە سەرتاسـەری سـووریا، لە پارێزگای حەسـەکە لیژنەی میللی دروسـتکرا کـە ئەرکیان پاراسـتنی ناوچەکانی خۆیان بوو.

ئەو ئەفسەرە هەروەها گوتی، مەبەستی ئەوان لە پێکهێنانی ئەو هێزانە لە حەسـەکە ئەوە بوو کە نەهێڵن تورکیا داخڵی سنووری سوریا ببێ، لە هەمانکاتیشدا رووبەڕووی گرووپە چەکدارەکانیش ببنەوە، بۆیە لە کۆتایی ساڵی 2011 و سەرەتای 2012 خـۆی سەرپەرشـتی ناردنـی کاروانێکی چەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پەیەدە کردووە.

عەمید هەیسەم گوتی "ئێستا ساڵح موسلیم دەیـەوێ چاکەی ئێمە لە بیـری خۆی بباتەوە، جگە لە لێدوانی سەرۆک ئەسەد و وەزیری دەرەوە لەبارەی پێشکەشـکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ یەپەگە کە ئەو کاتە لیژنە میللییەکان بوون، بە دەستی خۆم چەک و تەقەمەنیم بۆ ناردوون".

### بەرپرسێکی سەربازیی سوپای سووریا:
### بە دەستی خۆم چەک و تەقەمەنیم بۆ یەپەگە ناردووە

ماوەیەکی زۆر هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی سـووریا و پەیەدە بێ کێشـە بـوو. بەڵام پاش هێرشـی داعـش بۆ سـەر کۆبانـی، پەیوەندیی سـەربازی لەنێـوان یەپەگە و ئەمریـکا دامەزرا و ئەمـەش نارەزایەتـی حکومەتـی سـووریای لێکەوتەوە. بەرپرسـانی سـووری چەند جارێک نیگەرانیـی خۆیـان بـە بەرپرسـانی پەیـەدە راگەیاندووە و داوایان لێکردوون پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بپچڕێنن.

عەمید هەیسـەم حەسـون دەڵێت "لەوەتای پەیـەدە بووەتـە بەکرێگیـراوی ئەمریـکا و لە هەندێک شەڕ بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئەمریکا بەکاردەهێنرێ، حکومەت هەسـتی بە نامەردیی پەیـەدە کـردووە کە دەیەوێ غـەدر لە دەوڵەت بکات و لەسـەر حیسابی دەوڵەت نفووزی خۆی بەهێز بکات".

بە گوتەی ئەو ئەفسـەرەی سوپای سووریا، جارێ حکومەتی سـووریا هیـچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر پەیەدە نابێ، چونکە ئێسـتا بە شەڕی ئۆپۆزیسـیۆنەوە سـەرقاڵە، بـەڵام دەڵێت "لە کۆتاییدا پەیەدە بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی دەبێت بگەڕێنەوە ژێر رکێفی دەوڵەت". گوتیشی "ئەوان پێشـتر بە رێککەوتـن لەگەڵ حکومەتی سـووریا لە چەند ناوچەیەک جێگیرکراون، بەڵام ئەوان ئیسـتیغلالی ئەو بۆشاییەیان لە باکووری سووریا کرد کە بەهۆی شەڕی دەوڵەتەوە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان دروستبوو.

### گەڕانەوە بۆ رۆژئاوای کوردستان

دوای گواستنەوەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن و هاووڵاتیانی سـڤیل لە حەلەب، ئێسـتا دەنگۆی گەڕانەوەی رژێمی سووریا بۆ رۆژئاوای کوردستان گەرمە کە پەیەدە سێ کانتۆنی تێدا راگەیاندووە و لەلایـەن ئەنجوومەنێـک بەنـاوی تەڤگـەری دیموکراتی (تەڤدەم) بەڕێوەدەبرێ.

عەمیـد هەیسـەم حەسـوون کە بـە گوتەی خۆی ئاگای لـە پلانەکانی داهاتووی حکومەتی سـووریایە، دەڵێـت "ئەو ناوچانە بـە ئەمانەت لـەلای پەیەدە بوون، ئێسـتا دەوڵـەت دەیەوێ ئەو ئەمانەتە وەربگرێتـەوە، ئەرکی ئەوان وەکو رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریسـتان کۆتایی هات". بـەڵام کاتی گەڕانەوەی رژێمی بـۆ ئەو ناوچانە ئاشکرا نەکرد.

ئێستا هەموو شاری حەلەب جگە لە گەڕەکی شـێخ مەقسود و شـەش گەڕەکی دیکە، لە ژێر دەسـتی حکومەتی سووریادان. سـەبارەت بەو ناوچانەی لە حەلەب لەژێر کۆنترۆڵی یەپەگەدان. عەمیـد هەیسـەم حەسـون دەڵـێ "یەپەگە لە حەلەب دەیەوێت بۆ دەوڵەتی سـووریا پێشـان بـدات کە ئەوان وەفادار بوون و لەگەڵ سـوپای سـووریا شـەڕی گرووپە چەکدارەکانی کردووە، بـەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنـێ ئەو گەڕەکانە لەژێر دەستی ئەوان بمێنن. بۆیە داوای لێکراوە یەکسەر بێنە پـاڵ دەوڵـەت و دەزگاکانـی دەوڵەت لەو گەڕەکانە چالاک بکرێنەوە".



(فۆتۆ: AFP)

هەتاوەکو ئێسـتا پەیەدە هیچ هەڵوێستێکی لەبارەی هۆشـدارییەکانی بەرپرسـانی دەوڵەتی سـووریا بـۆ چۆڵکردنـی گەڕەکەکانـی حەلەب و ناوچەکانـی دیکـەی رۆژئـاوای کوردسـتان دەرنەبڕیـوە، بـەڵام بەپێی ئـەو دیمەنانەی ئەو ناوچانەی یەپەگەی لێیە لە حەلەب، ئاڵای یەپەگە و سـووریا هەڵدراون و سەربازانی سووریاش لەو گەڕەکانە دەبینرێن.

ئێسـتا رووسـیا بووەتـە نێوەنـدکار لـە نێـوان پەیـەدە و حکومەتـی سـووریا، بـەڵام حکومەتی سـووریا رەتیدەکاتەوە کانتۆن، یان بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە رۆژئاوای کوردستان ئاوا بکرێ، ئەفسەرەکەی سوپای سووریا دەڵێت "ئێسـتا حکومەتی سـووریا لە هەمـوو کاتێک بەهێزترە، لەسـەر حسـابی سـەروەریی وڵات، هیچ جۆرە سازشـێک بۆ پەیـەدە ناکات کە لە سـەرەتاوە ئەرکی تەنیـا رێگریکردن لە گرووپە چەکـدارەکان و پاراسـتنی سـنووری باکووری رۆژهەڵاتی سووریا".

### پەیەدە داوای دانیشتن دەکات

هەفتـەی رابردوو، تورکیا، رووسـیا و ئێران رێککەوتنێکی هەشـت خاڵییان پەسـەند کرد. بۆیە دوای ئەم رێککەوتنە بەرپرسـانی پەیەدە بۆ یەکەمجار داوای دانیشتنیان لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا کە ئێستا ژمارەیەک لە سەرکردەکانی لە زیندانەکانی ئەو حیزبەدان.

## ژنانی کورد
# لە گرتووخانەکانی ئێراندا چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیارن



رووداو– هەولێر

ئاژانسـی راگەیاندنـی کوردسـتان (کوردپا) لـە راپۆرتێکدا دوایین زانیاری لەسـەر رەوشـی 16 ئافرەتی بەندکراوی سیاسـی لـە رۆژهەڵاتی کوردسـتان بڵاوکردووەتـەوە کـە ژمارەیەکیان سـزای زیاتر لە 10 سـاڵ و تەنانەت بەندکردنی هەتـا هەتاییان بۆ دەرچووە. تۆمەتی سـەرەکی ئەو ئافرەتانـەش هاوکاریی لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

### لە شارە فارسەکان بەندیان دەکەن

زۆر لـەو ژنانـە دوای دادگاییکردنیـان لـە زیندانەکانـی شـارەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتان ناهێڵدرێنەوە، بەڵکو دەگوازرێنەوە بۆ زیندانەکانی شارە فارسنشینەکان.

سوهەیلا مینایی، کە تەمەنی 27 ساڵە، خەڵکی شـاری دیواندەرەیە، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان دەستگیرکراوە. سێ سـاڵ و یەک مانگ زیندان و دوورخسـتنەوەی بۆ زیندانی کرمان بۆ دەرچووە.

ئەفسـانە بایزیدی، تەمەن 28 سـاڵ، خەڵکی شـاری بۆکانـە. لەلایەن ئیتلاعاتـی ئێرانەوە بە تۆمەتی هاوکاریی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان، پروپاگەنـدە لـە دژی نیـزام و سـووکایەتی بـە رێبەری ئێران، لە سـاڵی 2014 دەستگیرکراوە. بایزیدی ماوەی سـێ مانگ لە ئیدارەی ئیتلاعات دەسـتبەر بـووە، 19 رۆژیـش مانی لـە خواردن گرتبوو. ئەفسـانە بایزیـدی بڕیاری چوار سـاڵ بەندکردن و دوورخستنەوە بۆ زیندانی کرمانی بۆ دەرچووە. ئـەم ئافرەتە کوردە یەکەمجاری نییە دەستبەسەر بکرێ، پێشتریش دوو ساڵ حوکمی هەڵپەسێردراوی بۆ دەرچووبوو، ئێستا بایزیدی بە تۆمەتی تێکهەڵچوون لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە، بۆ ژووری تاکەکەسی گوازراوەتەوە.

رۆژین پایا، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شاری ورمێیە، بە تۆمەتی ئەندامێتی لە یەکێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتان دەسـتگیر کـراوە. دادگا بڕیـاری شـەش سـاڵ بەندکردنی بۆ دەرکردووە. پایا سـێ سـاڵ لـە حوکمەکەی لـە زیندانـی ناوەندیی ورمێ بەڕێ کـردووە و بۆ سێ ساڵەکەی دیکەش رەوانەی زیندانی یاسووج کراوە.

هاجـەر پیـری، تەمـەن 33 سـاڵ و خەڵکی نەغەدەیـە. بە تۆمەتی ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبـە کوردییەکان و کارکـردن لە دژی کۆماری ئیسلامی دەسـتگیرکراوە. 17 سـاڵ زینـدان و دوورخسـتنەوە بۆ زیندانی کرمانی بۆ دەرچووە. لە سـاڵی 2007ەوە دەستگیرکراوە، حاڵی حازر لە زیندانی تەورێزە.

### نەیانهێشت ببنە پژاک

یەکێکـی دیکـە لـەو ژنانـەی بـە تۆمەتـی هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیرکراوە، گوڵناز ئاهەنگخۆشە کە خەڵکی گوندی بەردەرەشـی سـەر بە ورمێیـە. تۆمەتی ئاهەنگخۆش ئەوەیە کە ویسـتوویەتی بچێتە نێو ریزەکانی پژاکەوە. ئاهەنگخۆش دۆسیەکەی هێشتا لـە دادگا یـەکلا نەبووەتەوە و لـە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ دەستبەسەرە.

هەروەهـا رازیە حەکیمی، بـە هەمان تۆمەتی ئاهەنگخۆش دەسـتگیرکراوە. حەکیمی لە کاتی دەستبەسەرکردنیدا گوولـەی بەرکەوتووە، بەڵام رەوانەی هیچ نەخۆشخانەیەک نەکراوە و ئێستا لە زیندانی ناوەندیی ورمێیە.

### چارەسەر ناکرێن

زەینەب جەلالیان، تەمەن 34 سـاڵ، خەڵکی ماکۆ. بە تۆمەتی هەوڵی چەکداری لە دژی ئێران و ئەندامبـوون لە پژاک دەسـتگیرکراوە. نزیکەی نۆ سـاڵە دەسـتگیرکراوە و لە زیندانی ناوەندیی "خۆی"یە. بە دەسـت نەخۆشیی خوێنهاتنەوەی ریخۆڵـە و چـاوەوە دەناڵێنـێ. سـاڵی 2016 رێکخراوی ئەمنیستی لە بەیاننامەیەکدا هۆشداری دا کـە جەلالی دەشـێت بینایی لەدەسـت بدات، ئەگەر زوو چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە، بەڵام تا ئێستا رەوانەی نەخۆشخانە نەکراوە.

قەدریـە قـادری، 27 سـاڵ، خەڵکی شـاری وان لـە باکـووری کوردسـتانە. تۆمەتەکـەی ئەندامبـوون لـە پارتـی کرێکارانی کوردسـتان (پەکەکە) و پڕوپاگەندە بۆ ئەو حیزبە و تێکدانی ئاسایشـی نێوخۆیی ئێرانە. حەوت سـاڵ زیندان و دوورخسـتنەوە بـۆ زیندانـی یاسـووجی بـۆ دەرچووە. قەدریە سـەرەتا بـۆ ماوەی دوو مانگ لـە گرتووخانـەی ئیتلاعاتی ورمێ دەستبەسـەر بـووە و ئەشـکەنجە دراوە، دواتـر لـە 2013 بۆ زیندانی یاسووج دوورخراوەتەوە. ئێستاش تووشی هەوکردنی گوێچکە، ژانە سەری قورس و سڕبوونی یەکێک لە دەسـتەکانی بووە، بەڵام رەوانەی هیچ نەخۆشخانەیەک نەکراوە.

ئەسرین ئەمین زادە، تەمەن 24 ساڵ، قوتابی بەشـی ژمێریاری، خەڵکی مەهاباد و دانیشتووی سـنەیە. بـە تۆمەتی هـاوکاری لەگـەڵ حیزبی دیموکراتی کوردسـتان (حدک) دەستگیرکراوە. سێ ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە. ئەسرین ئەمساڵ دەستگیرکراوە و ماوەی سێ مانگیش لە ئیتلاعات دەستبەسەر بووە.

لاوێن کەریمی، تەمەن 26 ساڵ، قوتابی زانکۆ و خەڵکی سەقز. تۆمەتەکەی هاوکاریکردنە لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان. سێ ساڵ زیندانی و دوورخستنەوە بۆ زیندانی مەهابادی بۆ دەرچووە. ساڵی رابردوو دەستگیرکراوە.

پەرەسـتو حاجیـان، خەڵکـی سـەقزە، بە تۆمەتـی ئەندامبـوون لە یەکێک لـە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و پڕوپاگەندە لە دژی ئێران دەستگیرکراوە. هەتا ئێستا هیچ بڕیارێکی دادگای بۆ دەرنەچووە، بەڵام لە زیندانی زەنجانە. پێشتر دوو مانگ لە ئیتلاعاتی سەقز دەستبەسەر بووە.

مەریەم موقەدەسـی، خەڵکـی نەغەدەیە و لە سـاڵی 2011ەوە بـە تۆمەتـی هـاوکاری لەگەڵ یەکێـک لە حیزبە کوردییـەکان و پڕوپاگەندە لە دژی کۆمـاری ئیسـلامی ئێران دەسـتگیرکراوە. بڕیـاری نۆ سـاڵ بەندکردنـی بۆ دەرچـووە. لە زیندانی ئێڤین لە تارانە و نزیکەی شـەش سـاڵە مۆڵەتی پێنەدراوە.

شەهلا محەممەدیانی، تەمەن 27 ساڵ و خەڵکی مەهابادە. ساڵی 2015 بە تۆمەتی ئەندامبوون لە یەکێـک لە حیزبە کوردییـەکان و پڕوپاگەندە لە دژی کۆماری ئیسـلامی دەستگیرکراوە و بڕیاری چوار ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە.

### حوکمەکەی تەواوکرد و ئازاد نەکرا

سـودابە حەسـەن خانی، تەمەن 31 سـاڵ، ئەندازیاری کۆمپیوتەر و خەڵکی حەلەبی سـەر بە شاری بیجارە. بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ وڵاتی بێگانە و پڕوپاگەندە لە دژی ئێران بڕیاری نۆ ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە. حەسەن خانی لە 2004 دەسـتگیرکراوە، نۆ مانـگ لە ئیتلاعاتی بیجـار دەسـتبەر بـووە، دواتریش بـۆ زیندانی کرمـان دووخراوەتـەوە. مـاوەی زیندانییەکەی تەواو بووە، بەڵام ئازاد نەکراوە. هەروەها سافیە سـادقی، 25 ساڵ و خەڵکی شـاری سەلماس، لە سـاڵی 2010ەوە دەسـتگیرکراوە و 15 ساڵ بەندکردنـی بـۆ دەرچووە. سـافیە لـە زیندانی ناوەندیی سنەیە.

### لەسەر کوردستان 80 قامچی خوارد

فەریدە خۆشنام، تەمەن 32 ساڵ، خەڵکی تیکاب و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسـایە. بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و هەوڵ لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستگیرکراوە. 14 ساڵ زیندان و 80 قامچی و دوورخستنەوە بۆ زیندانی کرمانی بۆ دەرچووە. لە سـاڵی 2005ەوە دەستگیرکراوە، بەڵام بۆ ماوەی نزیک پێنج مانگ لە ئیتلاعاتی تکاب دەستبەسەر بووە.

## کێن گرۆس، کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر بۆ (رووداو):

# دوای نەمانی داعش پەرە بە پەیوەندییە ئابوورییەکانمان لەگەڵ کوردستان دەدەین

بۆ کریسمەس لە کوردستان بوو، بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵیش هەر لە کوردستان دەمێنێتەوە، ئەو چانسی هەیە زوو زوو بەرپرسانی کورد ببینێ، بەڵام حەزی لە دەمەتەقێیە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی. کێن گرۆس، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رادیۆی رووداو) باسی پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت دوای نەمانی داعشیش پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا بەردەوام دەبێت و هەوڵ دەدەن پەرە بە پەیوەندیی ئابووری نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا بدەن. سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵیش دەڵێت، رزگارکردنی مووسڵ ناکەوێتە پێش رۆیشتنی ئۆباماوە، بەڵام دەڵێت ئەگەری زۆرە بکەوێتە مانگەکانی سەرەتای دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ.

هەڤپەیڤین: ئەیوب نووری
رووداو - هەولێر



## بەرنامەمان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕی قوتابیی زانکۆ و ئامادەیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان

**رووداو: بەشێوەیەکی گشتی، چالاکییەکانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان لە کام بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە؟**

**کێن گرۆس:** بە دڵنیاییەوە لە چەند ساڵی رابردوودا سەرقاڵی شەڕی داعش بووین. لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە کارمان کردووە و لە دژی داعش هاوکاریمان کردوون. وەک بەشێک لەو هاوکارییە هەوڵمانداوە بە هانای لێقەوماوان و ئاوارەکانەوە بچین و لەڕێگەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە یارمەتییان پێشکەش بکەین. هەوڵیشمانداوە یارمەتیی پرسی ئاشتەوایی نیشتمانی بدەین لەناو هەرێم و حکومەتیش، بەڵام دەبێ ئەوەیش بڵێم کە یەکێک لە سەرەکیترین بەرپرسیارێتییەکانی ئێمە هاووڵاتیانی ئەمریکایە. ئامادەی هەر جۆرە هاوکارییەکی هاووڵاتیانی ئەمریکاین ئەگەر کێشەیەکیان هەبێت یان بەربەستیان بۆ دروست ببێت. بێگومان ئێمە ڤیزا بۆ ئەو خەڵکەش دابین دەکەین کە دەیانەوێت سەردانی ئەمریکا بکەن. هەروەها بەرنامەی جۆراوجۆری دیکە وەک ناردنی گەنجانی کورد بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**رووداو: بەرچاوترین دەستکەوتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە ساڵی رابردوودا چی بووە؟**

**کێن گرۆس:** هەر ئەوەی پێشتر باسم کرد، هاوکاریی نزیکی ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە شەڕی دژ بە داعش. ئێمە لەوەدا هەست بە شانازی دەکەین. لە ئامادەکارییەکان بۆ شەڕی مووسڵ لە نزیکەوە هاوکاریمان کردن و بۆ کێشەی ئاوارەکانیش هاوکارییەکی پتەو لەنێواندا هەبوو. خۆی تۆزێک نائاساییە کە نوێنەرایەتیی ئەمەریکا لە دەرەوە خەریکی هەموو ئەو پرسانە بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستانە و ئێمە بۆ یارمەتی ئامادەین.

**رووداو: هەر سەبارەت بە داعش و قوربانییەکانی. زۆر کەس لەم ناوچەیە پێیانوایە ئەمریکا لە پشت زۆربەی کێچەڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و تەنانەت دەستیشی هەبووە لەدروستکردنی داعش. تۆ دەڵێی چی؟**

**کێن گرۆس:** ئەمە بە هەموو شێوەیەک هەڵەیە. راستیت دەوێت، ئەمریکا رەنگە یەکێک لە سەرکردەکانی هاوپەیمانیی جیهانی بێت لە شەڕی دژ بە داعش. ئێمە هەوڵمان داوە یارمەتیی حکومەتی کوردستان بدەین، ئەوەندەی لە تواناماندا بووبێت، لە رێگەی یارمەتیدانی راستەخۆی هێزەکانی پێشمەرگە، جا چ لەڕووی ماددییەوە بووبێت، یان کەرەستەی سەربازی و مەشق. هەروەک ئاگاداریشیت، ئێمە پاڵپشتیی ئاسمانیی شەڕی دژ بە داعش دەکەین. کەواتە ئێمە زۆر لە نزیکەوە شەڕی داعش دەکەین و بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی نادەین و ئەوەیش رۆڵی ئێمە بووە هەر لە سەرەتاوە.

**رووداو: هەر لەسەر ئەم پرسە با باسی نەوەی گەنجی کورد بکەین کە لەسەردەمی حوکمڕانیی سەددامدا نەبوون و ئێستا بە نەرێنی سەیری ئەمەریکا و رۆڵی ئەمەریکا دەکەن لە مامەڵەیدا لەگەڵ کورد. تۆ چی بەو خەڵکانە دەڵێیت؟**

**کێن گرۆس:** من پێموایە بۆ ئەمەیان پێویستە بۆ مێژوو بگەڕێینەوە. هەر لە 1990ەوە ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دژی سەددام و ئێستایش دژی داعش لە شەڕداین. ئێمە لە ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسوودەیی (provide comfort)دا پارێزگاریمان کرد لە خەڵکی کورد و ناوچەی دژەفڕینمان بە یارمەتیی هاوپەیمانان دامەزراند. ئێمە یارمەتیی زۆر لەو خەڵکانەمان دا کە دوای راکردن لە ترسی سەددام دەیانویست بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و بێگومان یارمەتیی رووخاندنی سەددامامان دا. خۆی راست دەکەیت، ئەمە بەشێکی پێوەندی بە جیاوازیی نەوەکانەوە هەیە. ئەمە لە ئەمەریکایش هەیە و گەنج لەوێش بیر لەوەی کە لە رابردوودا روویداوە ناکەنەوە، بەڵام ئێمە مێژوویەکمان هەیە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەتەکان. ئەوکات دژی سەددام و ئێستاش دژی داعش. کەواتە من پێموایە لەوەیاندا پێشینەیەکی باشمان هەیە. من زۆر لەبارەی کردەوەی سەربازیی قسەم کرد، بەڵام ئێمە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێم چاومان لە زیاترە. چاوەڕێین داعش لەناوبچێت و پەرە بە پێوەندیی ئابووری بدەین، پەرە بە پێوەندی مرۆیی بدەین، بەرنامەی چوون و هاتن لەنێوانماندا پەرە پێبدەین، ئەگەر

بکرێت و بێگومان ئەمە نیشانەی دۆستایەتییەکی باشە.

**رووداو: ئێمە وا بەرەو کریسمس و جەژنەکانی سەری ساڵ دەچین، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە دەیان هەزار کریستیان رایانکردووە و رەنگە ئەم جەژنە لە کەمپی ئاوارەکان یان لە هەرێمی کوردستان بەڕێ بکەن، لەلایەکی دیکەوە کریستیان و خەڵکی دیکەی وەک ئێزدییەکان داوای دامەزراندنی ناوچەیەکی تایبەت بە خۆیان کردووە. هەڵوێستی فەرمیی ئەمەریکا لەسەر ئەم بابەتە چییە؟**

**کێن گرۆس:** ئەمەریکا لەو باوەڕەدایە دەستووری عێراقی دەرفەتی بۆ ئەم جۆرە پرسانە رەخساندووە، بۆ ئەوە پەرلەمان خۆی بڕیار دەدات. هەر بۆیە ئێمە روو دەکەینە حکومەتی عێراق بۆ ئەم جۆرە پرسانە. من وا هەست دەکەم کە بە لانیکەمەوە لە وڵاتەکەی مندا، ئێمە وڵاتی کۆچەرەکانین و رێک بەم شێوەیەیش ساڵانێک لەمەوبەر دەستمان پێکرد. ئێمە بە شێوازی جیاواز لەگەڵ کۆچبەرانی بەشە جیاوازەکانی دونیا مامەڵەمان کردووە. کاتێک گرووپی جیاواز لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە یان دەچنە ناوچەیەکی دیاریکراو، هەمیشە هەندێک پرس سەرهەڵدەدەن، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە پاشخانی ئێمە لە ئەمەریکا دەکرێت وەک نموونەیەکی بچووک سەیر بکرێت، هەم بۆ ئێوە و هەمیش بۆ عێراق، ئەویش ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە بەهۆی ئەو هەموو گرووپە نەتەوەییە جیاوازانەوە بەهێزترە. ئەمە شتێکە کە ئێمە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو ئاوڕمان لێی داوەتەوە و وڵاتێکی سەربەخۆش بووین و هەوڵمانداوە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە بابەتانە بکەین. بێگومان ئێمە هێشتا کار لەسەر ئەم پرسە دەکەین لە وڵاتی خۆمان، بەڵام ئاگایشمان لەو توانا و هێزە هەیە کە لە کۆمەڵگەیەکی فرە و پڕ لە جیاوازییەوە پێمانگەیشتووە. هیوادارم کە ئەمە شتێک بێت لێرەش ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

**رووداو: من هەر جارێک دەچمە پارێزگای نەینەوا، بەداخم کە فرەئایینی و فرە کولتووریی لەم دەڤەرە بەرەو نەمان دەچێت. وەک ئەوە وایە کە گیانلەبەرێکی زۆر دەگمەن بەرەو لەناوچوون بچێت، ئەوەش ناخۆشە.**

**کێن گرۆس:** وایە. ئەوە کۆمەڵگایە کە شتێک لەدەست دەدات. رەنگە سەرەتا هەست بەو لەدەستدانە نەکەی چونکە تۆ پێتوایە لە کێبڕکێدایت، بەڵام لەڕاستیدا ژیان لەناو خەڵک، ئەزموونێکی فێرکەرە و من وا هەست دەکەم زۆر شتم وەرگرتووە لەوەتەی فەرهەنگە جیاوازەکانی دنیام بینیوە. بەو پێیەی کە من ساڵانێک لە دەرەوەی وڵات ژیاوم لێرە و لەوێ. لەو ساڵانەدا من هەوڵمداوە کە دونیا بەس لە روانگەی خۆمەوە نەبینم بەو شێوەیەی کە کاتێک لە ئەمەریکا بووم. بەڵکوو هەوڵمداوە لە چوارچێوەیەکی بچووکتر و رەنگە جیاوازتر سەیری دونیای دەرەوە بکەم. جا بێگومان تۆ ئەو حاڵەتەت لە پارێزگا یان شارێکی فرەنەتەوەدا هەیە کە نەریتی جیاواز و فەرهەنگی جیاوازی هەیە و رێگەی بەشداریی هێشتووەتەوە. من پێموایە ئەوە کۆمەڵگا زۆر بەهێزتر دەکات.

**رووداو: ژمارەیەک لە بەرپرسانی کوردستان، خەڵکی ئاساییش دەڵێن لە پرسی یارمەتیدانی ئاوارەکاندا زیاتر لەوەیان لە ئەمریکا چاوەڕێ دەکرد. چیتان بۆ خەڵکی لێقەوماو کردووە، ئەگەر نموونەیەکت لا بێت، ئایا بەرنامەی دیکەتان هەیە بۆ هاوکاریی مرۆیی زیاتر؟**

**کێن گرۆس:** ئێمە ئەوە بە ئەرکی خۆمان دەزانین. لە 2014ەوە ئەمریکا زیاد لە یەک ملیار و 100 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە. زۆربەی یارمەتییەکانمان لە رێگەی رێکخراوی نێودەوڵەتییەوەیە، جا چ نەتەوە یەکگرتووەکان بێت یان رێکخراوی ناحکومی دیکە. چونکە ئەو گرووپانە ئاسانتر دەتوانن سەیری دۆخەکە بکەن و بڕیار بدەن لە کوێ کۆمەک پێویستە. ئێمە لە نزیکەوە کار لەگەڵ ئەواندا دەکەین و چاودێریشی دەکەین و یارمەتیشیان دەدەین ئەگەر لە تواناماندا بێت. واتە یارمەتییەکی ماددی دیارمان پێشکەش کردووە. بەڵام ئێمە خۆیشمان هەندێک کاری دیکەمان کردووە وەک کەلوپەلی زستانە بۆ ئەوانەی لە کەمپەکاندا دەژین. لەڕاستیدا، قەبارەی خەڵکی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان سەرسوڕهێنەرە، بە داخەوە ئەوە لە هەموو عێراقدا وایە. ئەمە کێشەیەکە کە دەبێ هەموو دونیا بە لایەوە گرنگ بێت و دیارە هەر وایشە. من پێموایە کاتێک سەیر دەکەیت، ئێمە زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیک هەوڵ و هاوکاریی خۆمان بۆ ئەم پرسە خستووەتەگەڕ. دەبێ لەوەدا بەردەوام بین و ئەمە گرنگترین شتە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانین بیکەین، بە تایبەت کە قەبارەی ئاوارەکان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووان یەکجار زۆرە. ئێمە پەسنی حکومەتی هەرێم دەدەین بۆ ئەوەی کە تا ئێستا ئەنجامی داوە لە دابینکردنی پەنا بۆ هەموو ئەو خەڵکەی ئاوارە بوون و ئەوانەی کە لە سووریاشەوە هاتوون. من پێموایە دەبێ هەر وا بەردەوام بین. جا چ بە کۆمەکی ماددی بێت یان هاوکاریی دیکە. دەبێ دوای داعش وا بکەین کە ئاشتەوایی سەربگرێت. دەبێ زەمینەی وا دروست بکەین کە خەڵک بتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئێمە ئەرکی خۆمان لەوەدا نابینین کە هەندێک پارە دابین بکەین و بیدەین بە ئاوارەکان و واز بهێنین. ئەمە ئەرکێکە کە ئەمریکا لێی بەردەوام دەبێت.

**رووداو: پێتوایە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بەر لە کۆتایی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا یەکلابکرێتەوە؟**

**وەڵ کێن گرۆس:** بۆ من قورسە پێشبینی بکەم. من کەسێکی سەربازیی نیم. بەڵام لەوەی کە دەیخوێنمەوە و لێی تێدەگەم، پێموایە پرۆسەکە بە باشی بەڕێو دەچێت، بەڵام ئەمە شەڕێکی زۆر زۆر سەختە. شەڕی ناو شار بە تایبەت کاتێک خەڵکی مەدەنی لێیە کارێکی ئاسان نییە. کەواتە باشترین پێشبینی من ئەوە دەبێت کە بڵێم رزگارکردنی مووسڵ ناکەوێتە پێش رۆیشتنی سەرۆک ئۆباماوە. ئەگەری زۆرە و هیواداریین کە بکەوێتە مانگە سەرەتاییەکانی دەستبەکاربوونی سەرۆک ترەمپ، بەڵام ئەوەی سەرسامی کردووم، چونکە من ئەم هاوینەی رابردوو هاتمە ئێرە و ئاگادارم کە ئامادەکارییەکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکە لەنێوان هەولێر و بەغدا ئاسان نەبوون، بەڵام هاوکاریی نێوان پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی عێراق نموونەیی بووە. سەرۆکی ئێوە باسی کردووە و سەرۆک وەزیرانی عێراقیش بەهەمانشێوە، جا بێگومان خۆشە کە دەبینین هەردوولا لەو ئۆپەراسیۆنەدا بەیەکەوە کاریان کردووە.

**رووداو: هەر جۆرە هاوکارییەک لە نێوان هەولێر و بەغدا لەرابردوودا بە دەگمەن روویداوە. ئایا ئێستا ئەمەریکا ئەو جۆرە هاوکارییە دەبینێت و بە لایەوە گرنگە؟**

**کێن گرۆس:** من پێموایە ئەمە شتێکی باشە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت دەیەوێت لە بارەی داهاتووەوە قسە لەگەڵ بەغدا بکات، هیوادارم ئەو پێوەندییە باشەی کە لەو شەڕەوە پێیگەیشتوون ببێتە هەوێنێک بۆ ئەو کارە. پەیوەندی نێوان سەرۆک بارزانی و سەرۆکوەزیران عەبادی باشە. ئینجا ئێمە بە هیواین ئەگەر یارمەتییەکمان لە دەست دێت پێشکەشی بکەین و بە هیوای ئەوەین کە ئەو گفتوگۆیانە لە داهاتوودا دەست پێ بکەن. ئەوەی پەیوەندی بە شەڕەکەوە هەیە، ئێمە شانازی دەکەین کە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداین. ئێمە هەندێک هێزمان لەسەر زەوی هەیە کە راوێژکار و یاریدەدەرن و پشتیوانیی ئاسمانی و کەرەستەمان بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کردووە.

**رووداو: تۆ دەڵێیت شانازی بە هاوپەیمانیی لەگەڵ کورددا دەکەیت و کوردیش خۆیان وەک هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا دەبینن. کورد لە کوێی ئەجێندای ئەمەریکادایە؟**

**کێن گرۆس:** هەروەک گوتم، ئێمە شانازی بە هاوپەیمانیمان دەکەین. هێزی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم کارێکی زۆر باشیان لە شەڕی دژ بە داعشدا کردووە، بەڵام ئێمە ناشمانەوێت ئەو هاوپەیمانییە یەکڕەهەندی بێت. پێمان خۆشە لە نزیکەوە کار لەگەڵ خەڵکی کورد بکەین. خەڵک لە ئەمریکا دەزانن میللەتی کورد کێن، بەڵام بەپێی پێویست نازانن و ئێمە دەمانەوێت وا بکەین کە زیاتر لەبارەی کوردەوە بزانن. دەمانەوێت ئاڵوگۆڕیی مرۆیی هەبێت و هاووڵاتی ئەمریکا بتوانن بێنە ئێرە و دوای ئەوەی داعش لە عێراقدا نەما، بەو هیوایەین کە خەڵکێکی زیاتر لە ئەمریکا حەز بکەن بێن و لەوەتێبگەن کە لێرە سەلامەتن. بەڵام ئێمە دەمانەوێت ئەو کارە لە کۆمەڵێک بواردا بکەین، جا چ ئابووری بێت یان فەرهەنگی. کاتێک داعش دەردەکرێت خۆ کۆتایی بە هاوپەیمانی ئێمە نایەت، بەڵکوو لە کۆمەڵێک بواری دیکەدا ئەو پێوەندییە پەرە دەگرێ.

**رووداو: جگە لە هەبوونی دوو زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و دهۆک. ئایا هیچ هاوکارییەکی دیکەی زانستی و پەروەردەیی لە نێوان کوردستان و ئەمەریکادا هەیە؟**

**کێن گرۆس:** ئێمە زۆر بە خۆشحاڵییەوە سەیری ئەو زانکۆیانە دەکەین. من سەرۆکی هەردوو زانکۆکەم بینیوە. هەردووکیان دوو بنکەی زانستیی زۆر باشن بۆ خەڵکی کورد. ئێمە بەرنامەی دیکەشمان هەیە. ئەگەر بتوانین لەگەڵ هەموو زانکۆکان لێرە کار دەکەین. کۆمەڵێک بەرنامەی ئاڵوگۆڕمان هەیە لەسەر کۆمەڵێک ئاستی جیاواز. هەندێکیان بۆ قوتابی ئامادەیی، زانکۆ و دەرچووی زانکۆن. هەندێکیان بۆ مامۆستای ناوەندی و بۆ زانکۆکان خۆیانن. من خۆم پێموایە یەک لە باشترین ئەو کارانەی کە دەیکەین بەرنامەی ئاڵوگۆڕی مرۆییە. بەڵام بەرنامەی دیکەشمان هەیە. مەشقکردن بە مامۆستا و پرۆفیسۆرەکان، جا چ زمانی ئینگلیزی بێت یان میتۆد و مەنهەج. ئەگەر بە دەست من بووایە، ئەو جۆرە بەرنامانەم سەد قات زیاد دەکرد، چونکە کاریگەریی ئەوەم لێرەو لە وڵاتی دیکەش بینیوە. خەڵک لێرەوە بچن بۆ ئەمەریکا، شت ببینن، بە پرسیار و روانگەی جیاوازەوە بگەڕێنەوە. ئینجا خەڵکی ئەمەریکایش بێن بۆ ئێرەو هەمان شت بکەن. بێگومان ئەوە شەقامێکی یەک ساید نییە

**رووداو: بەرنامەت بۆ کریسمس و ساڵی نوێ چییە، هەم وەک خۆت و هەمیش وەک کونسوڵخانە؟**

**کێن گرۆس:** من بۆ کریسمس و سەری ساڵی نوێ لێرە دەبم و هیوادارم کاتێکی خۆشم لە هەولێر هەبێت. سەبارەت بە کونسوڵخانە لە ساڵی نوێدا حەزمان دەکرد زۆر شتی دیکە بکەین. بەشێکی پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندی بە تواناکانی ئێمەوە هەیە لێرە و ئەو خەڵکەی هەمانە لێرە، بەڵام بە گشتی حەز دەکەم زیاتر بچمە دەرەوە و خەڵک ببینم. حەزم دەکرد هاوکارەکانیشم لە کونسوڵخانە زیاتر هاتبانە دەرەوە و خەڵکی ئەم هەرێمەیان بینیبا. من بەختی ئەوەم هەیە کە حکومەت و سەرۆک حیزبەکان ببینم، بەڵام حەز دەکەم خەڵکی ئاسایی ببینم و بزانم گوزەرانیان چۆنە و چۆن دەڕواننە دونیا و دەمەتەقێیان لەگەڵدا بکەم. چوونە دەرەوە هێندە ئاسان نییە بەهۆی ئەو کارە زۆرەی کە هەمانە و هۆکاری دیکەش، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بەشێک لە کاری ئێمە بێت کە زیاتر بچینە دەرەوە.

### گەنجانی ئەمریکاش وەکو گەنجانی کورد بیر دەکەنەوە

### قەبارەی خەڵکی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان سەرسوڕهێنەرە

### زیاتر لە یەک ملیار دۆلارمان لە ئاوارەکانی کوردستان خەرجکردووە

### کار دەکەین بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان زۆرتر لەبارەی کورد بزانن

### رزگارکردنی مووسڵ ناکەوێتە پێش رۆیشتنی سەرۆک ئۆباما

### مەشق بە مامۆستا و پرۆفیسۆرەکانی کوردستان دەکەین

### حەزم لە دەمەتەقێیە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی کوردستان

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 438 ) - دووشەممە 2016/12/26



## کۆگا بۆ بازرگانانی سلێمانی دروستدەکرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەڕێگەی عەربەت وەکو قۆناغی یەکەم لەسەر ڕووبەری 600 دۆنم زەوی، 900 کۆگا دروست دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی 3000 بازرگان فۆرمیان پڕکردووەتەوە و لە مانگی داهاتووشدا ناوی 900 کەسیان ئاشکرا دەکەن. گوتی "ئەو شوێنە وەکو بازاڕێکی لێدێت کۆمپانیا گەورەکان کاڵاکانیانی تێدا دادەنێن و دەفرۆشرێ، دروستکردنی کۆگاکانی قۆناغی یەکەمیش ڕەنگە سێ ساڵ بخایەنێ". بە گوتەی ناوبراو، ئەگەر حکومەت هاوکارییان بکات، دواتر دەست بە دروستکردنی کۆگاکانی دوو قۆناغەکەی دیکەش دەکەن.

# هەولێر کام ڕێگە بۆ دابینکردنی بوجەی کوردستان دەگرێتەبەر؟

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، هەرێمی کوردستان هیچ قازانجێک لەوە ناکات نەوتەکەی ڕادەستی بەغدا بکات و لەبەرامبەردا بودجەی بۆ بنێرێ، چونکە تەنانەت ناتوانێ مووچەی فەرمانبەران بەپێی سیستمی پاشەکەوتیش بدات.

دوای پەسەندکردنی پرۆژە بودجەی 2017ی عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 20ی دیسەمبەر لەگەڵ فراکسیۆنە کوردییەکان و ئەندامانی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق کۆبووەوە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندێک بکەن لەسەر دەستکەوتنی داهاتی باشتر لە ئەگەری پابەندبوون یان پابەندنەبوونی حکومەت بە بودجەی 2017ی عێراقەوە.

بەپێی داتاکانی پرۆژە بودجەی 2017ی عێراق، پشکی کوردستان لەو پرۆژە یاسایە 17%یە، ئەندامێکی لیژنەی ئابووری لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت پشکی ڕاستەقینەی کوردستان بەپێی بودجەی 2017ی خەمڵێنراو 11.6 تریلیۆن دینارە.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "پشکی کوردستان لە چوارچێوەی بودجەی سیادی و بودجەی حاکیمە و بودجەی بەکارخستن و پێترۆ دۆلار بە گشتی 11.6 تریلیۆن دینارە کە مانگانە دەکاتە 966 ملیار دینار".

لە بودجەی سیادی 2017ی عێراق، تەنیا پارەیەک کە بۆ هەرێمی کوردستان بێت، لەو بەشەی بودجەیە کە دەڵێت بڕێک پارە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە تەرخان دەکرێت لە چوارچێوەی بودجەی هێزە وشکانییەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری.



داهاتی مانگانەی هەرێمی کوردستان لە سەرووی تریلیۆنێک دینارە

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### 25%ی بودجە بۆ خەرجییە سیادییەکان

لە بودجەی حاکیمەدا پشکی کوردستان 17% نییە، بەڵکو لە یاسای بودجەدا ئەو پارەیەی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە 1.6 تریلیۆن دینارە، هەروەها لە بودجەی 2017ی عێراق بڕی 5 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی بەرهەمهاتوو تەرخانکراوە، ئەمەش ئەو پارێزگایانە دەگرێتەوە کە نەوتیان تێدا بەرهەم دێت. لە ئەگەری پابەندبوونی تەواوەتی هەرێمی کوردستان بە بودجەی 2017، ئەوا دەبێت پارەی پێترۆ دۆلاریش بۆ کوردستان خەرج بکرێت.

نەجیبە نەجیب دەڵێت "تەواوی ئەو پارەیەی کە بۆ هەرێمی کوردستان خەمڵێنراوە لە پشکی 17% و بودجەی سیادی و حاکیمە، دەگاتە 11.6 تریلیۆن دینار، بەڵام ئەو بڕە پارەیە بودجەی خەمڵێنراوە و جیاوازە لەو بودجەیەی کە پێیدەگوترێ خەرجیی فیعلی. ئەو خەرجییەش بەپێی داهاتی مانگانە دەگۆڕێت".

حکومەتی عێراق لەبەرامبەر ناردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان مەرجی داناوە، مەرجەکەش ئەوەیە کە دەبێت ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، هەروەها سەرجەم داهاتە ناوخۆییەکان و خاڵە سنوورییەکانی بنێرێتەوە بۆ بەغدا. ئەوکات بەپێی داهاتی مانگانە و خەرجیی بەکاربردن پشکی کوردستانی لێ جیادەکرێتەوە.

سەبارەت بە خەرجی فیعلیی حکومەتی عێراق، بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق کە دەست (ڕووداو) کەوتووە، لە ساڵی 2013 و 2014 خەرجیی فیعلی مانگانەی حکومەتی عێراق 10 تریلیۆن دینار بووە، لە ساڵی 2015 خەرجیی فیعلی عێراق لە شەش مانگی یەکەمدا کەم بووەتەوە بۆ 6 تریلیۆن دینار. ئەمەش بە مانای کەمبوونەوەی داهاتی عێراق دێت، هەروەها لە شەش مانگی دووەم ئەو خەرجییە زیاتر دابەزیوە و گەیشتووەتە 4 تریلیۆن دینار. لە مانگی 1 تا 7ی ئەمساڵیش خەرجییە فیعلییەکانی عێراق لە ئاستی 4 تریلیۆن دیناری مانگانە بووە، لە مانگی 8 تا 11ی 2016 ئەو خەرجیانە کەمێک بەرزبوونەتەوە و گەیشتوونەتە 5.5 تریلیۆن دینار، ئەمەش بە مانای زیادبوونی داهاتی عێراق لە سێ مانگی ڕابردوودا دێت.

ئەو داهاتەی کە دەست عێراق کەتووە لە دوای 2014وە، ئەو وڵاتەی ڕووبەڕووی هەڕەشەی قەیرانی دارایی کردووەتەوە، لەبەرئەوەش بووە کە عێراق لە سەرەتای ئەمساڵەوە چاکسازیی ئابووری ڕاگەیاند، عێراق مانگانە تەنیا بۆ دابەشکردنی مووچەی مووچەخۆرانی بە هەرێمی کوردستانیشەوە پێویستی بە 4 ملیار دۆلارە واتە 5.2 تریلیۆن دینار، بەپێی ئەم داتایەش کورتهێنانێکی گەورە لە داهاتی عێراقدا هەبووە، بەڵام بە خەرجکردنی یەدەگی دراوی عێراق بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و وەرگرتنی قەرزی بیانی توانراوە کورتهێنانەکە پڕبکرێتەوە.

هاوکات لەسەر بنەمای ئەو داتایانە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لە باشترین دۆخدا حکومەتی عێراق تەنیا 500 ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت کە کەمترە لە 50%ی پێویستیی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەگەری پابەندنەبوونی بە یاسای بودجەی 2017ی عێراق و درێژەدان بە سیاسەتەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوت، ئەوا داهاتێکی زیاتری دەستدەکەوێت. بەپێی داتاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە 550 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، ئەگەر نرخی 42 دۆلاریش بۆ هەر بەرمیلێک نەوت دابنێین کە لە بودجەی 2017 جێگیر کراوە، ئەوا داهاتی مانگانەی فرۆشتنی نەوت 693 ملیۆن دۆلار دەبێت کە دەکاتە 901 ملیار دینار. هەروەها بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێکڕای داهاتی ناوخۆیی و خاڵە سنوورییەکان مانگانە 130 ملیار دینارە، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە 1.031 تریلیۆن دیناری دەست دەکەوێت، ئەو بڕە پارەیەش زیاترە کە لەوەی یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانی داناوە.

### بودجەی بەکارخستن لە کوردستان چەندە؟

بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەرجی بەکاربردنی مانگانەی حکومەت، بەپێی سیستەمی پاشەکەوت 460 ملیۆن دۆلارە. هەروەها لە دۆخی ئاسایی واتە بەبێ سیستەمی پاشەکەوت مانگانە 1.31 تریلیۆن دینارە کە 880 ملیار دیناری بۆ مووچە خەرج دەکرێت. 120 ملیار دینار بۆ شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت، 130 ملیار بۆ دانەوەی قەرزی ئەو کۆمپانیایانەی پێشتر قەرزیان بە حکومەت داوە. هەروەها 180 ملیار دیناریش بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن و پارەی پترۆدۆلاری کەرکووک.

# تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل نوێ بە ڕێژەی 78% دابەزیوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

### لە 11 ساڵی ڕابردوودا 34 ملیار دۆلار بۆ کڕینی هۆیەکانی گواستنەوە چووەتە دەرەوە

### لە کوردستان 1.385.487 ئۆتۆمبێل هەیە

بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیایەکی بازرگانیی ئۆتۆمبیل دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە خواست لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێلی مۆدێل نوێ لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بۆیە بەشێک لە کۆمپانیاکان، هاوردەکردنی مۆدێلی تازەی ئۆتۆمبێلیان سنووردار کردووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، لە نێوان ساڵانی 2004 تاوەکو 2014 بە بەهای نزیکەی 34 ملیار و 322 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبێل و ئامێری کشتوکاڵی و بیناسازی هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، ساڵ بەساڵیش قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە لەزیادبووندا بووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2004دا بە بەهای 448 ملیۆن دۆلار دەستی پێکردووە و لە ساڵی 2014دا گەیشتووەتە نزیکەی دوو ملیار دۆلار. بەڵام بەهۆی بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و دابەزینی نرخی نەوت لەساڵی 2015 و 2016 ، خواست لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێلی تازە کەم بووە.

فرۆشی کۆمپانیای نیڤا بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبیلی جۆری فۆرد لە نۆ ساڵی ڕابردوودا گەیشتبووە لوتکە، بەڵام دوو ساڵە فرۆشیان بەردەوام لە داکشاندا بووە.

ڕێژین باسل، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەکۆمپانیای نیڤا دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران، خواست لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێلی تازە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی کەمی کردووە، بەم هۆیەشەوە فرۆشی سەرجەم کۆمپانیاکان بەتایبەت ئەوانەی بریکاری جۆرێکی دیاریکراوی ئۆتۆمبێلن، زۆر دابەزیوە".

ڕێژین باسل، نموونە بە کۆمپانیاکەی خۆی دێنێتەوە و دەڵێ "دابەزینی فرۆشی ئۆتۆمبێلەکانمان بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژانی پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، گەیشتووەتە 70%. چونکە پێشتر 70%ی فرۆشی کۆمپانیاکەمان پشتی بە فەرمانگە حکومییەکان، ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکا بچووکەکانی بازرگانیی ئۆتۆمبیل، وەبەرهێنەران و کارگەکان بەستبوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە، چالاکیی بەشێکی زۆریان سست بووە یان وەستاوە".

پێشتر بەر لە هاتنی ساڵی تازە، پێشانگای کۆمپانیاکان پڕ دەبوون لە دوایین مۆدێلی چەندین جۆری ئۆتۆمبێل، بەڵام ئێستا کۆمپانیاکان زۆر بە کەمی خۆیان لە قەرەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل تازە دەدەن.

کۆمپانیای ساز بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێلی تویۆتا کە سەر بە گرووپی کۆمپانیاکانی سەرداره، ئەمساڵ لەکۆی دەرچوونی 7 مۆدێلی تازەی تویۆتا، تائێستا تەنیا یەک مۆدێلی هاوردەی کوردستان کردووە، ئەویش بە ژمارەیەکی کەم.

چۆمان عوسمان ئیبراهیم، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای ساز دەڵێت "لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیلی تویۆتا لە کوردستان خواستی زۆری لەسەرە، بۆیە ڕێژەی دابەزینی فرۆشی کۆمپانیاکەمان بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە کەمترە. بۆ نموونە فرۆشی ساڵی ڕابردوومان بە بەراورد بە 2014 بە ڕێژەی 30% دابەزیوە. ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 20% کەمی کردووە، بۆیە ئەگەر بە تێکڕا وەریبگرین، فرۆشمان 50% کەمی کردووە".

کۆمپانیای ساز پێشتر بە ڕێککەوتن لەگەڵ بانکەکان ئۆتۆمبێلیان بە قیستی مانگانە دەفرۆشت، بەڵام ئێستا ئەو ئۆفەرەیان ڕاگرتووە. چۆمان عوسمان دەڵێت "پێشتر بانکەکان کێبڕکێیان بوو، گرێبەستیان لەگەڵ بکەین بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکانمان، بەڵام بەهۆی گرفتی نەگەڕاندنەوەی پارەکانیان. بەشی زۆریان پاشەکشێیان کرد، بۆیە ئەمساڵ هیچ ئۆتۆمبێلێکمان بە قیست نەفرۆشتووە".

بە گوتەی چۆمان عوسمان، بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی داهاتی تاک، خەڵک ئێستا کەمتر لەجاران خواستی لەسەر گۆڕینەوەی ئۆتۆمبیلەکەی بە مۆدێلی تازەتر هەیە، بۆیە نرخی ئۆتۆمبیلەکانیش دابەزیوە، بۆ نموونە ئۆتۆمبێلێکی تویۆتا هایلۆکس ساڵی ڕابردوو نرخەکەی 31 هەزار دۆلار بووە، بەڵام ئێستا کە شێوەی گۆڕاوە و تایبەتمەندیشی لەوەی ڕابردوو زیاترە، بە 28 هەزار دۆلارە.

سەبارەت بە ئاستی فرۆشیان لە عێراق و کوردستان، چۆمان گوتی "فرۆشمان لە شارەکانی عێراق زۆرترە وەک لە کوردستان. لە هەرێمی کوردستانیش زۆربەی فرۆشمان لە پارێزگای هەولێر بووە". گوتیشی "هێشتا ئۆتۆمبێلی مۆدێل 2015 و 2016 لە پێشەنگاکانمان ماون، بۆیە لە مۆدێلی 2017 تەنیا لاندکرۆزەرمان هاوردە کردووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2013دا 169،628 ئۆتۆمبێلی تازە تۆمارکراون، بەمەش ژمارەی ئۆتۆمبییل لە کوردستان گەیشتە 1،163،972 ئۆتۆمبێل. بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا تۆماری ئۆتۆمبێل بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی و لە 11 مانگی ڕابردوودا 36،352 ئۆتۆمبێلی تازە تۆمارکراون، بەمەش ژمارەی ئۆتۆمبێل لە کوردستان گەیشتووەتە 1،385،487 ئۆتۆمبێل.

لە ئامارەکەی هاتوچۆدا دەردەکەوێ کە تۆماری ئۆتۆمبێل لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی 78% دابەزیوە.

کۆمپانیای نیما بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبیل کە بریکاری سەرەکی کۆمپانیای کیا مۆتۆرزی کۆرییە لە هەرێمی کوردستان، پێشتر 11 جۆری ئۆتۆمبێلی کیایان هاوردە دەکرد، لە هەر جۆرێکیش لە قۆناغی یەکەم 100 دانەیان هاوردە دەکرد، بەڵام بەڕێوەبەری فرۆشی کۆمپانیاکە دەڵێت ئەمساڵ لە هەر جۆرێک تەنیا سێ دانەی هاوردە کردووە و بەشێکیان تاوەکو ئێستاش نەفرۆشراون.

دەریا وریا، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای نیما بە (ڕووداو)ی گوت "دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و پاشەکشێی بانکەکان لە پاڵپشتی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بە قیست لەلایەن کۆمپانیاکان، فرۆشمان بەڕێژەی 70% دابەزیوە".

کۆمپانیای نیما لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدایە. دەریا وریا دەڵێت "گوشارێکی زۆرمان لەسەرە لەلایەن کۆمپانیای کیاوە، ئەوان دەڵێن ئەگەر فرۆشمان بەو شێوەیە بەردەوام بێ، ئەوا وەکالەتەکەمان هەڵدەوەشێننەوە، بۆیە ناچار بووین هەندێک لە ئۆتۆمبێلەکانمان هەرزانفرۆش بکەین".



### لەسەر داوای کڕیار هاوردەی دەکەن

سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام هێشتا هەندێک ئۆتۆمبێل لەسەر داوای موشتەری هاوردە دەکرێن. ڕێژین باسل، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە کۆمپانیای نیڤا دەڵێ "بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی داهاتی تاک، ئێستا زۆرتر خواست لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلانەیە کە نرخیان ماماوەندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خواست لەسەر ئۆتۆمبیلە گرانبەهاکان و داواکردنی ئۆتۆمبیلی تایبەت هەیە. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی ئەمساڵ لەسەر داوای هەندێ کەس زیاتر لە15 ئۆتۆمبیلی جۆری فۆرد لینکۆڵنمان هێنا کە نرخی هەر یەکێکیان 72 هەزار دۆلار بوو".

## نرخەکانی نەوت لە ساڵی 2017دا

# پێشبینییەکان لە نێوان 50 بۆ 60 دۆلارن

ڕووداو- هەولێر

لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا، پێشبینی بۆ نرخەکانی نەوت یەکێک لە سەختترین کارەکان بووە، بە جۆرێک هەندێکجار پێشبینی بۆ نرخی نەوت بۆ مانگی دواتریش مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە. ساڵی 2016 پێشبینی و نیگەرانییەکان بۆ بەهاکانی نەوت لە نێوان 10 بۆ 70 دۆلار بووە، ئەم جیاوازییە زۆرەش دەرخەری ناسەقامگیریی بازاڕەکانی نەوتە کە کۆمەڵێک هۆکاری ناوەوەی پیشەسازیی نەوت (وەکوو تەکنۆلۆژیا، ئاستی وەبەرهێنانی وڵاتەکان لە کەرتی وزە و ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتان) و هۆکاری دەرەکی (وەکوو شەڕ و ئاژاوە و سیاسەتی ئابووریی وڵاتان) کاریگەرییان لەسەری هەبووە.



### ڕێککەوتنی ئۆپێک و نرخەکانی نەوت

ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لە سەرەتای ساڵی 2017ەوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕێکخراوەکە بە بڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل کەم بکەنەوە، بەم پێیەش ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک دەگاتە 32،5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ڕۆژی 10ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ ژمارەیەک لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێکیش ڕازی بوون بە تێکڕا 558 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی خۆیان کەم بکەنەوە. لە کەمکردنەوەی ئۆپێکدا سعودیە پشکی شێری بەردەکەوێ و 486 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی وڵاتەکەی کەم دەکاتەوە. لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێکیش ڕووسیا قورسایی هەرە گەورەی دابەزاندنەکە هەڵدەگرێت و 300 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتەکەی دێنێتەخوار. بەپێی ڕێککەوتنەکە ڕووسیا بە شێوازی قۆناغ بە قۆناغ بەرهەمهێنان کەم دەکاتەوە و هەتا کۆتایی مانگی ئادار 200 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی کەم دەکاتەوە.

بەڵام هەم ڕووسیا و هەمیش ئۆپێک مێژوویەک لە فێڵکردن لە ڕێککەوتنەکانیان هەیە، بۆ نموونە ڕووسیا 15 ساڵ لەمەوبەر نەیتوانی بەڵێنی خۆی لەگەڵ ئۆپێک بەرێتە سەر کاتێک هەردوو لایەن بەنیاز بوون ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەیان کەم بکەنەوە.

بەدەر لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک، سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا نیگەرانییەکی گەورەی لە بازاڕەکانی نەوتدا دروست کردووە. لەبەر ئەوەی ئەگەر سیاسەتی وزەی ترەمپ بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، ئەوە چاوەڕێ دەکرێ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزببێتەوە. ترەمپ لە کاتی کەمپینەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی دابوو لە ئیدارەکەی ئەودا ئەمریکا بەرەو سەربەخۆیی وزە لە "وڵات و ڕێکخراوە دژبەرەکان" هەنگاو بنێت. جگە لەمە چاوەڕێ دەکرێ وڵاتانی دیکەی دەرەوەی ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرزبکەنەوە.

هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسەر پێشبینی ناوەند و ڕێکخراوەکان لەبارەی نرخەکانی نەوت دەبێت.

بەپێی پێشبینییەکانی کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری بانکی جیهانی، تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوت لە ساڵی داهاتوودا 55 دۆلار دەبێت. لە پێشبینییەکانی پێشتری بانکی جیهانیدا پێشبینی کرابوو کە تێکڕای نرخەکانی نەوت لە ساڵی 2017 لە دەوروبەری 53 دۆلار بێت.

گرووپی کۆمپانیا داراییەکانی گۆڵدمەن زاکس چاوەڕێ دەکات ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بە سەرکەوتوویی ڕێککەوتنەکەی 30ی تشرینی دووەم و 10ی کانوونی یەکەم جێبەجێ بکەن و ئەو لافاوی نەوتە لەسەر بازاڕەکان کەم بکەنەوە، بەمەش هاوسەنگییەک بۆ نرخەکانی نەوت بگەڕێتەوە.

بەم پێیەش گۆڵدمەن زاکس پێشبینی دەکات تێکڕای بەهای یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە نیوەی دووەمی ساڵی داهاتوودا 58 دۆلار بێت. لە پێشبینی پێشتری ئەم کۆمپانییە ئەمریکییەدا تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە نیوەی دووەمی 2017 لەسەر 51.50 دانرابوو.

بە گوێرەی ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکا لە نێوان بانک و کۆمپانیا بازرگانییەکان، نرخی نەوتی ئەمریکی لە 2017 بە تێکڕایی 54 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دەبێت. تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە ساڵی داهاتوو 56 دۆلار دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆیتەرز ڕاپرسییەکی لە نێوان 29 شرۆڤەکاری بازاڕەکانی نەوت کردووە، بۆ ئەوەی پێشبینییەکانی خۆیان بۆ بەهای نەوتی برێنت لە 2017 بخەنەڕوو. بەگوێرەی ڕاپرسییەکە تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ساڵی داهاتوودا هەتا 57.1 دەچێت. لە نێوان ئەو شرۆڤەکارانەی لە ڕاپرسییەکەدا بەشدارییان کردووە، شرۆڤەکارانی کۆمپانیای ڕایمۆند جەیمز بەرزترین ژمارەی بۆ بەهای نەوتی برێنت پێشبینی کردووە: 83 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. شرۆڤەکارانی گرووپی بانکەکانی بی ئێن پی پاریباس نزمترین ژمارەیان پێشبینی کردووە کە 50 دۆلارە. لە کۆی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەی ڕۆیتەرز 16 شرۆڤەکار لەسەر پێشبینییەکانی پێشووی خۆیان سوور بوون.

بەپێی پێشبینییەکانی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری وزەی ئەمریکا (EIA) نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە کۆتایی 2017 دەگاتە 51 دۆلار. ئەم ناوەندە حکومییەی ئەمریکا شەش مانگ لەمەوبەر پێشبینی کردبوو نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە کۆتایی ساڵی داهاتوو 50 دۆلار بێت.

بەگوێرەی داتاکانی ڕۆیتەرز تێکڕای نرخی نەوت لە ساڵی 2016دا نزیکەی 44.50 دۆلار بۆ یەک بەرمیل بووە. بۆیەش ئەگەر تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوت لە ساڵی داهاتوودا 55 دۆلار بێت، ئەوە تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوت نزیک 20% بەرزبووەتەوە.

شارەزایانی بازاڕی وزە پێیانوایە بۆ ئەوەی تێکڕای نرخەکانی نەوت بەرزبوونەوەیەکی لەمجۆرە بە خۆیەوە ببینێت، پێویستە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک لەو شەش مانگەدا کورت نەکرێتەوە کە ئێستا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

ڕاهول پریتیانی، بەڕێوەبەری گرووپی لێکۆڵینەوەی ئابووریی گریسیل (GRISIL) لەمبارەیەوە بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە "کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە لایەن ئۆپێک دەبێ بە درێژایی ساڵی 2017 بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگییەکی تەواو بۆ بازاڕەکان بگەڕێنێتەوە" چونکە چاوەڕێ دەکرێ ساڵی داهاتوو، نەوتی لیبیا ئەمریکا بازاڕەکان بکات بە ئامانجی خۆی.

بەڵام ناوەندی توێژینەوە و پێشبینییەکانی نەوتی ڕۆیتەرز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان بەس نییە بۆ ئەوەی لە درێژخایەندا نرخەکانی نەوت هاوسەنگ بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە "بەرزبوونەوەی بەرچاوی ئاستی داواش پێویستە، بۆ ئەوەی ئاستی نەوتی نێو ئەنبارەکانی نەوت دابەزێت".

# کوردستان پابەندبێت بە کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت؟



بیلال سەعید

بۆرسەکانی نەوتی جیهان، لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی 30ی نۆڤەمبەری ئۆپێک و 10ی دیسەمبەری ڕووسیا و هاوپەیمانانی و وڵاتانی ئۆپێکدا، پێشوازی لە ساڵی 2017 دەکەن. یەکێک لەو وڵاتانەی چاوەڕێی پاڵپشتی بڕیارەکەی ئۆپێکی لێدەکرێت، عێراقە کە بە کەمکردنەوەی بڕی 210 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەشداری لە ڕێککەوتننامەکەی ئۆپێکدا کردووە.

لەکۆبوونەوەی ئۆپێک لە 30ی نۆڤەمبەری ڕابردوو بۆ دیاریکردنی پشکی وڵاتان لە هەناردەی نەوت، لە کۆی 14 ئەندامی ئۆپێک تەنیا لیبیا و نەیجیریا و ئیندۆنیسیا لە کەمکردنەوەی پشکی هەناردەی نەوت بۆ بازاڕی جیهان بەخشران، ئەویش بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و قەیرانی ئابووری و دارایی هەریەک لەو وڵاتانە کە بەشی زۆری بەهۆی نەوتەوە بووە.

عێراق کە دووەم وڵاتی هەناردەکاری نەوتی ئۆپێکە لە دوای سعودیە، بە کەمکردنەوەی 210 هەزار بەرمیل نەوت ڕەزامەندیی پیشانداوە کە دەکاتە 4.5%ی کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق. بەڵام لەنێو ڕێککەوتنەکە بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان نەکراوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە ماوەی 18 مانگی ڕابردوودا بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوت هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات. ئێستاش ڕۆژانە بە تێکڕایی نزیکەی 550 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات.

هەرچەند لە قۆناغەکانی پێش کۆبوونەوەی ئۆپێک لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا، حکومەتی عێراق بە بەردەوامی لە لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکان و تەنانەت لە دانیشتنەکانی وەزیری نەوتی عێراق و سکرتێری ئۆپێک لە عێراق، ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان و عێراق بە یەک پاکێج ئاماژەی پێدەکرا، بەڵام ئایا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئۆپێک هیچ پرس و ڕاوێژێک بە هەرێمی کوردستان کراوە؟ دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم نەخێر.

لە سەرەتای ئەم مانگەوە کە نرخی نەوت لە ژێر کاریگەریی کۆبوونەوەی 30ی مانگی تشرینی دووەم هەڵکشا، نرخەکەی نزیکەی پێنج دۆلار بەرزتر بووەوە لە تێکڕای نرخی نەوت لە مانگی ڕابردوودا، چاوەڕوان دەکرێت تاوەکو کۆتایی ساڵ لەو ئاستەیدا بمێنێتەوە.

وەزیری نەوتی عێراق لە تازەترین لێدوانی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە زۆربەی ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی نەوت لە عێراق کار دەکەن، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ڕەزامەندییان پیشانداوە بۆ پابەندبوونیان بە ڕێککەوتننامەی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت.

وەزیری نەوتی عێراق دەربارەی نەوتی هەرێمی کوردستان و پابەندبوونی بە ڕێککەوتننامەی ئۆپێک گوتی "هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و ئێمەش ڕەزامەندیمان پیشانداوە". حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا وەڵامی ئەو پرسەیان نەداوەتەوە، بەڵام هەردوو کۆمپانیای گەنەڵ ئەنەرجی و گۆڵف کیستۆن کە لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، وەڵامێکی ئەرێنی حکومەتی عێراقیان داوەتەوە و بەڵێنیان داوە ئاستی بەرهەمهێنان لەو کێڵگانە کەم بکەنەوە کە لە کوردستاندا کاری تێدا دەکەن.

بۆیە ئەگەر یەک دۆلار بۆ بەهای نەوت لە بۆرسەی جیهانی بەرزببێتەوە، هەرێمی کوردستان مانگانە زیاتر لە 16 ملیۆن دۆلار داهاتی زیاد دەبێت، بەڵام ئایا کوردستان لەناو پرۆسەی کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت چی دەکەوێتە ئەستۆ؟ ئایا پێویستە کوردستان پابەندبێت بە کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ڕابردوودا ڕۆژانە 539.895 بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، ئەم بڕە هەناردەکردنەی نەوت بە ئەندازەی وڵاتێکی وەک ئیکوادۆرە لەنێو ئۆپێکدا کە ڕیزبەندی لەناو وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لە مانگی ڕابردوودا دەیەمین وڵات بووە، بۆیە لە ئەگەری مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان وەک وڵاتێک و پابەندکردنی بە کەمکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوت بە ڕێژەی 4.5%. واتە پێویستە لە کۆی گشتیی هەناردەی نەوت 24 هەزار و 295 بەرمیل نەوت کەم بکاتەوە.

بۆیە پێویستە بزانین ئەگەر بەهای نەوت لە بۆرسەکانی جیهان بە 55 دۆلار بمێنێتەوە، کوردستان نەوتەکەی بە 10 دۆلار کەمتر لە بازاڕی جیهانی بفرۆشێت وەک پێشتر بەرپرسانی حکومەت ئاماژەیان بۆ کردووە، بە پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە کەمکردنەوەی ڕێژەی 4.5%. کۆی گشتیی هەناردەی نەوت کە بڕەکەی 24 هەزار و 295 بەرمیل نەوتە، ئەوە کوردستان مانگانە 16 ملیۆن و 196هەزار و 850 دۆلار زیانی بەردەکەوێت.

لەبەرئەوەی لە هیچ دانوستاندنێکی پێشووتری وڵاتانی نێو ڕێکخراوی ئۆپێک، عێراق وەک وڵاتێکی ئەندام لەو ڕێکخراوە بەبێ ئاماژەدان بە ناوی هەرێمی کوردستان و بەبێ ئامادەبوونی نوێنەری هەرێم لە دانوستاندنەکان مامەڵەی کردووە، پێویستە لەکاتی داواکردن بە پابەندبوون بپرسێت بە چ مافێک پابەند بم؟

جگە لەوەش بارودۆخی لیبیا و نەیجیریا کە لە پشکی کەمکردنەوەی نەوت بەخشراون، ئەگەر هاوشێوەی هەرێمی کوردستان نەبن لە دۆسیەی نەوت، ئەوە نزیکن. لەبەرئەوەی کوردستانیش ڕووبەڕووی گرووپێکی تیرۆریستی وەک داعش بووەتەوە. هەروەها شەش کێڵگەی نەوتی کوردستان لە قۆناغی ڕابردوودا بەهۆی نزیکبوونەوەی داعش لێیان، کارکردنیان تێدا وەستاوە و هەشت کێڵگەی نەوتی دیکەش وەبەرهێنانیان تێدا ڕاگیراوە.

بەڵام ئەگەر کوردستان بتوانێت لەڕێگەی پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەوە نوێنەری لەگەڵ نوێنەری عێراق لە ڕێکخراوی ئۆپیک دیاری بکات، بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت بەهای نەوتەکەی لە بازاڕی جیهانی بەرزتر بکاتەوە و بەیاساییکردنی فرۆشتن و بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان، قۆناغێکی باشتر تێپەڕێنێ. بۆیە گرنگە کوردستان بۆ داواکارییەکی لەو شێوەیەی عێراق کە لە ڕێگەی وەزیری نەوتی عێراقەوە ئاماژەی پێکراوە، خۆی ئامادە بکات، ئایا کەمکردنەوەی پشکی هەناردەی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە چ شێوەیەک و بە چ مەرجێک و لە پای چی دەبێت؟

*ڕۆژنامەنووسی ئابووری

## مەحموود حاجی ساڵح، وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان بۆ رووداو:

# چاکسازی لە لیستی شەهیدان پێویستی بە رێککەوتنی سیاسی هەیە

مەحموود حاجی ساڵح، وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (رووداو)، دەڵێت چاکسازی و پاکسازی لە لیستی شەهیداندا پێویستی بە رێککەوتنی سیاسی هەیە لە نێوان پارتی و یەکێتی. وەزیری شەهیدان داوا دەکات هەر کەسێک بەڵگەی لەلایە کە جاشێک مووچە لەلای ئەوان وەردەگرێ، بیدەنێ، بۆ ئەوەی مووچەکە ببڕێ.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
رووداو - هەولێر



**تەنیا لە ماوەی دەستبەکاربوونی من 100 ملیۆن دینار دوو مووچەییمان بڕیوە**

**10 کەیسی گەورەی تایبەت بە کورد لە دادگای باڵای تاوانەکان ماون**

**هەر بەڵگەیەک هەبێ لەسەر ئەوەی جاش لەلای ئێمە مووچە وەردەگرێت، مووچەکەی دەبڕم**

**دادگایەکی نێودەوڵەتی لە کوردستان بۆ تاوانەکانی داعش دروست دەکەین**

**رووداو: ئێستا ئیشوکاری وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان چییە؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** شەڕی داعش، قەیرانی سیاسی و دارایی ئەگەر کاریگەری لەسەر حکومەت زۆر بووبێ، ئەوا لەسەر وەزارەتەکەی ئێمە زۆرتر و راستەوخۆتر بووە. کە ئێمە دەستبەکار بووین، قەیرانی دارایی رووی لە هەرێمی کوردستان کرد، بەغدا زوڵمێکی زۆری لە خەڵکی کوردستان کردووە بەهۆی بڕینی بودجە و مووچە، چونکە بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت هەر کچ و کوڕێکی شەهید خێزان دروست بکەن، پێویستە 5 ملیۆن دینار وەربگرن، بەڵام لەساڵی 2013 وە، بەهۆی قەیرانی دارایی، ئەو پارەیە نەدراوە. بەشی زۆری ئەو هاوسەرانە وا منداڵەکانیان گەورە بوون، کەچی تاوەکو ئێستا پارەکەیان وەرنەگرتووە.

هەر کەسوکاری شەهیدێک زەوی بکردایەتە خانوو، 27 ملیۆن و 500 هەزار دیناری بە سێ بەش وەردەگرت، بەڵام ئێستا ئەویش نەما. تاوەکو ئێستا پارەی خوێندنی ساڵی 2014 و 2015ی خوێندکارانی کەسوکاری شەهیدانمان نەداوە، ئێستا مانگانە 200 ملیۆن دینار لە وەزارەتی دارایی وەردەگرین و دەیدەینە ئەو خوێندکارانەی کە پارەی کرێی خوێندنیان داوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان 14 ملیار دیناری ئێمە قەرزدارە، ئومێد دەکەین دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان باش بێت، ئەو پارەیەمان بۆ بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە کەسوکاری شەهیدان.

**رووداو: ژمارەی ئەو کەسانەی لە لای ئێوە مووچە وەردەگرن چەندە؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** نزیکەی 98 هەزار کەس لە کەسوکاری شەهید، کیمیاباران، هاووڵاتیی شەهید و زیندانی سیاسی مانگانە مینحە وەردەگرن نەک مووچە، کەمترین مینحە 500 هەزار دینارە و بەرزترینیشیان 5 ملیۆنە، ئەویش ژمارەیەکی کەمی سەرکردەی شەهیدن ئەوەندە وەردەگرن، مانگانە پێویستمان بە 41 ملیار دینار هەیە بۆ دابینکردنی ئەو مینحانە. لەگەڵ کەمکردنەوەی تەواوی مووچەی فەرمانبەران و پاشەکەوت، بە سوپاسەوە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر داوای ئێمە نواند کە مووچەی کەسوکاری شەهیدان کەم نەکرێتەوە. راستە مووچەکە کەم نەکراوەتەوە بەڵام بەداخەوە لە کاتی خۆی نەدراوە. زۆر جاران 45 تا 50 رۆژ جارێک مووچەکەیان وەرگرتووە ئەمساڵ 7 مووچەیان وەرگرتووە کە بیکەیتە نیوە ئەوا 14 مووچەیە، ئەگەرچی ئێمە هەوڵی زیاتر دەدەین.

**رووداو: بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان چیتان کردووە؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** لەبەر قەیرانی دارایی، نەبوونی بودجە و شەڕی تیرۆر لە شوێنەکانی دیکەی عێراق، نەتوانراوە سەرجەم گۆڕە بە کۆمەڵەکان هەڵبدرێنەوە. لە ناوچەی سەعدیە و کۆباشی 10 گۆڕی بە کۆمەڵمان هەڵداوەتەوە. لە شنگال، حەردان و سنونێ لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکان 120 تەرم دۆزراونەتەوە، 30 گۆڕی دیکەش لەو ناوچانە ماون چاوەڕێین دۆخی ناوچەکە ئارام ببێتەوە.

**رووداو: هیچ ئامارێکی شەهیدانی شەڕی داعشتان لەلایە. گلەیی و رەخنە لە ئێوە و وەزارەتی پێشمەرگە هەیە کە کەمتەرخەمن؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** بە حوکمی بەردەوامی شەڕ و جاربەجار پەلاماردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، یان ئۆپەراسیۆن و هەڵمەتی پێشمەرگە، بەردەوام ژمارەکان لە گۆڕاندان. تاوەکو بەر لە دوو هەفتە ئاماری فەرمی شەهیدانی پێشمەرگە 1604 شەهید بوو، لەگەڵ زیاتر لە 9 هەزار بریندار. شەهیدانی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە شەڕی داعش مانگانە وەکو کارمەندی زیندوو لەسەر وەزارەتەکانیان بەبێ کەمکردنەوە مووچەکانیان وەردەگرن، دوای ئاساییبوونەوەی دۆخەکە، دۆسیەی ئەو شەهیدانە لەلای ئێمە دەکرێتەوە.

**رووداو: گلەیی لە وەزارەتی شەهیدان هەیە کە تاوەکو ئێستا لە ئاماری شەهیدان و ئەنفالکراوان وردبینیی نەکردووە و** ئەو دۆخەی چەند ساڵی رابردووی عێراق نەتوانراوە پرۆسەی گەڕان و هەڵدانەوە بەشێوەیەکی دروست بکرێ. وەزارەتی شەهیدان توانیویەتی تاوەکو ئێستا لە کۆی تەواوی پرۆسەی ئەنفال، روفاتی تەنیا 2500 کەس بدۆزێتەوە.

**رووداو: تەنیا 2500 روفات؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** دۆخی ئەمنیی عێراق و پاشان قەیرانی دارایی و دەرچوونی یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هاوکاریی ئێمەیان نەکرد. ئەو یاسایە رێگا نادات وەزارەتی شەهیدان خۆی گۆڕەکان هەڵبداتەوە. لە هەمان کاتیشدا یاساکە خواستی ئێمە تێر ناکات بە تایبەت دوای هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ کە ئەوان پێشتر هاوکاریی زۆری ئێمەیان دەکرد.

**رووداو: لە لیستی مووچەی شەهیداندا نادادپەروەریی زۆر هەیە. خەڵک هەیە بە نایاسایی مووچە وەردەگرێت، ئەو لیستە کەی چاک دەکرێ؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت قسەمان کردووە کە چۆن پاکنووس و چاکسازی لە لیستی شەهیداندا بکەین. بە بڕوای خۆم دەبێ رێککەوتنی سیاسی لەسەر بکرێت. زۆربەی شەهیدەکانی پێش راپەڕین هی پارتی و یەکێتی و چەند حیزبێکی دیکەن، دەبێ ئەوان رێکبکەون کە دەستێوەردان لە چاکسازی لە ناوی لیستی شەهیدان نەکەن. ئێمە لیژنەی مەیدانیمان هەیە کاتێک زانیاری لەسەر شەهیدێک کۆدەکەنەوە شایەتحاڵێک سوێند دەدەن کە ئەو پێشمەرگەیە لە شەڕدا شەهید بووە. پاشان ئەو حیزبە کە پێشمەرگەکە ئەندامی بووە، دەبێ پشتگیری بکات، ئینجا بە شەهید لەلای ئێمە حیساب دەکرێت. بەڵام سەرەڕای ئەمانە خەڵکی وا هەیە بە رووداوێک مردووە کەچی بە شەهید ناوی تۆمار کراوە. خەڵک هەبووە هەر شەهید نەبووە و پێشمەرگەش نەبووە کەچی بە شەهید نووسراوە. بۆیە دەڵێم دەبێ ئەو دوو حیزبە رێککەوتن بکەن و پشتگیری ئەو چاکسازییەی حکومەت بکەن.

**رووداو: نموونەی زۆر زیندووی وەرگرتنی مووچەی شەهیدان بەشێوەی ناڕەوا لەلای ئێوە تۆمار کراوە؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** خەڵک هەیە لەلای ئێمە مووچەی هەیە و لە بەغداش ناوی تۆمار کردووە و لەوێش مووچە وەردەگرێت، تەنیا لە ماوەی دەستبەکاربوونی من 100 ملیۆن دینار دوو مووچەییمان بڕیوە و ئەو کەسانەمان دۆزیوەتەوە کە دوو مووچەی شەهیدانەیان هەیە.

**رووداو: هەندێک لە رێکخراوەکانی تایبەت بە شەهیدان و ئەنفالکراوان باسی ئەوە دەکەن خەڵکێک لە بەرەی رژێم بووە و پێشمەرگەی شەهید کردووە و بە دەستی پێشمەرگە کوژراوە، کەچی مووچە لە ئێوە وەردەگرێت؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** بەرەی کوردستانی لێبوردنی گشتی بۆ سەرجەم چەکدارەکانی حکومەتی ئەو کاتەی عێراق دەرکردووە، نەک لێبوردنی تایبەت، ئەگەر بەیانی بەڵگەم هەبێت و بزانم کەسێک تاوانی دژی من کردووە، مافی خۆمە سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم، ئەو لێبوردنەی بەرەی کوردستانی گشتییە نەک تایبەت. ئەم کەسانە دوای ئەوەی بەر لێبوردنی گشتی کەوتوون و بوونەتە پێشمەرگەی حیزبەکان یان لە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ دامەزراون و پلەی سەربازییان وەرگرتووە، ئێستا کە شەهید دەبێت، ئێمە ناتوانین بە شەهیدی حیساب نەکەین. ئەو کەسانە بە جلی پێشمەرگایەتی شەهید بوون نەک جاشایەتی. ئەگەر 3 کەس بە نووسراوێک و بەڵگەیەک ناوی کەسێکم بدەنێ کە بە جاشایەتی کوژرابێت و لای ئێمە مووچە وەربگرێت، لە ماوەی یەک رۆژدا مووچەکەی دەبڕم. ئێمە کێشەیەکی دیکەی یاساییمان هەیە ئەویش ئەو پێشمەرگە و کارمەندانەی هێزی ناوخۆیە کە لە کاتی دەوام شەهید دەبن بەهۆی رووداوی هاتوچۆ و جەڵتە یان بە هەر رووداوێکی دیکە لەلای ئێمە بە شەهید حیساب ناکرێن، ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە و دەبێ لە هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەت کە چاوەڕێی کارابوونەوەی پەرلەمان دەکەین، چارەسەر بکرێ.

**رووداو: د.مەجید حەمەدئەمین، وەزیری پێشووی شەهیدان کە لە پشکی حیزبەکەتان وەزیر بوو، بەڵێنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفالی دا، بە تایبەتی ئەوانەی کوردن و لە هەرێمی کوردستان دەژین، ئەو بابەتە بە کوێ گەیشت؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** ئەو تۆمەتبارانە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داوا کرابوون کە ژمارەیان 258 کەس بوو. هەندێکیان لە ژیاندا نەماون، من لایەنی جێبەجێکار نیم تاوەکو بچم ئەو کەسانە دەستگیر بکەم. ئێمە داکۆکیمان کردووە کە ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر بکرێن بۆ ئەوەی لە دادگا یەکلایی ببێتەوە کە ئایا تاوانبارن یان نا. مەرج نییە هەموو ئەوانە تاوانبارن و دەستیان لە شاڵاوی ئەنفالدا هەبووبێت. بە نووسراو داوام لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە پشتگیری سکاڵا و داوای کەسوکاری شەهیدان لەو کەیسە بکرێت.

**رووداو: وەکو وەزارەت سکاڵاتان لەسەر هیچ تۆمەتبارێکی شاڵاوی ئەنفال تۆمار نەکردووە؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** نەخێر بەس گوتوومانە هەر کەسێک سکاڵای هەیە و بەڵگەی هەیە ئێمە پشتگیریی دەکەین و پارەی پارێزەرەکەشی دەدەین، بەڵام هەر وەکو باسم کرد مەرج نییە ئەو 258 کەسە تاوانبار بن، چونکە من خەڵک دەناسم ناوی لەو لیستەیە، ئەو کاتەی شاڵاوی ئەنفال بووە، ئەو لە زیندانی بەعس بووە، ئەگەرچی موستەشاریش بووە و ئێستا لە ژیاندا نەماوە، چەندین نموونەی وا هەیە.

**98 هەزار مووچەخۆرمان هەیە**

**تەنیا تەرمی 2500 ئەنفالکراومان دۆزیوەتەوە**

**رووداو: ئەو کەیسانەی تایبەت بە کورد و هەرێمی کوردستان بوون، لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق چییان بەسەر هات؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** شەش کەیسی تایبەت بە خەڵکی کوردستان و گەلی کورد لەو دادگایە بڕیاری کۆتاییان وەرگرتووە. ئەوانیش (ئەنفالی گەرمیان، ئەنفالی بارزانییەکان، کیمیاباران، ئەنفالی کوردی فەیلی، بۆردومانی قەڵادزێ و کەیسی سەید سادق)، هێشتا 10 کەیسی دیکە لە دادگا ماون، داوامان کردووە لە ئەنجوومەنی وەزیران بودجەیەک بۆ ئەو پارێزەرانە بەشێوەیەی گرێبەست تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی یاسایی بکەن.

**رووداو: زۆر لە خەڵکی کوردستان گومانیان لەو دادگایە هەیە و پێیانوابوو ئەو دۆسیانەی سەرانی حیزبی بەعس پێی لە سێدارەدران دۆسیەی گەورە نەبوون بە بەراورد بە ئەنفال و کیمیاباران و زۆر تاوانی دیکەی دژ بە خەڵکی هەرێمی کوردستان؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هەر لە سەرەتاوە بە بۆن و بەرامەیەکی عەرەبی و تائیفی دەستی بەکار کرد. سەدام حوسێن لەسەر کەیسی دوجێل و کوشتنی 130 کەس لە سێدارە درا، کەچی لەسەر تاوانی گەورەی کیمیاباران و ئەنفال و وێرانکردنی 4500 گوند لە سێدارە نەدرا. جگە لەوە لە دەستووری عێراقدا بە دەق ئاماژە بەوە کراوە حکومەتی عێراق کە جێگرەوەی حکومەتی پێشووە، داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکات و قەرەبووی زیانەکان بکاتەوە، بەڵام لە دوای ساڵی 2005 هیچ هەنگاوێکی نەناوە، ئێمە قەرەبووی زیانەکانی رژێمی بەعسمان خەمڵاندووە کە 400 ملیار دینارە، بەڵام بەغدا نە داوای لێبوردنی کردووە نە قەرەبووی خەڵکی کوردستانی کردووەتەوە. جگە لەوە شەهیدانی دەستی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان دەبێ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مووچە و ئیمتیازاتیان بۆ دابین بکرێت.

**رووداو: کارەکانی لیژنەی بە جینۆساید ناسینی کەیسی شنگال بە کوێ گەیشت؟**

**مەحموود حاجی ساڵح:** تاوانی دژ بە کوردی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکەی مووسڵ و ناوچەکانی دیکە، هەموو رەگەزێکی جینۆسایدی تێدابوو، بۆیە رۆژی 2014/8/17 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە و بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەتی بەو پرسە دا، بۆ ئەوەی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دۆسیەکە بجوڵێنرێت و بە جینۆساید بناسرێت.

ئێمە سەنتەرێکی کۆکردنەوەی زانیاریمان دروستکردووە، زیاتر لە هەزار بەڵگەمان ئامادە کردووە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو ئاوارەکان و رزگاربووانی دەستی داعش کراوە، بردمانە لاهای و لەگەڵ سەرۆکی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی کۆبووینەوە، زیاتر لە 20 کۆبوونەوەی گرنگمان لە ئەوروپا کرد. دوای چەند مانگێک دادگا وەڵامی داینەوە کە ناتوانن لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بکەن، چونکە عێراق ئەندامی ئەو دادگایە نییە، هەوڵماندا لە رێگای ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو دۆسیەیە بجوڵێنین، ئەویش زەحمەتە. ئێستا لەگەڵ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی گرێبەستمان کردووە کە هاوکاریمان دەکەن بۆ دروستکردنی دادگایەکی نێوخۆیی، بەڵام سیفەتێکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش کە بە پارەو بە لێکۆڵینەوە و دادوەری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەبێت، بەڵام لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە ئیعترافی ئەوان بەڕێوەدەچێت، ئەمەش پێویستی بە رەزامەندی بەغدا هەیە.

## 5000 کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاستدا خنکاون

ڕووداو– هەولێر

بەپێی ئاژانسەکانی تایبەت بە کاروباری کۆچبەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای ساڵی 2016ـەوە تاوەکو ئێستا، 7 هەزار و 274 کۆچبەر گیانیان لەدەستداوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران و کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانیش ڕایانگەیاند، لەم ژمارەیە نزیکەی 5 هەزار کەسیان لە دەریای ناوەڕاست گیانیان لەدەستداوە. ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ملیۆنێک کەس ڕێگەی کۆچکردنیان گرتەبەر، 3771 کۆچبەریان لە دەریای ناوەڕاست گیانیان لە دەستدا، بەڵام ئەمساڵ کۆی گشتیی ژمارەی کۆچبەران کەمترەو، ژمارەی قوربانیان زیاتر بووە بە جۆرێک لە 330 هەزار کۆچبەر، 5000یان مردوون.



تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 438 ) – دووشەممە 2016/12/26

### لە 10 ساڵی ڕابردوودا

# 131 ژنی کورد لە سوێد خەڵاتکراون

ڕووداو– ستۆکهۆڵم

"ئافرەتی کورد توانایەکی شاراوەی هەیە، لەگەڵ هاتنی بۆ نێو کۆمەڵگەی ئەوروپی، ئەو توانایە دەیکاتە داهێنەر و پێشەنگ". ئەمە گوتەی چالاکڤانێکی سوێدییە، ئەو نموونە بە نادیە موراد و ئەو ژنانەی سوێد دەهێنێتەوە کە ئەمساڵ لە سوێد زۆرترین خەڵاتەکانی ساڵیان بردووە. ئاگنیتا سڤانسۆن کە دۆستایەتییەکی زۆری لەگەڵ کوردی سوێد هەیە و کاری لەگەڵ کردوون، دەڵێت "سەرسامم بە توانای ئافرەتانی کورد".

لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتیش سوێد ساڵانە چەندین خەڵاتی جۆراوجۆر لەلایەن ناوەند و دامەزراوە میدیایی و جڤاکییەکانەوە دابەش دەکرێن، چەندین کەس وەکو کەسایەتی ساڵ دەستنیشان دەکرێن. هەڵبژاردنی ئەو کەسانەش لەسەر بنەماکانی چالاکی و کاریگەرییانە لەسەر کۆمەڵگەی سوێدی.

تەنیا لە سوێد و لە ساڵی 2016دا زیاتر لە 4 ژنی کوردی دانیشتووی سوێد بوونەتە کەسایەتی ساڵ. سڤانسۆن دەڵێت: "ئەمە یەکێکە لە سوودەکانی ڕەوەندەی کوردی بۆ کۆمەڵگەی سوێدی و وەک سوێدییەک خۆم بە قەرزداری ئەو نەتەوەیە دەزانم و شانازییان پێوە دەکەم".

لەنێو ئافرەتە براوەکانی ئەمساڵ لەسەرئاستی سوێد، پارلەمانتار ئامینە کاکە باوە هەبوو کە لەلایەن گۆڤاری فۆکۆس وەک (åretssvensk) واتە سوێدیی ساڵ دەستنیشان کرا. بەو پێیەی کاکە باوە خاوەنی زۆرترین چالاکیی تاکەکەسی بووە لە بوارەکانی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزی و کولتووری نامووسپەرستی.

هەروەها تینا موراد، چالاکڤان و خۆبەخشی کورد لە سوێد، دوای ڕکابەری لەگەڵ زیاتر لە 120 بەربژێر لەسەر ئاستی سوێد، لەلایەن دامەزراوەی (ڕاوڵ ڤۆڵینبێری) و لەسەر بنەمای کارە خۆبەخشەکانی کە زۆرترین خزمەتی بە کۆچبەران کردووە، خەڵات کرا. بەپێی ڕاگەیاندنی ئەو دامەزراوەیە، ژیانی چەندین کەسی ڕزگار کردووە و هاوکاریی سەدان منداڵی کۆچبەری کردووە.

هەروەها ڕۆژنامەنووس و چالاکڤان ساکینە مودا و ژنە چالاکڤان سارا محەممەد، لەلایەن ڕادیۆی نیشتمانیی سوێد وەک دوو لە کەسایەتییەکانی ساڵ لەگەڵ 48 کەسی دیکەی سوێدی دەستنیشان کران. ڕادیۆکە هەموو ساڵێک 50 کەسی سوێدی وەک کاریگەرترین کەسایەتی ساڵ دەناسێنێ کە لەنێویاندا سەرۆکوەزیران و وەزیر و سەرۆکی پارتەکان هەن.

ئەمە جیا لەوەی لە 100 کەسی کاریگەری ساڵ کە بڕیارە هەفتەی کۆتایی ساڵ ڕابگەیەنرێت، چەند کوردێکی دانیشتووی سوێد بەربژێرن، لە نێویاندا دوو ژن هەن: نووسەر و هونەرمەند (نیستی ستێرک) و سیاسەتمەدار و ئەندامی سەرکردەی پارتی گەلی لیبراڵ (گوڵان ئاڤچی).

لەسەر ئاستی ئەوروپاش خەڵاتی ساخارۆف درایە دوو ژنە چالاکڤانی ژنی ڕزگاربووی دەستی داعش، (نادیە موراد) و (لەمیا بەشار).

## چالاکڤانێکی سوێدی: شانازی دەکەم بە ژنانی کوردی وڵاتەکەم، سوێد

خەڵاتکردنی ژنانی کوردی دانیشتووی سوێد، سنووری ئەو وڵاتەی بڕیوە. ژنە ڕۆژنامەنووسی کورد ئینجیل ئالچوو کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئامەدی باکووری کوردستانە و پەنابەرە لە سوێد، ڕۆژی هەشتی ئەم مانگە لە لەندەن خەڵاتی (مارتن ئادلەر)ی پێدرا. ئاڵچوو وەکو سوێدییەک خەڵاتەکەی لەندەنی بردەوە.

ئاگنیتا سڤانسۆن کە شارەزاییەکی دیاریشی لە بواری مێژووی مافەکانی مرۆڤ هەیە، دەڵێت "کەم نەتەوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو شێوەیە و لە یەک ساڵدا ئەو هەموو کەسایەتییەی تێدا هەڵبکەوێت".

گوتیشی "ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە گووگڵی سوێدیدا بخشێنی، تەنیا بۆ یەک ساڵ، دەیان ناوی کچانی چالاک و ئازا دەبینی کە خاوەنی دەیان کار و چالاکی و پرۆژە بوون".

### ژنانی کورد زیاتر حەزیان لە سیاسەتە

ژنانی کوردی دانیشتووی سوێد، لە پیاوان زیاتر حەزیان بە سیاسەتە و زۆرترین پێگەشیان لە ئاستی سەرکردایەتی و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا گرتووە بە بەراورد لەگەڵ پیاوانی کوردی ئەو وڵاتە.

بەپێی ڕاپرسییەکی ئەمساڵی ڕێکخراوێکی سوێدی، لەگەڵ دابەزینی ئاستی بەشداریی گەنجان لە سیاسەت، بەڵام ژنان زیاتر مەیلی سیاسەتیان هەیە و ژنانی کوردی لەدایکبووانی ساڵانی حەفتاکانیش بە پلەی یەک حەزیان بە سیاسەتە و بەشدارییەکی کارایان هەیە.

چالاکڤانە سوێدییەکە ئەگەرچی زۆر ئاگاداری ئەو ڕاپرسییە نییە، بەڵام دەڵێت "بوونی چوار ژنی کورد لە پەرلەمان و دەیان ژنی دیکەی کورد لە کۆمۆن و ئەنجوومەنی هەرێم و پارێزگاکان، کارایی ژنانی کورد لە سیاسەتدا نیشان دەدات".




ئامینە کاکە باوە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی "سوێدیی ساڵ" کە لەلایەن گۆڤاری فۆکۆس پێیبەخشرا

### ژنانی کورد  لە سوێد حوکم دەکەن

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (KYEO)ی سوێدی کە ڕێکخراوێکی کوردییە، 116 ژنی کورد لە پۆستە هەستیارەکانی دامەزراوەی ئیداریی سوێددا هەن، 18 ژنی کورد لە سەرکردایەتیی پارتەکانی سوێد هەن. هەروەها چوار ژن لە پەرمانی سوێد و 97 ژنیش لە ئاستی باڵای بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و 11 ژنی ڕۆژنامەنووسی زۆر ناسراویش لەو وڵاتە هەن. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا 131 جار ژنانی کورد لەلایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی سوێدەوە خەڵات کراون، یان وەکو کەسایەتیی ساڵ دەستنیشان کراون.

# هێنانەوەی زۆرەملێی ژنانی تاراوگەنشین بۆ کوردستان پەرە دەستێنێ

## چالاکڤانێکی سوێدی: نابێت کوردستان ببێتە لانەی داڵدەدانی ڕفێنەران و بکوژانی ژن

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

لاوێن و ڕێدان، ناوی خوازراوی دوو خوشک و برای کوردی دانیشتووی ئوستڕالیان، تەمەنی یەکێکیان حەوت ساڵە و ئەوەی دیکەیان 10 ساڵە. ئێستا هەردووکیان لە هەولێرن. ئەوان لەلایەن باپیریانەوە بەزۆر ڕاگیراون و پاسپۆرتەکانیان لەنێوبراوە.

دایک و باوکی ئەو دوو منداڵە بە گوشاری خێزانەکەیان لە یەکدی جیابوونەتەوە، ڕێگە لە باوکیشیان گیراوە منداڵەکانی ببینێ. دایکی منداڵەکان و خزمەکانی ڕەتیدەکەنەوە بە زۆر گەڕێندرابنەوە کوردستان، بەڵام باوکی منداڵەکان دەڵێت بەزۆرەملێ بووە.

د.ناسیح باوکی ئەم دوو منداڵە دەڵێت "بە گوشاری ئەوان وازم لە خێزانەکەم هێنا و ئێستا ناهێڵن منداڵەکانم ببینم و هەڕەشەی ئەوەشم لێکراوە هەولێر بەجێبێڵم، ناچار ئەو ڕێگەیەم هەڵبژارد".

د. ناسیح لە سیدنییەوە و لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە وەڵامی (ڕووداو)ی دایەوە و گوتی "کێشەمان هەبوو، وەک هەر خێزانێکی ئاسایی کە دەیان کێشەی تێدا ڕوودەدات، بەڵام لەو ئاستە نەبوو کە جیا ببینەوە. بە ناچاری ئەوانم بەجێهێشت، وەک ئەوەی لێم بستێنن". د.ناسیح دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی دووجار گەڕاوەتەوە کوردستان، بەڵام دەڵێت ڕێگەی پێنادەن منداڵەکانی ببینێ.

نوێنەری ڕێکخراوێکی منداڵان لە سوێد، کە کار لەسەر کەیسی لەم شێوەیە لە باشووری کوردستان و عێراق دەکات. وردەکاریی ئەو کەیسەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "پێشێلکاری زۆر لەو کەیسەدا هەیە".

ئارمان ئەحمەد، نوێنەری سەنتەری داکۆکی لە مافەکانی منداڵانی عێراقی لە سوێد بە (ڕووداو)ی گوت"دەزانین کە لە پشت ئەو کەیسەوە، بەرپرسی حیزبی هەن. باپیری ئەو دوو منداڵە (خەزووری د.ناسیح) لە نێو حکومەت و حیزب بەرپرسیارێتی هەیە، پلەکەی و هێزی پێشمەرگەی وەک هەڕەشە دژی باوکی منداڵەکان بەکارهێناوە. ئێمە لەوە بێدەنگ نابین".

ئارمان ئاشکرای کرد کە سەرۆکی ڕێکخراوەکەیان بە فەرمی نامەی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە و چاوەڕوانی هەڵوێستی ئەوون "بەر لەوەی گوشارەکانمان لە ڕێگەی پارێزەرانمان و ڕای گشتی و وەزارەتی دەرەوە و ڕێکخراوەکانی جیهان بۆ ئەو کەیسە بەکاربخەین، چاوەڕێی هەڵوێستی سەرۆکی حکومەت و دادگای هەولێر دەکەین".

ئارمان پێیوایە ئەگەر هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەو کەیسە بێ هەڵوێست بێ، ئەوا خراپ لەسەری دەشکێتەوە "چونکە ئەو دوو منداڵە ئوستڕالین، کەیسەکەشیان دەچێتە خانەی ڕفاندن و دەستبەسەراگرتنی نایاسایی".

### لە سوێد سەرهەڵدەداتەوە

چەند ڕۆژێکە لە سوید، چیرۆکی ڕفاندن و شاردنەوەی ژنێکی کورد و منداڵەکانی لە کوردستان و ڕاگرتنیان بۆ ماوەیەکی درێژ بە دەستبەسەری لە ماڵێکدا، میدیاکانی سوێدی سەرقاڵ کردووە.

ئەم ژنە دانیشتووی سوێدە و لەگەڵ منداڵەکانی بەناوی گەشت هێنراونەتەوە کوردستان و دواتر لەوێ ڕاگیراون. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو ژنە و منداڵەکانی، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی باشووری کوردستانن. ئەوان بە هاوکاریی چەند چالاکڤانێکی کورد و هەماهەنگیی چەند دامەزراوەیەکی دیکە، لە هەولێرەوە بۆ سوێد گەڕێنرانەوە.

بەگوێرەی ڕادیۆی سوێد (SR)، ڕزگارکردنی ئەو ژن و منداڵانە، لە ڕێگەی کۆمەڵە کچێکی خۆبەخشی کوردی ئەو وڵاتەوە بووە.

هێلین مامی، یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە بە ڕادیۆکەی ڕاگەیاند "حاڵەتی لەم شێوەیە لە کوردستان زۆرە". گوتبووشی کە کار لەسەر ئەو کەیسانە دەکەن، چونکە ژنی دیکەش پەیوەندییان پێوە کردوون کە کێشەی لەو شێوەیان لەگەڵ خێزانەکانیان هەیە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی گرووپی (Kurdiska tjejgruppen) واتە (گرووپی کچانی گەنجی کورد) بڵاویان کردووەتەوە، کەیسی دیکەی لەم شێوەیە هەن کە پەیوەندییان پێوە کردوون.

### لە باشووری عێراقەوە، بۆ هەولێر

دوو کچ کە لە دایک و باوکێکی کوردی فەیلی و عەرەبی شیعی عێراقی نیشتەجێی سوێد بوون، بۆ سەردان هێنرابوونەوە کوردستان و دواتر لە گوندێکی نزیک شاری بەسرا شاردرابوونەوە. دوای هەوڵێکی چەند ساڵە، لە ڕێگەی چەند چالاکڤانێکی کورد و عەرەب و سوێدییەوە ڕزگار کران و لە هەولێرەوە نێردرانەوە بۆ ستۆکهۆڵم.

عەبیر ئەلمانی، چالاکڤانێکی عێراقی دانیشتووی سوێدە، پێشتر کاری لەسەر ئەو کەیسە کردووە، دەڵێت "کوردستان تا ئێستا شوێنێکە بۆ داڵدەدانی بکوژ و تاوانبارانی کەیسی لەم شێوەیە کە لە سوێد ڕایانکردووە و لەوێ خۆیان حەشار داوە. دەبێت بەرپرسانی کوردستان ڕێگە لەم دیاردەیە بگرن".

سەهەند کەمال کە لە بواری میدیایی دژ بە توندوتیژی کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "بابەتی توندوتیژیی خێزانی شتێکە لەنێو خێزانە کوردەکانی سوێدیش هەیە و هەرجارەی بە شێوەیەک دەردەکەوێت".

سەهەند بە دووری نازانێ ئەو توندوتیژییە خێزانییەی لە نێو کورد هەیە لە دەرەوە، پەرە بستێنێ بۆ تیرۆر. سەهەند باسی کەیسێک دەکات و دەڵێت "یەکێک لەو کوردانەی دانیشتووی سوێد کە چووبووە نێو داعش، قوربانی دەستی توندوتیژیی خێزانی بوو".

سەهەند دەڵێت زۆر لەوانەی بە ئەنجامدانی توندوتیژی تاوانبارن ئێستا لە کوردستان دەسووڕێنەوە. ئەو نموونە بە بکوژی سەرەکیی ماری بارین دەهێنێتەوە کە باوکی بوو "دوای ئەوەی چوار ساڵ لەمەوبەر کچەکەی خۆی کوشت، بۆ مووسڵ هەڵات، دوای داگیرکردنی مووسڵیش لەلایەن داعش، ئێستا وەک ئاوارەیەک لە هەرێمی کوردستانە و بە ئازادی دەسووڕێتەوە".



بەڕێوەبەرانی گرووپی کچانی گەنجی کورد لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ژنێکی ڕفێندراویان لە کوردستانەوە گەڕاندەوە سوێد

### 500 کەیسی توندوتیژی تۆمارکراون

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (GAPF)ی سوێدی لە ماوەی ساڵانی 1999 تا 2015 نزیکەی 500 کەیسی توندوتیژیی خێزانی لە نێو ڕەوەندی کوردی لە سوێد هەبووە. لەوانەش: هێنانەوەی کچ بۆ کوردستان و هێشتنەوەیان بەزۆرەملێ، کوشتنی کچان دوای بردنەوەیان بۆ کوردستان. خۆحەشاردانی بکوژانی ژنان لە کوردستان، ڕفاندن و شاردنەوەی منداڵ و بەزۆر بەشوودانیان. ئەمە جیا لەوەی لەماوەی تەنیا دوو ساڵی ڕابردوودا هەشت حاڵەتی دادگاییکردنی کورد لە سێ وڵاتی ئەوروپی لەسەر تیرۆر هەبووە.

هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 4[illegible]8 ) - دووشەممە 2016/12/26



## هەنگاریا ئەی ڕەقیب نوێ دەکاتەوە

**پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی**

تیپی ئۆرکێسترای هەنگاری، موزیکی سروودەکانی ئەی ڕەقیب و مەشخەڵان بەشێوازێکی نوێ دەژەنن و وەکو دیارییەک پێشکەشی پێشمەرگە و کوردستانی دەکەن. موزیسیان ئەنوەر قەرەداخی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ماوەیەک لەمەوبەر لەڕێگەی هاوڕێیەکییەوە پەیوەندی بە ئۆرکێسترای هەنگاری بەنێوی تیپی زۆگڵۆی سەنت ئیشتیبان فوول هارمۆنی بە ڕابەرایەتی زامبۆریسکی کالمان کردووە بۆ نوێکردنەوەی سروودەکانی ئەی ڕەقیب و مەشخەڵان.

قەرەداخی گوتی "دوای سەردانم بۆ ئەو وڵاتە، بەرهەمەکانم تازە کردووەتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجم بوو، لە بەرامبەر ئەرکی ژەندنی موزیک و تۆمارکردنەوەی دوو بەرهەمەکەدا هیچ بڕە پارەیەکیان وەرنەگرت و گوتیان دیاریی ئێمەیە بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە".

### سۆنیا بەیتووشی، شاجوانی ئێران بۆ (ڕووداو):

# بەناوی ئێرانەوە بەشداری لە کێبڕکێی شاجوانی جیهاندا دەکەم




سۆنیا بەیتووشی، کچە دیزاینەر و نمایشکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە تاران تاجی شاجوانی ئێرانی بۆ ساڵی 2016 خرایە سەر. بەشێک لە خەڵکی ئێران دەڵێن ئێران شاجوانی نییە و ئەو مەراسیمە فەرمی نەبووە. بەڵام سۆنیا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە ڕوون دەکاتەوە.

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: ئەو تاجەی بەناوی شاجوانی ئێران خرایە سەرت، لە جیهاندا ئیعترافی پێدەکرێ؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** بێگومان بەشێوازێکی فەرمی لە هەموو جیهان پێشوازی لێدەکرێت، من دەتوانم بەشێوەیەکی فەرمی و بەناوی شاجوانی ئێرانەوە بەشداری لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان و "miss universe" بکەم کە شێنێ ئاکۆ شاجوانی کوردستان نەیتوانی بەشداریی تێدا بکات، چونکە گوتیان کوردستان دەوڵەت نییە تاوەکو بەشداری بکات، بەڵام من بێ هیچ کێشەیەک بەشداری لەم مەراسیمانە و دەیان مەراسیمی دیکەدا دەکەم.

**ڕووداو: بەڵام هەندێک لە ئێرانییەکان دەڵێن ئەو تاجەی خراوەتە سەرت فەرمی نییە، چونکە لە ئێران شتێک نییە بە ناوی هەڵبژاردنی شاجوان؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** هیچ گومانێک لە ڕاستی و دروستیی هەڵبژاردنی من وەک شاجوانی ئێران نییە. ڕاستە حکومەتی ئێران ڕێگە بەو جۆرە مەراسیمانە نادات، بەڵام کۆمپانیایەکی تایبەت هەیە کە بۆ ساڵی چوارەمە ئەم مەراسیمە بەشێوەیەکی تایبەت و نێودەوڵەتیانە سازدەکات. پێشتریش کچە کوردێک بە ناوی شادی عوسمان، وەک شاجوانی ئێران بۆ ساڵی 2014 هەڵبژێردرابوو، بەشداریشی لە مەراسیمی "miss grand international" کرد، بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی هەبێت، هەموو ئێرانییەکان من وەک شاجوانی خۆیان دەبینن و بە فەرمیی دەزانن، چونکە ئەمە کۆمپانیایەکە وەک بابیلۆن کە مەراسیمی شاجوانی کوردستانی لە هەولێر سازکرد.

**ڕووداو: پرۆژە و پلانەکانی سۆنیا وەک شاجوانی ئێران چییە؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** پرۆژەکانم زیاتر لە بواری خێرخوازی و هاوکاریی ئافرەتانە. یەکەمین کاریشم دەستی ئەو ئافرەتانە دەگرم کە حەز و خولیا و ئاواتی جیاجیایان لە ژیاندا هەیە، هاوکارییان دەکەم بۆ ئەوەی خەونەکانیان بهێننە دی، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەم بۆ کوردستانیش هەیە، لەگەڵ ڕێکخراوی zapiyoung یارمەتی ئاوارەکان دەدەم و دەستی یارمەتیش بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت درێژ دەکەین، بێگومان بنەماڵەی شەهیدانیش لەبیر ناکەین و پرۆژەمان بۆ ئەوانیش هەیە.

**ڕووداو: بەشداری لە مەراسیمەکانی شاجوان لە جیهاندا دەکەی؟**

### لە ئێران ئەگەر تێکەڵی سیاسەت نەبی کێشەت بۆ دروست ناکەن

**سۆنیا بەیتووشی:** بەڵێ وەک نوێنەری ئێران بەشداری لە زۆر مەراسیمدا دەکەم. سەرەتاش بەشداری لە هەڵبژاردنی "Miss Grand International 2017" دەکەم کە لە ڤێتنام بەڕێوەدەچێ، هیوادارم لەم مەراسیمەشدا سەرکەوتن بەدەستبێنم، هەروەها بەشداری لە "miss Universe 2017" دەکەم.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدایت هیچ ناسناوێکی جیهانی بەدەستبهێنی؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** لەو باوەڕەدام بتوانم لەو مەراسیمانەدا سەرکەوتن بەدەستبێنم، بەو کارانەی تاوەکو ئێستا کردوومن هەست دەکەم دەتوانم پلەیەکی باش بۆ خۆم مسۆگەر بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری و پاڵپشتی زۆرم لەلایەن خەڵکی کوردستان و ئێرانییەکان لێدەکرێت، ئەمەش هێز و گوڕوتینێکی زیاتر بە من دەدات و لە سەرکەوتن نزیکم دەکاتەوە.

### پڕۆژەم بۆ هەرێمی کوردستانیش هەیە

**ڕووداو: لە مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان و گراند، مەرجی سەرەکی لەبەرکردنی جلی سەر دەریایە، تۆ وەک شاجوانی ئێران ئەم مەرجە قەبوڵ دەکەی؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** بێگومان، هەر کەسێک بەشداری لەم مەراسیمەدا بکات، دەبێت پابەند بێت بەهەموو مەرجەکانەوە، منیش دەبێت لەبەری بکەم، چونکە 125 وڵات بەشدار دەبن و کچەکانیان بە جلی سەر دەریاوە دەردەکەون، من چۆن دەتوانم ئەم یاسایە بگۆڕم.

**ڕووداو: لە ئێران هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نەبووە؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** نەخێر، تاوەکو ئێستا هیچ کێشەیەکم بۆ دروست نەبووە. هیچ هەڵەیەکم نەکردووە تاوەکو کێشەم بۆ دروست بکەن، لە ئێران ئەگەر تێکەڵی سیاسەت نەبیت و هونەر تێکەڵی سیاسەت نەکەیت، هیچ کێشەیەکت بۆ دروست ناکەن. دواتریش مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوان لە تاران بەڕێوەچوو، بەڵام تەنیا ئافرەت ئامادەی بوون.

**ڕووداو: میدیاکانی ئێران چۆن باسیان لەتۆ کردووە؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** وەک ئاشکرایە لە ڕۆژنامەکانی ئێران وێنەی ئافرەت بەبێ حیجاب بڵاوناکرێتەوە، بەڵام زۆر ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی ئێرانی دەستخۆشییان لێکردووم و لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە قسەی خۆیان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی لە میدیاکانی ناو ئێران باس نەکراوە.

**ڕووداو: جگە لە وەرگرتنی نازناوی شاجوانی ئێران لە ڕووی مادییەوە هیچ هاوکارییەک دەکرێی؟**

**سۆنیا بەیتووشی:** بەڵێ، کۆمپانیای "میس ایران" خۆی خەرجی هەموو کارەکانم لە ئەستۆ دەگرێت. هەروەها بۆ بەشداریکردنم لە شاجوانی گراند و هەموو مەراسیمەکانی دیکە بودجەیەکی بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆ دابین کردووم. لەگەڵ ئەوەشدا وەک هەموو وڵاتەکانی دیکە بڕە پارەیەک وەک شاجوانی ئێران بە من دراوە. هاوکات پارەی کاری خێرخوازی بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانی ئێران کە مانگانە دەدرێت، خراوەتە سەر حیسابە بانکییەکەم، بۆ ئەوەی بۆ ماوەی یەک ساڵ پێشکەشیان بکەم.

### ئامادەم بە جلی سەر دەریاوە دەربکەوم

### سۆنیا بەیتووشی کێیە :

ساڵی 1991 لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. بەڵام هەر زوو لەگەڵ بنەماڵەکەیان دەچنە تاران و لەوێ نیشتەجێ دەبن. بەشی ئەندازیاریی کۆمپیوتەری لە زانکۆی ئازادی تاران تەواو کردووە. هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای لە بواری مۆدە و دیزاینی و نمایشی جلوبەرگ بووە. جگە لە ئەندازیاری کۆمپیوتەر. هونەری دیزاین و فاشیۆنی بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندووە. تاوەکو ئێستا چەندین کۆلێکشنی جیاوازی جلوبەرگی خستووەتە بازاڕەوە.

# کوردستان سەری ساڵ بە گۆرانیبێژانی عەرەب گەرم دەکات



### بەڕێوەبەری گشتیی هۆتێلێک: خەڵکی کوردستان بۆ گۆرانیبێژی عەرەب پارەی زیاتر دەدەن

### سەرپەرشتیاری هۆڵێک: لەبەر گرانیی نرخیان، گۆرانیبێژی کورد بانگ ناکەین

### عەزیز وەیسی: بۆ ئاهەنگی بازرگانی، پارەی باشم دەوێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

هۆڵ و هوتێلەکانی کوردستان، ئاهەنگی سەری ساڵ بە گۆرانیبێژانی عەرەب گەرم دەکەن. بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانی هۆڵ و هوتێلەکانیش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە خەڵکێکی زۆرتر لە ئاهەنگی گۆرانیبێژانی عەرەب بەشداری دەکەن و نرخی ئاهەنگی هونەرمەندانی عەرەب لە کورد هەرزانترە.

کەمتر لە هەفتەیەکی ماوە بۆ سەری ساڵ، هەر لە ئێستاوە هۆڵ و هوتێلەکان لە کوردستان، شەقامەکانیان پڕکردووە لە ڕیکلام بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ، لە پۆستەری زۆربەی ڕێکلامەکانیشدا ژمارەیەک گۆرانیبێژی عەرەب دەبینرێن.

#### ڕۆلا سەعد لە سلێمانی

هونەرمەندی لوبنانی ڕۆلا سەعد بۆ یەکەمجار بەشداری ئاهەنگی ساڵی نوێ لە هوتێلێکی گەشتیاریی سلێمانی دەکات، لەو هوتێلە قاسم هەورامی گۆرانیبێژیش بەشدارە.

توانا محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی ئەو هوتێلە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بانگهێشتکردنی ڕۆلا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان عەرەبیشی تێدا نیشتەجێن. هەروەها دەڵێت "لە نەورۆزی ساڵی ڕابردوو سێ گۆرانیبێژی کوردمان بانگهێشت کرد، بەڵام خەڵکێکی کەم بلیتیان کڕی، لەبەرئەوەی کورد گۆرانیبێژی کوردیان زۆر بینیوە، بەڵام بۆ گۆرانیبێژێکی عەرەب کە یەکەمجارە بێت، خەڵک زۆرتر دێن و بەلایانەوە ئاساییە پارەیەکی زۆرتریش بدەن". سەبارەت بە نرخی بلیتەکانیش، توانا گوتی "بلیتەکان بەشێوەی VIPیە، سێ جۆرە 200 دۆلار، 150 دۆلار و 100 دۆلار".

هەمان هوتێل بۆ جەژنی سەری ساڵی 2016یش هونەرمەندی بەنێوبانگ هەیسەم یوسفیان بانگهێشت کرد، توانا گوتی "ئەمساڵیش لەلایەن خەڵکانی کورد و عەرەبەوە بلیت کڕدراوە، بەڵام ئامادەبوونی میوان وەک ساڵی ڕابردوو نابێت".

سەناریا عوسمان، بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتن لە هوتێلێکی گەشتیاریی شاری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ شەوی سەری ساڵ گۆرانیبێژ عەممار کۆفی داوەت کرلوە، چونکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی گۆرانی دەڵێت. سەبارەت بە هێنانی هونەرمەندی عەرەب بۆ گێڕانی ئاهەنگ، سەناریا گوتی "زۆر ئاساییە و شتێکی زۆر باشیشە، چونکە بەو هۆیەوە دەتوانین سەرنجی گەشتیارانی شارەکانی عێراق ڕابکێشین بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن".

#### گۆرانیبێژی کورد گرانن

دانا سلێمان لە بەشی کارگێڕی هوتێلێکی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت ئەوان لە سێ هۆڵی هوتێلەکەیاندا ئاهەنگ دەگێڕن، لە یەکێکیاندا گۆرانیبێژان میدیا حسێن و پەیوەند جاف گۆرانی دەڵێن. لە هۆڵی دووەمیان گۆرانیبێژێکی عەرەبی شاری بەغدایە بەناوی کەڕاڕ کە پێشتر لە بەرنامەی عەرەب ئایدڵ بەشدار بووە. لە هۆڵەکەی دیکەش دوو گۆرانیبێژی باشوور و باکووری کوردستان ئاهەنگ دەگێڕن.

دانا هۆکاری هێنانی گۆرانیبێژانی عەرەب ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "هێنانی گۆرانیبێژانی عەرەب لەبەرئەوەیە زۆرجار گۆرانیبێژی کورد داوای پارەیەکی زۆر دەکەن، ئێمەش ناتوانین ئەو پارەیەیان بۆ دابین بکەین".

ئەحمەد عومەر، ئەمساڵ بۆ یەکەمجار ئەرکی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی ساڵی نوێ لە هۆڵێکی شاری سلێمانی لە ئەستۆ دەگرێ، بۆ ئەو مەبەستەش هونەرمەندی عێراقی سەعدون جابری لە ئەمەریکاوە بانگهێشت کردووە. ئەحمەد گوتی "سەعدون هاوڕێی دێرینمە و خۆی حەزی کرد بێتە کوردستان، هاتنەکەشی وەکو بازرگانی نییە".

ئەحمەد پێی باش بووە گۆرانیبێژی کوردیش بانگهێشت بکات، بەڵام دەڵێ "گۆرانیبێژی کورد داوای پارەیەکی زۆر دەکەن، هەیانە دەڵێ بۆ کاژێرێک 2000 دۆلارم دەوێت، ئەگەر سێ گۆرانیبێژیش بانگهێشت بکەین دەکاتە شەش هەزار دۆلار".

#### بەختیار ساڵح دەبێتە سەرپەرشتیار

گۆرانیبێژ بەختیار ساڵح ئەمساڵ ئەرکی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی لە هوتێلێکی گەشتیاری لە سلێمانی لەئەستۆ گرتووە و چەند گۆرانیبێژێکی کوردی بانگ کردووە. ئەو گوتی "دوو ساڵە لە کوردستانم، بەهۆی نەبوونی بەرهەمی نوێوە نەچوومەوە ئەورووپا، ئەمساڵ خۆم سەرپەرشتی ئاهەنگ دەکەم". بەختیار پێی ئاساییە گۆرانیبێژانی عەرەب لە کوردستان ئاهەنگ بکەن، بەڵام دەڵێت "وەکو خۆم زیاتر پێم باش بوو گۆرانیبێژەکانی لای خۆم کورد بن".

#### وەیسی پەشیمان بووەوە

هەندێک لە گۆرانیبێژانی کورد بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ ڕوو لە وڵاتانی ئەورووپا دەکەن و ئاهەنگ بۆ ڕەوەندی کوردی دەکەن.

گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی لە پێنج ئاهەنگ لە دەرەوەی وڵات بانگهێشت کرابوو، بەڵام لە دوا ساتدا و بەهۆی کەمکردنەوەی نرخی ئاهەنگەکانی پەشیمان بووەتەوە. وەیسی گوتی "بڕیار بوو بۆ هەر ئاهەنگێک 8000 دۆلارم بدەنێ، بەڵام ئەو لایەنەی وەکو سپۆنسەر ئەرکی دابینکردنی ڤیزای لە ئەستۆ گرتبوو، دەیگوت دەبێت نیوەی پارەکە بە ئێمە بدەیت، بۆیە پەشیمان بوومەوە".

وەیسی گوتی سێ مانگ لەمەوبەر لە باشووری کوردستان، پەیوەندی پێوە کراوە بۆ بەشداریی لە ئاهەنگ، بەڵام لەبەرئەوەی پارەکەی کەم بووە، ڕەتیکردووەتەوە "بۆ ئەو ئاهەنگانە لەبەرئەوەی بازرگانین پارەیەکی باشم دەوێت، چونکە بەرامبەریش سوودی لێوەردەگرێت".

گۆرانیبێژ خەلیل مەولانایی ئەمساڵیش بۆ سێیەمجار لە دانیمارک و نەرویج و فینلەندا و سوید بەشداری ئاهەنگەکان دەکات، بەڵام ئامادە نەبوو ئەو بڕە پارەیەی وەریدەگرێت ئاشکرا بکات.

ئاسۆ دیجەی خاوەنی کۆمپانیای دیجەی، 10 ساڵە لە دەرەوە ئاهەنگ دەگێڕێت، بەڵام ئەمساڵ پشوو دەدات، ئاسۆ گوتی "بەهۆی لێشاوی کۆچبەرانەوە، وڵاتانی ئەورووپا ڤیزایان زۆر قورس کردووە، ئەوەش هۆکارێکی کەمبوونەوەی هاتنی هونەرمەندانە".


Life
UB HOLDING
Life
0.5 L
NATURAL SPRING WATER
NATURAL SPRING WATER
UB
UB HOLDING


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC Waikiki
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484



## کچە خوێندکارێک، خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو– کەرکووک**

ڕائید ئاسۆ عومەر، ئەفسەر لە هێزەکانی ئاسایشی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/12/22 لە حاڵەتێکی خۆکوشتن ئاگادار کراونەتەوە و دەرکەوتووە کچە خوێندکارێکی زانکۆ بەنێوی (ئ، ز، غ) تەمەن 19 ساڵ، بە پەت خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە. ناوبراو گوتی "لێکۆڵینەوەمان دەست پێکردووە و هێشتا ڕوننەبووەتەوە هۆکاری خۆکوشتنەکەی چییە و کەسوکارەکەشی گوتویانە هیچ کێشەکەیان نەبووە و نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە"، هەروەها گوتی "ئەو کچە وێنەی ساتی خۆکوشتنەکەی بە مۆبایل تۆمارکردووە، بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی تۆمەتبار نەکرێن".

### لەسەر ئەوەی بە ڕەزامەندیی ئەو شووی نەکردووە

# پیاوێک کچەکەی خۆی دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– کەرکووک**

ژاڵە لە مێردی یەکەمی جیابووەوە، ویستی ژیانێکی تازە هەڵبژێرێ و دووبارە شوو بکاتەوە، بەڵام شێوازی شووکردنەکەی بە دڵی باوکی نەبوو، ئەوەش بووە هۆی کوشتنی.

ئەم ڕووداوە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/12/16 لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکووک ڕوویدا. ئافرەتێکی تەمەن 28 ساڵ، بەناوی (ژاڵە.س) بە دەستی باوکی کوژرا. دوای ڕووداوەکەش باوکی ژاڵە خۆی ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کرد و بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراق بەند کرا.

عەقید عەبدوڵڵا مەجید، بەرپرسی بنکەی ئاسایشی پارتی لە گەڕەکی ڕەحیماوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پیاوە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا دانی بەوەدا ناوە کە بە چەکی کلاشینکۆف کچەکەی کوشتووە و هۆکارەکەشی ئەوە بووە بێ ڕەزامەندی ئەو، شووی کردووە".

بەپێی قسەکانی باوکی ژاڵە کە لە لێکۆڵینەوەدا کردوونی، هاوژینی کچەکەی، چەند جارێک هاتووەتە خوازبێنی کچەکەی، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە کچەکەی شوو بەو پیاوە بکات، دواتر بەبێ ڕەزامەندی ئەو شووی پێکردووە و لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوون.

بەرپرسەکەی ئاسایش گوتی "ئەو کچە پەیوەندی لەگەڵ باوکی پچڕابوو، ئەو ڕۆژە لەگەڵ ماڵە خەزوورانی چووە بۆ ماڵی باوکی بۆ ئەوەی پەیوەندییەکەیان ئاسایی بکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی چووەتە ماڵی باوکی و چەند قسەیەکیان کردووە، باوکی تووڕە بووە و کوشتوویەتی".

دوای ڕووداوەکە، باوکی کچەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، هاوژینی ژاڵەش بە تۆمەتی کوشتنی ژنەکەی، سکاڵای لە دژی خەزووری تۆمار کرد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی نزیک لە تاوانبارەکەوە دراونەتە (ڕووداو)، پێشتر (س) ئاوارەی ئێران بووە، لەوێ لەگەڵ ئافرەتێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خێزانیان پێکەوەناوە و دوو کچیان بووە، دوای ساڵی 2003 گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ بوون و پاشان گەڕاونەتەوە کەرکووک. کچێکیان دەمێکە شووی کردووە و لە ئەوروپایە، ژاڵەش لە هەولێر کۆلێژی دەرمانسازی تەواو کردووە و هەر لە هەولێر شووی کردووە، بەڵام دواتر جیابووەتەوە.

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، ماڵی (س) دووبارە گەڕاونەتەوە هەولێر و ماوەیەک لە هەولێر ژیاون، دیسان جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە کەرکووک. ئەو سەرچاوەیە گوتی "دیارە لەو ماوەیەدا ژاڵە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کەسەدا دروست کردووە، چونکە ئەویش یاریدەدەری پزیشکە. چەند جارێکیش داوای ژاڵەی لە باوکی کردبوو، بەڵام باوکی ڕازی نەبوو، چونکە پیاوەکە ژنێکی دیکەی هەبوو".

بە قسەی سەرچاوەکە، بۆ ئەوەی کچەکەی و ئەو کەسە لێک دووربخاتەوە، باوکی ژاڵە ئەمساڵ کچەکەی و دایکی ناردووەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو سەرچاوەیە گوتی "دیارە ژاڵە لەوێش هەر پەیوەندی لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەبووە، بۆیە بە نهێنی گەڕاوەتەوە هەولێر، بە نامە دایکی ئاگادار کردووەتەوە کە شووی کردووە، دایکیشی بە باوکی گوتبوو. ژاڵە لە هەولێر پەیوەندی بە ئامۆزایەکییەوە کردووە کە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو پیاوەدا کردووە و دەیەوێت بەڵگەنامەکانی بۆ بنێرن، باوکیشی بە دوو برازایدا بەڵگەنامەکانی بۆ ناردووە، بەڵام داوای کردبوو کە جارێکی دیکە ژاڵە پەیوەندیی پێوە نەکاتەوە".

ڕۆژی ڕووداوەکە، (س.م) بە تەنیا لە ماڵ بووە و ژنەکەی هەر لە ڕۆژهەڵات بووە. دراوسێیەکیان کە بە قسەکانیدا دیار بوو زۆر بەداخ بوو بۆ کوژرانی ژاڵە، گوتی "تەنیا گوناهی ژاڵە ئەوەبوو کە بەبێ ڕەزامەندی باوکی شووی کردبوو، ئەگینا هیچ کێشەی نەبوو".

بە گوتەی سەرچاوەکە، ئەو ڕۆژە ژاڵە لەگەڵ هاوژینەکەی و هەوێ و خەسووی سەردانی ماڵی باوکی خۆی کردووە، بەڵام ئەوان پێشتر باوکی ژاڵەیان لە سەردانەکە ئاگادار نەکردووەتەوە، ئەویش زۆری پێ ناخۆش بووە کە سەردانیان کردووە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "باوکی لەسەر ئەو سەردانە لەگەڵ ژاڵە و ماڵە خەزووراني بووەتە دەمەقاڵێیان و بەو هۆیەوە دەستڕێژی گوللەی کردووە و گوللە بەر ژاڵە کەوتووە، ئەگینا بە ئەنقەست نەیکوشتووە، بەڵام لە کاتی قسەکردندا گریاوە و پەشیمان بووە".



# کچێکی تەمەن 15 ساڵان خۆی دەسووتێنێ



**ڕووداو– هەڵەبجەی شەهید**

شیلان پێش ئەوەی گیانی دەربچێ، گوتبووی بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکی لە یەکدی، لە ژیان بێزار بووە، بۆیە خۆی سووتاند، بەڵام دراوسێیەکیان دەڵێت، خۆسووتاندنی شیلان پەیوەندی بە خۆکوشتنی خۆشەویستەکەیەوە هەبوو.

ڕۆژی 2016/12/16 کچێکی تەمەن 15 ساڵ بەناوی (شیلان.ح) کە دانیشتووی ناحیەیەکی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە، لە ماڵی خۆیاندا نەوتی بەخۆیدا کرد و خۆی سووتاند. دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی ئیمێرجنسیی سلێمانی، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی، گیانی دەرچوو.

ڕائید بارزان عوسمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پەراوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، کچەکە بەر لەوەی بمرێ گوتوویەتی بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکی لە یەکتری، لە ژیان بێزار بووە، بۆیە خۆی سووتاندووە.

خزمێکی نزیکی شیلان باسی کێشەی ئەو کچە دەکات کە بە گوتەی ئەو، تەمەنی حەوت مانگ بووە کاتێک کێشە کەوتووەتە نێو خێزانەکەی. خزمەکەیان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "شیلان تەمەنی حەوت مانگ بووە کە دایک و باوکی لە یەکدی جیابوونەتەوە. باوکی ژنێکی دیکەی هێناوە و دایکیشی شووی کردووەتەوە. شیلان لەلای نەنکی (دایکی دایکی) گەورە بووە و برایەکیشی لەلای باپیری (باوکی باوکی) بووە".

هەر بەپێی زانیارییەکان، کاتێک شیلان تەمەنی بووەتە 12 ساڵ، نەنکی مردووە، ماڵی باپیری، شیلانیان لە باوەش گرتووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دایکی هەر هەبووە کە لە هەڵەبجەی شەهید دانیشتووە، بەڵام کەمتر هاتوچۆی باوکی کردووە.

خزمەکەی شیلان گوتی "نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر دایکی شیلان داوای لە کچەکەی کردووە پێکەوە بژین، بەڵام شیلان لەبەر خوێندنەکەی نەیتوانیوە بچێتە لای دایکی، بۆیە دایکی ماڵی گواستووەتەوە ئەو شوێنەی کە شیلان لێی دەژیا".

سەبارەت بە خۆسووتاندنی شیلان، خزمەکەیان گوتی "ئەو ڕۆژە دایکی لە هەڵەبجە بووە، منداڵەکانی دیکەشیان لە دەرەوە بوون. شیلان بە تەنیا لە ماڵەوە بووە، کاتێک منداڵەکان ویستوویانە بڕۆنەوە ژوورەوە، لە دەرگایان داوە، بەڵام شیلان نەیکردووەتەوە، پاشان هانایان بۆ دراوسێکانیان بردووە و ئەوانیش دوای ئاگادارکردنەوەی دەزگایەکی ئەمنی کە بارەگای لە نزیک ماڵیانە، چوونەتە ژوورەوە، بەڵام دووکەڵ لەنێو ماڵەکەدا هەبووە و ئەو کچەیان بە سووتاوی دۆزیوەتەوە".

سێ ڕۆژ پێش خۆسووتاندنی شیلان، گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ کە ماڵی لە نزیک ماڵی ئەوان بووە، خۆی کوشت. بۆیە ئێستا دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە کە شیلان و ئەو کوڕە پەیوەندییان هەبووە، خۆسووتاندنەکەشی پەیوەندی بە خۆکوشتنی کوڕەکەوە هەبووە.

دراوسێیەکی ماڵی شیلان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لەنێو گەڕەکدا دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە شیلان و ئەو کوڕە پەیوەندییان هەبووبێت، بەڵام نازانرێت کوڕەکە چووەتە خوازبێنی یان نا". خزمە نزیکەکەیان گوتی "ئێمەش ئەو دەنگۆیەمان بیستووە، بەڵام نازانین ڕاستە یان نا".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی هەڵسەنگاندن بۆ هەردوو ئەو هۆکارە دەکات کە لەبارەی خۆکوشتنی ئەو کچەوە باس دەکرێن. ئەڤین محەممەد، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت "هەرچەندە کچەکە زۆر بچووک بووە کاتێک دایک و باوکی لە یەکدی جیابوونەتەوە، بەڵام بێگومان کاریگەری ئەو جیابوونەوەیەی هەر لەسەر ماوە، کاتێک پێگەیشتووە، پێی خۆش بووە وەکو هاوڕێکانی دیکەی، ئەویش لەلای دایک و باوکی بێت، بۆیە دەکرێ ئەوە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بێت".

سەبارەت بە دەنگۆی پەیوەندییەکەشی، گوتی "پێدەچێ خۆکوشتنی ئەو گەنجە کاریگەری لەسەری هەبووبێ، ڕەنگە خۆشەویستیش نەبووبن، تەنیا هەستێکی بۆی هەبووبێت، دوای خۆکوشتنی گەنجەکە لەو هەستەش بێهیوا بووە، هەمانکات ڕەنگە وەکو چاولێکەریش، ویستبێتی لاسایی ئەو بکاتەوە".

# لەژێر ئەشکەنجەی مێردەکەیدا بێ هۆش دەبێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

کەژان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەی، چەند جارێک لەگەڵ هاوژینەکەی سەردانی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەکەن، تەنیا بەڵێننامەیەک بە هاوژینەکەی پڕدەکەنەوە کە مامەڵەی لەگەڵیدا باش بێ، بەڵام مێردەکەی نەک پابەند نابێت بە بەڵێننامەکە، بەڵکو دیسان ئەشکەنجەی داوە و بێهۆشی کردووە و ماوەیەکیش بەندی کردووە.

کەژان ناوی خوازراوی ژنێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە. ڕۆژی 2016/12/7 لەلایەن مێردەکەیەوە زۆر بە توندی ئەشکەنجە دەدرێ و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەند دەکرێ، ئێستا مێردەکەی بەپێی ماددەی 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە.

ڕائید هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشتریش چەند جارێک بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ئەو ژن و مێردە سەردانیان کردوون، بەڵام ژنەکە سکاڵای لەدژی مێردەکەی تۆمار نەکردووە و تەنیا بەڵێننامەی پێ پڕ کردووەتەوە کە مامەڵەی باش بێت لەگەڵی.

ڕائید هیوا دەڵێت، بەڵام ئەو پیاوە پابەند نەبووە بە بەڵێننامەکەی، ڕۆژی 2016/12/7 زۆر بە توندی لە ژنەکەی داوە، سەرەڕای ئەوەی نەیبردووەتە نەخۆشخانە، لە ژوورێکدا بەندی کردووە، هەر بەهۆی مامەڵەی خراپی پیاوەکەوە، منداڵەکانی نەیانوێراوە لای کەس باسی ڕووداوەکە بکەن، تا ڕۆژی 2016/12/11 پیاوەکە پەیوەندی بە کەسوکاری ژنەکەوە کردووە و گوتوویەتی، کەژان لە ماڵەوە هەڵخلیسکاوە و ئازاری پێگەیشتووە، کەسوکارەکەی بردوویانە بۆ نەخۆشخانە.

تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان ڕۆژی 20ی ئەم مانگە لە نەخۆشخانە ژنەکەیان بینیوە. بە گوتەی ڕائید هیوا، ژنەکە ئازاری زۆری پێگەیشتووە و بێهۆش بووە، بۆیە نەیانتوانیوە ئیفادەی وەربگرن کە مێردەکەی بۆچی و لەسەر چی بەو شێوەیە ئەشکەنجەی داوە.

ئەو ژنە لە نەخۆشخانە ڕاپۆرتی پزیشکیی بۆ کراوە. ڕائید هیوا لەبارەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە گوتی "بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەو ژنە زۆر بە توندی لێی دراوە. شوێنی شینبوونەوەی زۆریش بە جەستەیەوە دیارە. پیاوەکە قەپی لە هەندێک شوێنی جەستەی ژنەکە گرتووە کە بەلای تیمەکەوە جێی سەرسوڕمان بووە".

ڕائید هیوا گوتیشی "ئەو پیاوە ڕەتیکردووەتەوە کە ئەشکەنجەی ژنەکەی دابێ و دەڵێت هەڵخلیسکاوە، بەڵام وا نییە و هەندێک شوێنی لەشی قەپی لێگیراوە".

ئەشکەنجەدانی ئەو ژنە لەلایەن مێردەکەیەوە بە جۆرێک توند بووە، گەیشتووەتە ئەوەی نەشتەرگەری دەرهێنانی خوێنی پیس لە جەستەی بکرێ. ڕائید هیوا گوتی "بەگوێرەی ئەو ئەشکەنجەیە بێ، پیاوەکە نیازی کوشتنی ژنەکەی بووە، خۆ ئەگەر ژنەکە مردبا، بێگومان پیاوەکە ڕووداوەکەی بە جۆرێکی دیکە پەردەپۆش دەکرد".

### سزای توندوتیژی چییە؟

یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2011 کە بە یاسای پاراستنی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان ناسراوە، لە مادەی هەشت سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە توندوتیژی خێزانی دەکەن. لە ماددەکەدا هاتووە: هەر کەسێک توندوتیژییەکی خێزانی ئەنجام بدات، بۆ ماوەیەک سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ. هەروەها بە بڕە پارەیەک غەرامە دەکرێ کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ. یان بە یەکێک لەو دوو سزایە".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە ( 438 ) - دووشەممە 2016/12/26



## ژن و مێردێک دەکوژرێن

رووداو- سۆران

نەقیب هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند، ئێوارەی 2016/12/21، لەلایەن نەخۆشخانەی مێرگەسۆرەوە لە بوونی دوو تەرم ئاگادار کراونەتەوە، دوای ئەوەی تیمەکانیان گەیشتوونەتە نەخۆشخانە، دەرکەوتووە تەرمەکان ژن و مێردێکین. پیاوەکە تەمەنی 35 ساڵ بووە و ژنەکەش 31 ساڵە. لە گوندی کۆرانی سەر بە ناحیەی گۆڕەتوو کوژراون. ناوبراو گوتی "ئەو ژن و مێردە لە ماڵی خۆیاندا کوژراون، پیاوەکە بە گوللەیەک و ژنەکەشی بە دوو گوللە کوژراوە". سەبارەت بە ئەنجامدەرانی تاوانەکەش. ئەرگووشی گوتی "تا ئێستا نازانرێت خۆیان کوشتووە یان کوژراون، لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## منداڵێکی بەناز پەروەردەکراو

کچێک داوای کرد لە ماڵی داڵدەدان دابنرێت لەبەر ئەوەی کێشەی لەگەڵ خێزانەکەی هەبوو، نەیدەتوانی لەگەڵیان بژی.

ئەو کچە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی تەمەنی تەنیا چەند رۆژێک بووە کە دایکی داویەتی بە ماڵی پووری، چونکە ماڵی پووری منداڵیان نەبووە. ئەو تاوەکو پووری لە ژیاندا بووە نەیزانیوە منداڵی راستەقینەی ئەو نییە. بە مردنی پووری ژیانی سەراوژێر دەبێ. تەنیا دوو ساڵ لەلای مێردی پووری ماوەتەوە، دووبارە گەڕێندراوەتەوە لای خێزانی راستەقینەی خۆی، بەڵام ئەو خێزانە ژینگەیەکی نامۆ بووە بۆ ئەو. زۆر هەوڵی داوە لەگەڵ خێزانە قەرەباڵغەکەیدا خۆی بگونجێنێ، بەڵام نەیتوانیوە و هەستی کردووە دایکی جیاوازیی پێدەکات لەگەڵ منداڵەکانی دیکەی. ئەوەی ئەو دەیەوێ بۆی جێبەجێ ناکرێ. وا هەست دەکات خوشک و براکانی دژایەتی دەکەن.

کاتێک بانگی دایکەکەی کرا، لێمان پرسی هۆکار چییە ئەو کچەتان ناتوانێت بگونجێت لەگەڵتان، دایکی گوتی کچەم ناهەقی نییە بەو جۆرە قسە بکات و بێزار بێ، من بە مەلۆتکەیی ئەوم دایە ماڵی پووری، چونکە پێشتر بەڵێنم پێدابوون ئەگەر منداڵم ببێ، منداڵێکیان بە دیاری بدەمێ بۆ خۆیان بەخێوی بکەن، ئەوان زۆر بە جوانی کچەکەمیان بەخێو کردووە، نازی زۆریشیان پێداوە، ئەو نازهەڵگرتنە وای لە کچەکەم کردووە کە لەو ژیانەی ئێمە بێزار بێ. ئێمە ناتوانین وەکو ماڵی پووری هەموو داواکارییەکی بۆ جێبەجێ بکەین، ئەو دەیەوێ خۆی هەموو شتێک بێت، بەڵام ئەوە ناکرێ، چونکە منداڵی دیکەم هەن و قبوڵی ناکەن. ئەگەرنا ئێمە هیچ کێشەمان لەگەڵی نییە، ئەو لە خوێنی ئێمەیە، قەت پشتی تێناکەین. بەس کێشەکە ئەوەیە ئەو پەروەردەیەکی جیاوازی بینیوە.

قسەمان لەگەڵ کچەکە کرد و قەناعەتمان پێ هێنا کە ماڵی داڵدەدان شوێنی کەسێکی وەکو تۆ نییە، بەڵکو شوێنی ئەو کەسانەیە کە هەڕەشەیان لەسەرە، پێویستە تۆش لەگەڵ کەشی خێزانەکەت خۆت بگونجێنی. لە کۆتاییدا کچەکە قەناعەتی هات بگەڕێتەوە نێو خێزانەکەی.

هەرچەندە یاسا رێگەی بە بەخشینی منداڵ داوە بە خێزانی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی منداڵیان نابێ، بەڵام دەبێ ئەو منداڵ بەخشینە زۆر بە وریایی و زیرەکانە بێت و منداڵەکە بە یەکجاری لە خێزانی راستەقینەی دانەبڕێنرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئایندەدا گەڕایەوە لای خێزانە راستەقینەکەی، کێشەی بۆ دروست نەبێ.

یاسا رێگای داوە بەهەندێ خێزان ئەگەر منداڵێک دایک و باوکی دیار نەبێت لەخۆی بگرن کە لەیاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە 76ی ساڵی 1983 لە مادده 39دا هاتووە: "هەردوو هاوسەرەکە بۆیان هەیە داواکارییەکی هاوبەش پێشکەش بە دادگای نەوجەوانان بکەن بۆ ئەوەی منداڵێکی هەتیوی بێ باوک و دایک یاخود رەچەڵەک نادیار لەخۆبگرن. دەبێ دادگای نەوجەوانانیش بەر لە دەرچواندنی بڕیاری لەخۆگرتنەکە بەتەواوی بزانێ کە خاوەنی داواکارییەکە عێراقی بن، بە رەوشت باش و ئاقڵ بن، سەلامەت بن لە نەخۆشیی درم. ناسراو بن. توانایان هەبێ منداڵەکە بەخێوبکەن و پەروەردەی بکەن، هەروەها نیەتیشیان پاک بێت لە هەڵگرتنەوەی منداڵەکە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## بێسەرپەرشتانی لە خانەکانی نەوجەوانان ژیانی نوێ دروست دەکەن

# بێسەرپەرشتێک فەرمانبەرێکی خانەکەی دەخوازێت



پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

شادمان، وەکو منداڵێکی بێلانە رووی کردە خانەی نەوجەوانانی هەولێر، بەڵام دواتر لەگەڵ کچە فەرمانبەرێکی خانەکەدا یەکدییان ناسی و خێزانیان پێکەوەنا.

لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، خانەکانی نەوجەوانانی کوڕان و کچان کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین، منداڵانی پێنج تا هەژدە ساڵ لەخۆدەگرن ئەوانەی بەهۆی کێشەی خێزانییەوە بێلانە دەبن. بەپێی یاسای وەزارەتیش ئەو منداڵانە تا هەژدە ساڵی دەتوانن لەو خانانەدا بمێننەوە و دوای ئەو تەمەنە رادەستی کەسوکاریان دەکرێنەوە.

### خانە، ژیانی بۆ دروستکردنەوە

نیان ئیبراهیم، بەرپرسی خانەی کچان لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی سلێمانی کە شەش ساڵە لەو خانەیەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند، خانەکان سوودی باشیان بۆ ئەو کوڕ و کچانە هەبووە کە پەروەردەیان کردوون و گوتی "کاتێک منداڵێک لە تەمەنێکی زووەوە هاتووەتە خانە و دواتر ئەگەر لێرە شووی بە کوڕێکی خانەکە کردبێ، یان دوای دەرچوون لە خانە شووی کردبێت، مانای وایە توانراوە ژیانێکی نوێ بۆ ئەو منداڵە دروست بکرێتەوە".

### سلێمانی و هەولێر چوار کچیان بە شوو داوە

نیان دەڵێت، هەر کاتێک کوڕێکیان بۆ هاوسەرگیری دۆزیبێتەوە، دوای پرس و راوێژکردنیان بە بەرپرسانی سەرووی خۆیان و کەسوکاریان، کچەکانی خانەکەیان بەشوو داون. گوتیشی کە تا ئێستا چوار کچی خانەکەیان شوویان کردووە، دوویان هەر لە نێو خانەدا بووە، یەکێکیان تەمەنی 17 ساڵان بووە و ئەوەی دیکەشیان تەمەنی 18 ساڵ بووە، بەڵام دووانەکەی دیکە دوای ئەوەی لە خانەکە چوونەتە دەرەوە، شوویان کردووە و بۆ ئاهەنگی گواستنەوەش کارمەندانی خانەکەیان بانگهێشت کردووە.

هەر لەوبارەوە زەیتۆ تۆفیق، بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی لە هەولێر کە نزیکەی 15 ساڵە بەڕێوەبەرە، دەڵێت لەو چەند ساڵەدا دەیان کوڕ و کچ کە خانەیان جێهێشتووە، خێزانیان پێکەوە ناوە، تا ئێستاش دوو کچ لە خانەکە بە شوودراون.

نیان باسی چۆنیەتی بەشوودانی هەندێک لە کچەکانی کرد و گوتی "کچ هەبووە دایکی نەماوە، باوکیشی شایەنی ئەوە نەبووە کچەکەی پێ بدرێتەوە، بۆیە کە کچەکە تەمەنی گەیشتووەتە 18 ساڵ و کەسی دووەمی باوکەکە ئامادە نەبووە وەریبگرێتەوە، دەستمان کراوەتر بووە بۆ بەشوودانی، لە رێگەی ناسیاوەکانیانەوە خەڵک هاتوون داوایان کردووە، ئێمەش دوای دڵنیابوون لە رەوشت و توانای دارایی کوڕەکە، کچەمان پێداون".

### لە دهۆک تەنیا کوڕێک ژنی هێناوە

بەڵام لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی دهۆک تائێستا هیچ کچێک لەنێو خانەدا بەشوو نەدراوە.

سدیق ئەحمەد بەڕێوەبەری خانەکە هۆکارەکەی بۆ (رووداو) روونکردەوە و گوتی "ئەوە لەبەر دوو هۆکار بووە، یەکێکیان کە گەورە بوون کەسوکاریان دەیانبەنەوە لای خۆیان و لە دەرەوە شوو دەکەن. دووەمیش لە کولتووری ناوچەکەی ئێمەدا کوڕان کەمتر دەیانەوێت کچانی نێو خانەیەکی لەمجۆرە بخوازن".

سدیق ئەحمەد گوتی، لای ئەوان تا ئێستا تەنیا کوڕێکی خانەکەیان ساڵی رابردوو لە تەمەنی 22 ساڵیدا ژنی هێناوە.. ئەو کوڕەش پێشتر بەهۆی مردنی باوکی و شووکردنەوەی دایکییەوە، لەگەڵ دوو برای دیکەی روویانکردووەتە خانە، دوای تەواوکردنی خوێندنیش، لای ئەوان وەکو خۆبەخش کاری کردووە و بەو هۆیەشەوە شەوانە لە خانە ماوەتەوە.

### مەرجی بەشوودانی کچەکان

مەرجی خانە بۆ ئەو کوڕانەی دەیانەوێ لەگەڵ کچی خانەکان خێزان پێکەوە بنێن، ئەوە بووە رەوشتیان باش بێت، توانای بەخێوکردنی کچەکەی هەبێت. نیان گوتی "کاتێک کچەکان گەورە دەبن خەونیان شووکردنە، ئەوەش لەبەرئەوەی ئێش و ئازاری زۆریان بینیوە و لە سۆز و خۆشەویستی دابڕاون و هەست دەکەن بەهۆی شووکردنەوە ئەو هەستەیان بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە".

### خۆیان دەکەن بە کەسوکاری منداڵەکان

هەرچەندە ئەو منداڵانە لەخانەکاندا تا کاتی گەورەبوونیان پەروەردە دەکرێن، بەڵام زۆرجار کە روو لە خانەکان دەکەن لەلایەن کۆمەڵگەوە بە چاوێکی کەمتر سەیر دەکرێن، رەنگە مانەوەیان لە خانەش کاریگەری لەسەر ئایندەیان هەبێ، بەتایبەتی کچەکان بۆ مەسەلەی شووکردن.

نیان گوتی "زۆرجار کەسوکاری ئەو کوڕانەی هاتوونەتە داوای کچەکان، کەسوکارە دوورەکانیان نەیانزانیوە کچی خانەیان خواستووە، کاتێکیش ئاهەنگیان بۆ کردوون، ئێمە خۆمان وا نیشان داوە کە کەسوکاری کچەکەین".

رێبین سەعدوڵڵا، 26 ساڵ، بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکییەوە، لە تەمەنی 15 ساڵیدا و لەگەڵ دوو برای لە خۆی بچووکتر روویان کردووەتە خانەی نەوجەوانانی هەولێر، بەڵام هەر لەوێ توانیویەتی بەشی زمانی فارسی لە زانکۆ تەواو بکات و ئێستا لە کەرتی تایبەت کار دەکات.

رێبین، سەرەڕای تەواوکردنی خوێندن، توانیویەتی دوای هاتنە دەرەوەی لە خانە، ژنیش بهێنێ، ئێستا ماڵی خۆی هەیە و دەڵێت "هاوژینەکەم و ماڵە خەزوورانم دەزانن لە خانە گەورە بووم، ئەوە هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردووم".

### کارمەندێکی خانەکەی خواست

ئەگەر ئەوە ئاسایی بێت کە کوڕان و کچانی دیکە لەڕێگەی خانە یان دەرەوەی خانەوە خێزانیان پێکەوە نابێت. بەڵام کەیسی شادمان کە نێوێکی خوازراوە و لە خانەی نەوجەوانانی هەولێر بووە، حاڵەتێکی دەگمەنە.

زەیتۆ تۆفیق، بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی لە هەولێر گوتی "ئەو کوڕە لە تەمەنی 22 ساڵیدا لەگەڵ کچە فەرمانبەرێکی خانەی کچاندا خێزانیان پێکەوە نا، ئێستاش پێکەوەن و زۆریش ئاسوودەن".

# پێشمەرگەیەکی خانەنشین خۆی دەکوژێ



رووداو- سلێمانی

پێشمەرگەیەکی خانەنشین لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشت. خزمێکیان دەڵێت، کوڕە تاقانەکەی دەیویست بڕوات بۆ ئەورووپا، ئەو داوای لێکردووە نەڕوات، کوڕەکەی بە قسەی نەکردووە و لەداخی ئەوە خۆی سووتاندووە، بەڵام کوڕەکەی ئەو قسەیە رەتدەکاتەوە.

جەمال سەعید، تەمەنی 59 ساڵ و دانیشتووی گەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی بوو، رۆژی 2016/12/20 لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشت. جەمال پێشمەرگەی خانەنشین بووە و لە چێشتخانەیەک کاری کردووە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو هاووڵاتییە کلاشینکۆفی خستووەتە ژێر چەناگەی و خۆی کوشتووە، بەڵام تائێستا هۆکارەکەی نازانرێ چونکە قسە لەگەڵ کەسوکاری نەکراوە.

سێ رۆژ دوای رووداوەکە، (رووداو) سەردانی خێزانەکەی کرد. جەزا حەمەخورشید، پورزای جەمال گوتی "جەمال بەر لەوەی خۆی بکوژێ لەلای دراوسێکانی گوتبووی زۆر بێزارە و تاقەتی ئەو ژیانەی نییە و دەیەوێ خۆی بکوژێ، لە رووی داراییەوە هیچ کێشەیەکی نەبوو، هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتیشی نەبووە، بۆیە نازانین بۆچی خۆی کوشتووە".

بە گوتەی ئەو پورزایەی، جەمال دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە کە ئێستا لای پۆلیسە و نووسیویەتی "هیچ کەسێک هۆکاری خۆکوشتنەکەم نییە، بەڵام کۆتایی بە ژیانم دێنم و کێشەم لەگەڵ کەسیشدا نییە".

ئەو پیاوە تەنیا کوڕێکی هەیە. خزمێکیان قسەیەکی دیکەی سەبارەت بە خۆکوشتنی جەمال کرد و گوتی "لە پرسەی ژناندا، ژنەکەی جەمال گوتوویەتی چەند رۆژێک پێش رووداوەکە، تکایان لە کوڕەکەیان کردووە نەڕوات بۆ ئەورووپا، ئەو رۆژەی خۆیشی کوشتووە، پەیوەندی بە کوڕەکەیەوە کردووە و گوتوویەتی لەکوێیت؟ کوڕەکەی گوتوویەتی لە فڕۆکەخانەم، جەمالیش گوتوویەتی ئەگەر نەگەڕێیتەوە خۆم دەکوژم، کوڕەکەشی گوتوویەتی بلیتی سەفەرم بڕیوە". بەڵام جەزا ئەو قسەیەی رەتکردەوە و گوتی "ئەوە دوورە لەڕاستییەوە".

پاڤێڵ، تەمەن 22 ساڵیش لە پرسەی باوکیدا ئەو قسەیەی رەتکردەوە و گوتی "ئەو رۆژە نەک هەر نەچوومەتە فڕۆکەخانە، بەڵکو لە نزیکی فڕۆکەخانەش نەبووم، هیچ کێشەیەکیش لە نێوان من و باوکمدا نەبووە و ئەو قسەیە دروستکراوە".

کوڕەکەی گوتیشی "باوکم کێشەی نەبووە و ئەو رۆژە پەیوەندی پێوە کردم و گوتی لەم ژیانە بێزار و بێتاقەتم و خۆم دەکوژم".

### 64 پیاو خۆیان کوشتووە

بەپێی ئامارێکی یەکێتیی پیاوانی کوردستان کە دراوەتە (رووداو)، لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا 10ی ئەم مانگە، لە هەرێمی کوردستان 64 کەس لە رەگەزی نێر خۆیان کوشتووە. بورهان عەلی سکرتێری یەکێتی پیاوان بە (رووداو)ی راگەیاند "ژمارەی خۆکوشتنەکان لەوەش زیاترە، بەڵام هەندێکیان باس ناکرێن، هۆکاری خۆکوشتنەکانیش بە پلەی یەک قەیرانی دارایی بووە".

## خەلیلزاد بۆ ترەمپ:

# سنوورەکان لە سووریا و عێراق خەریکە هەڵدەوەشێنەوە



ڕووداو- هەولێر

هەتا ئێستاش هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، دیار نین. زاڵمای خەلیلزاد، کۆنە دیپلۆماتی ئەمریکی، لە وتارێکدا لە گۆڤاری (نەشناڵ ئینترەست) چەند پێشنیازێک لەبارەی سیاسەتی دەرەوە بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا دەخاتەڕوو.

### وێنەیەکی گشتیی ڕەوشی جیهان

خەلیلزاد ئاماژە بەوە دەدات کە لە دوای کۆتایی جەنگی سارد "جیهان هیچ قۆناغێکی لەمەی ئێستا مەترسیدارتری بەخۆیەوە نەبینیوە"، هۆکاری ئەمەش بە بۆچوونی خەلیلزاد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "زلهێزەکانی جیهان، لەسەرووی هەمووشیانەوە چین و ڕووسیا دەیانەوێ کێشە بۆ نەزمی زاڵی جیهان دروست بکەن، بۆ ئەوەی برەو بە ئەجێندا و ڕوئیای خۆیان بدەن. هەر بۆیە هەڕەشەی جەنگی نێوان زلهێزەکان لەئارادایە".

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق پێیوایە جگە لە ڕووسیا (کە پاشەکشێی ئەمریکای قۆستووەتەوە) و چین (کە دەیەوێ ببێ بە هێزی یەکەمی سەردەم) لە ناوچەکانی دیکەی جیهانیش حکومەت و دامەزراوە بان ـ حکومییەکان خەریکن لاواز دەبن، بۆیە دەبینرێ ئەو سنوورانەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کێشابوونی، خەریکە لە سووریا و عێراق لەبەریەک هەڵدەوەشێن.

بەگوێرەی وتارەکەی خەلیلزاد، گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی عێراق و سووریا بووبێتەوە "هەڕەشەی تیرۆریزمە کە بەهۆی دەستێوەردانی زلهێزەکانی ناوچەکەوە ئاگرەکەی تادێت خۆشتر دەبێت". جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیاسەتەکانی ئێران خەریکە "سیستەمی دەوڵەت ـ نەتەوە" لە ناوچەکەدا لەناو دەبات. ئەمەش بەهۆی "پشتگیریی ئەم وڵاتە لە گروپە توندڕەوەکان و میلیشیاکان لە عێراق، سووریا و یەمەن".

بەبۆچوونی زاڵمای خەلیلزاد "بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیاش ئەم هەڕەشانە گەورەتر دەکات"، لەبەر ئەوەی "تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی و مووشەکی باڵستیکی خەریکە تەشەنە دەستێنێ". لەلایەکی دیکەوە وڵاتە دژبەرەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا "خەریکن پەرە بە توانای هێرشی سایبیریی خۆیان دەدەن، بەمەش هەڕەشە لە ژێرخانە هەستیارەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەکەن"، ئەمە جگە لەوەی پێشکەوتنی بواری پەیوەندی وای کردووە "گروپە سیاسییەکان بە ئاسانی و دەمودەست جموجۆڵ بە جەماوەرەکانیان بکەن و گروپە تیرۆریستییەکانیش بە کەمترین خەرج چالاکی بکەن و لە هەموو جیهانەوە ئەندام کۆبکەنەوە".

### سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕەوشێکی ئاڵۆزدا

لەم بەشەی وتارەکەیدا، خەلیلزاد دەڵێت سیاسەتی دەرەوەی نوێی ئەمریکا دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بێ کە پێگەی دەسەڵاتی ئەمریکا ڕێژەییە "واتە ئەگەرچی ئەمریکا هەتا ئێستاش بەهێزترین دەسەڵاتە لە جیهاندا، بەڵام جیاوازیی هێزی ئەم وڵاتە لە چاو وڵاتەکانی دیکە ڕووی لە کەمبوونەوەیە". هەر بۆیە "سەرۆکی نوێی ئەمریکا برێکی زۆر ئامرازی لەبەردەست نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکان". خەلیلزاد دەڵێ "سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا لەلایەن دۆست و دوژمنە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانەوە تاقی دەکرێتەوە".

کۆنە دیپلۆماتەکەی ئەمریکا پێیوایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەداکان، دۆناڵد ترەمپ پێش هەموو شتێک دەبێ ڕوانگەیەکی ستراتیژیی ڕوونی هەبێت، ئەم ڕوانگە ستراتیژییە دیاری دەکات "ئامانجەکانی کامانەن و چۆن دەکرێ پێیان بگات"، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێ ئەوەشی لەبەرچاو بێت کە ئاخۆ "ئاکامەکانی ئەم ستراتیژە هەتا چەندە لای خەڵکی ئەمریکا پەسەندن"، بەم شێوەیەش ترەمپ دەتوانێ "پشتگیری کۆنگرێس (نوخبە) و ڕای گشتی بەدەست بهێنێ".

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق پێنج هەنگاو پێشنیاز دەکات بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێ تەرکیز بخاتە سەر پرسە درێژخایەنەکان:

**یەکەم:** هەنگاوی خێرا بنرێت بۆ ئەوەی ئابووریی ئەمریکا بکرێتەوە بە ئابوورییەکی تەندروست و توانای سەربازیی ئەمریکا بەرز بکرێتەوە.

**دووەم:** ئاشتی لە نێوان زلهێزەکاندا مسۆگەر بکرێ. ئەمە لەلایەکەوە پێویستی بە شارەزایی دیپلۆماتیک هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە داوای ڕێگریی سەربازی دەکات. ئەوەش نەک هەر ڕێ لە سەرهەڵدانی جەنگی نێوان زلهێزەکان دەگرێت، بەڵکو ناسەقامگیریش لە جیهاندا کەم دەکاتەوە.

**سێیەم:** ڕێگە نەدرێ هێزە دوژمنکارەکان دەست بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا بگرن، بە تایبەتیش ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**چوارەم:** بەرەنگاربوونەوەی توندئاژۆیی و تیرۆریزم پێویستی و ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرایە، بەشێک لەم کێشەیەش بەرهەمی قەیرانی نێوخۆیی شارستانییەکی ئیسلامییە. هەر بۆیە چاوەڕێ دەکرێ بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم کێشەیە بەردەوام بێ.

**پێنجەم:** ئەمریکا درێژە بە پێشخستنی دیموکراسی و حوکمڕانی چاک لە جیهاندا بدات. بەڵام ئەمە کە پەرەپێدانی بەهاکانە، دەبێ لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییەکاندا هاوسەنگ بکرێتەوە.

### ترەمپ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

خەلیلزاد پێیوایە ئیدارەی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕووبەڕووی دوو تەحەدی سەرەکی دەبێتەوە: یەکەمیان پەیوەندی بە هەژموونخوازیی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە و ئەوەی دووەمیان بۆ هەڕەشەکانی تیرۆریزم دەگەڕێتەوە لە لایەن داعش و ناوچەکانی نێوان پاکستان و ئەفغانستان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشەیەش خەلیلزاد ڕێگەچارەی سەربازی ڕەتدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی "هەم تێچوونێکی زۆری هەیە و هەمیش درێژە دەکێشن". هەروەها ڕەتیشی دەکاتەوە ئەمریکا لە کێشە ناوچەییەکاندا "لایەنگری لە لایەنێکی کێشەکان بکات".

سەبارەت بە کێشەی یەکەم (واتە ئێران)، زاڵمای خەلیلزاد پێیوایە "واشنتن دەبێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکانی لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات، لە کاتێکدا لە ماوەی دەسەڵاتی ئیدارەی ئۆبامادا متمانەیان بە ئەمریکا کەمبووەتەوە". لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا دەبێت چاودێریی چاکسازییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سعودیە بکات، لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی ئەم وڵاتە "دواجار دانیان بەوەدا ناوە کۆمەڵێک کەس و ڕێکخراو لەم وڵاتەدا پشتگیرییان لە بڵاوبوونەوەی جیهانبینی ئیسلامی ڕادیکاڵ کردووە". بە بۆچوونی خەلیلزاد، پرۆگرامی "ڕوئیای 2030" چوارچێوەیەکە بۆ نوێکردنەوەی سعودیە، نەک هەر لەڕووی ئابوورییەوە، بەڵکو لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە. بۆیەش حکومەتی ئەمریکا دەبێ هانی "کۆمپانیا، زانکۆ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەمریکا بدات کە لە سەرکەوتنی ئەو پرۆگرامەدا یارمەتیدەری ڕیاز بن".

لەمەڕ قەیرانی سووریا، خەلیلزاد پشتگیری لە هەوڵەکانی ترەمپ بۆ نزیکبوونەوە و پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕووسیا دەکات، هاوکاتیش ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ئەسەد دوو بژاردە لەبەردەستدا دەبێت: یەکەم ئەسەد سەرۆکی ناوچە عەلەوییەکانی سووریایەکی نامەرکەزی بێت. بژاردەی دووەم ئەوەیە جەنگەکە لە بەشەکانی نزیک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەسەدەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی سووریا و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەسەد بگوازرێتەوە. لەم شوێنانەش ناوچە ئازادکراوەکان ڕادەستی هێزە کوردی و عەرەبە سوننەکان دەکرێ، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێ میلیشیا شیعەکان بۆشایی ئەمنی و سیاسی پڕبکەنەوە.

لە کۆتایی وتارەکەیدا، زاڵمای خەلیلزاد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دەرەوە بتوانێ لە درێژخایەنیشدا سەرکەوتوو بێت، دەبێ بژارە و پێشنیازەکانی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمریکا (دیموکراتەکان و کۆمارییەکان) لەبەرچاو بگیرێت. لەم حاڵەتەدا "سەرۆک ترەمپ دەتوانێ شان لە شانی ڕۆناڵد ڕەیگن بدات، کە بە سەرکردەی سیاسەتی دەرەوە ناسرابوو".



## ئەمریکا بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی لە دژی ئیسرائیل ڤیتۆ نەکرد

# ئۆباما دوایین گورزی خۆی لە نەتەنیاهۆ دەوەشێنێ

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 2016/12/23، ئەمریکا بە دەنگدانی سپی ڕێگەی بە نەتەوە یەکگرتووەکان دا بڕیارنامەیەک لە دژی پرۆژەکانی نیشتەجێکردنی جوو لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین دەربکات. ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەمریکی و ئیسرائیلی ئاشکرایان کردووە ئەم بڕیارەی ئۆباما پەیوەندی بە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکاوە هەبووە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا.

ئەم هەنگاوەی واشنتن لە کاتێکدایە کە ئۆباما تەنیا چوار هەفتەی لە کۆشکی سپی ماوە. ڕەنگە ئەمە دوایین گورزی سەختی ئیدارەی ئۆباما بێت لە بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کە لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا بە دەگمەن هەنگاوە سیاسییەکانیان پێکەوە تەبا بووە. ئەم بڕیارەی ئیدارەی ئۆباما لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا نەریتشکێنی بوو.

بەرپرسێکی باڵای ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکای بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پشت ئەم "هەنگاوە شەرمەزارکەرەن". بەرپرسە ئیسرائیلییەکە کە نەیویستووە نای ئاشکرا بکرێ، ڕاشیگەیاند "ئیدارەی ئەمریکی بە نهێنی لەگەڵ فەلەستینییەکان پلانیان بۆ تێپەڕاندنی ئەم بڕیارنامە دژە ـ ئیسرائیلییە داناوە".

بەدواداچوونێکی تایبەتی وۆڵ ستریت جورناڵ پەردە لەسەر لایەنی شاراوەتری ئەو هەنگاوەی واشنتن هەڵدەداتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەم ڕۆژنامەیە، بڕیارنامەی تایبەت بە پرۆژەکانی نیشتەجێکردنی جوو لە کەناری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئورشەلیم، ماوەی یەک ساڵ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستاودەستی پێکراوە. ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکیش بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ئاشکرا کردووە کە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، بژارەکانی بەردەم ئیدارەی ئۆبامای ئاڵۆزتر کردووە.

بەگوتەی ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکی، بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، ئیدارەی کۆشکی سپی بە نیاز نەبووە هەنگاوێک بنێت کە دواتر کێشە بۆ هیلاری کلینتن دروست بکات، لەبەر ئەوەی کلینتن هەمووکات وەکوو پاڵپشتیکارێکی گەورەی ئیسرائیلییەکان سەیرکراوە، بەڵام کلینتن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا دۆڕا. پلانی ئیدارەی ئۆباما بۆ چارەسەری کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان لەسەر بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین دامەزرابوو، ئەم ڕێگەچارەیە بە "ڕێگەچارەی دوو دەوڵەت" ناوی دەرکردبوو، بەڵام پرۆژەکانی ئیسرائیل شکستی بە هەوڵەکانی ئیدارەی ئۆباما هێنا.

ژمارەیەک بەرپرسی ئیسرائیلیش ئاشکرایان کردووە حکومەتی وڵاتەکەیان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کۆشکی سپی پاش سەرکەوتنی ترەمپ کۆمەڵێک هەنگاو بنێت کە لە بەرژەوەندی سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیل نین.

ڕۆژی 12ی کانوونی یەکەم جۆن کێری لە واشنتن لەگەڵ دانوستانکاری فەلەستینییەکان کۆببووەوە. بەرپرسێکی باڵای ئیسرائیل لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە لەو کۆبوونەوەیەدا "کێری لەگەڵ فەڵەستینییەکان پیلانی ئەوەیان داناوە بڕیارنامەکە تێپەڕێنن". بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا ئامادەیە دەنگی سپی یان بێلایەن بە بڕیارنامەکەی کۆمەڵگای نێودەوڵەت بدات.

هەڵبەت دیپلۆماتە فەڵەستینییەکان لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵەوە بیریان لەوە کردبووەوە هەوڵ بۆ ئامادەکردنی بڕیارنامەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایش بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش دوو ڕەشنووسیان ئامادەکردبوو. یەکەمیان ئیدانەی پرۆژەی نیشتەجێکردنی ئیسرائیل دەکات، دووەمیان داوا دەکات دان بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستیندا بنرێت کە دواتر وازیان لێی هێنا، چونکە گومانیان هەبووە ئەمریکا بتوانێ پشتیوانی لێبکات. بۆیەش هەوڵەکانیان لەسەر ڕەشنووسی یەکەم چڕکردووەتەوە.

لە کۆتایی مانگی پێشوو، کۆبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی لە قاهیرە بەڕێوەچوو، لەو کۆبوونەوەیەدا داوا کرا میسر، وەکوو تاکە وڵاتی عەرەبی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش، سەرپەرشتی هەوڵی فەڵەستینییەکان بکات. میسر ئەم بەرپرسیارێتییەی قەبووڵکرد، بەڵام پاش پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ترەمپ و عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر، قاهیرە ڕەشنووسەکەی خۆی کێشایەوە.

هەمان شەو ئۆباما کۆنفرانسێکی تەلەفۆنی لەگەڵ جۆن کێری، جۆزێف بایدن، جێگری ئۆباما و سامانسا پاوەر، باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان سازدابوو. پەیامی ئۆباما ڕوون بوو، واتە سەرۆک ئامادەیە دەنگی سپی بە بڕیارنامەکە بدات، لە هەمانکاتیشدا داوای کردبوو لە دوایین گۆڕانکارییەکان لە ڕەشنووسی پرۆژە بڕیارەکە ئاگادار بکرێتەوە.

ڕەشنووسی بڕیارنامەکە لە لایەن نیوزیلاند، مالیزیا، ڤەنزوێلا و سنیگال ئامادەکرابوو و داوای ڕاگرتنی پرۆژەکانی نیشتەجێکردن لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ناوچە داگیرکراوەکان دەکات. ڕۆژی پێشتر میسر پێشنیازێکی هاوشێوەی ئامادەکردبوو، بەڵام لە ژێر گوشاری ئیسرائیل و ترەمپ ڕەشنووسەکەی خۆی کێشایەوە.

هەنگاوەکەی ئیدارەی ئۆباما ناڕەزایەتی کۆمارییەکان و دیموکراتەکانی لێکەوتووەتەوە، هەردوو لایەنیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەمریکا دەبوایە وەکوو نەریتی هەمیشەیی خۆی ئەم جۆرە بڕیارنامانە کە لە دژی ئیسرائیلن، ڤیتۆ بکات، هەڵبەت سەرۆکە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمریکا بەردەوام دژایەتی خۆیان لەگەڵ پرۆژەی نیشتەجێکردن لە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین دەربڕیوە، بەڵام هیچکات ئەم دژایەتییە خۆی لە چوارچێوەی بڕیارێکی یاسایی و سیاسیدا نەبینیبووەوە.

دوایین هەفتەکانی دەسەڵاتی ئۆباما بە "زۆن یان ماوەی کوشتن" ناوی دەکردووە کە تێیدا ئیدارەی ئێستای کۆشکی سپی کۆمەڵێک هەنگاو دەنێت یان بڕیار دەدات کە هەڵوەشاندنەوەیان بۆ ئیدارەی داهاتووی کۆشکی سپی ئاسان نابێت. سەرەڕای ئەمە ترەمپ دوای تێپەڕینی بڕیارنامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش لە تویتێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە دوای 20ی کانوونی دووەم شتەکان جیاواز دەبن". بێن ڕۆدز، جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، لە وەڵامی ئەو تویتەی ترەمپ گوتبووی "حاڵی حازر ئەمریکا تەنیا یەک سەرۆکی هەیە"

### ئیسرائیل پابەند نابێت

چەند دەیەیە ئیسرائیل سیاسەتی نیشتەجێکردنی ئیسرائیللەکان لەو ناوچانە پەیڕەو دەکات کە لە ساڵی 1967 و لە دوای جەنگی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی دەستی بەسەردا گرتن. زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو هەنگاوەی ئیسرائیل بە نایاسایی دەزانن و پێیانوایە بەربەستێکی سەرەکییە لە بەردەم ئاشتیدا. بەپێی بڕیارنامەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی 2016/12/23 دەنگی لەسەر دراوە، داوا لە حکومەتی ئیسرائیل دەکرێ "دەمودەست و بە تەواوەتی چالاکییەکانی نیشتەجێکردن لە ناوچەی داگیرکراوی فەڵەستین ڕابگرێت. چونکە ئەو چالاکیانە هیچ ئیعتیبارێکی یاسایی نییە و پێشێلکردنێکی زەقی یاسای نێودەوڵەتییە". بەڵام بنیامین نەتەنیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "ئیسرائیل پابەندی بڕیارنامەکە نابێت".

## گومان دەکرێ جێی (عەدنانی)ی گرتبێتەوە

# سەرکردە ئەمریکییەکەی داعش بناسە

رووداو- هەولێر

لە سوپای ئەمریکادا بە هەڵسوکەوتی خراپ ناسرابوو، زۆر حەزی لە مادە هۆشبەرەکان بووە. بەپێی تەمەنی خۆی دەستکەوتێکی ئەوتۆی لە ژیاندا نەبووە، بەڵام هەمان کەس لەنێو داعش دەبێتە جێگرەوەی محەممەد ئەلعەدنانی، گوتەبێژ و کەسی دووەمی داعش.

بەگوێرەی راپۆرتێکی گۆڤاری (ئەتلانتیک)ی ئەمریکی، جۆن جۆرجیلاس، لەدایکبووی شاری تێکساس، لە ئابی 2013ەوە بە خۆی و خێزانە دووگیان و سێ منداڵەکەیەوە هاتبوونە سووریا. تەنیا مانگێک دواتر دەرکەوت، تانیای هاوژینی جۆن، چیدی بەرگەی رەوشی سەختی ژیانی سووریا ناگرێ، بۆیە لە رێگەی عەزازەوە، لە باکووری سووریا، رەوانەی تورکیا کرا. تانیا لە ئیستەنبوڵەوە بەرەو لەندەن گەڕابووەوە.

ئەوکات جۆن، کە بە یەحیا ئەبوو حەسەن ناسراوە، تەمەنی 29 ساڵ بوو، خەونی بە دامەزراندنی ئەو خەلافەتە دەبینی کە کەمتر لە ساڵێک دواتر ئەبووبەکر بەغدادی، لە مزگەوتەکەی مووسڵەوە رایگەیاند.

ئامادەکاری راپۆرتەکە یەکەمجار ناوی یەحیای لە سەلەفییەکی ئوسترالی بەناوی مووسا سێرانتۆنیۆ بیستبوو، کە ئێستا بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ چوونە ریزەکانی داعش لە زیندانە. بەگوێرەی راپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە، سێرانتۆنیۆ بە سەرسامییەکی زۆرەوە باسی یەحیای کردووە و بە "مامۆستا و سەرکردە" ناوی بردووە. بە گوتەی ئەو سەلەفیە جیهادییە ئوسترالییە، یەحیا لە سەرەتای 2014 هانی سەرکردەکانی داعشی دابوو خەلافەت رابگەیەنن، چونکە بە بۆچوونی ئەو هەم ناوچەیەکی زۆریان بەدەستەوە بووە، هەمیش ئەبووبەکر بەغدادی لە رەوشێکی فیزیکی تەندروستدایە و لە وەچەی قورەیشیشە.

راپۆرتەکەی ئەتلانتیک ئاشکرای دەکات یەحیا و ئەلعەدنانی یەکەمجار لە حەلەب یەکدییان بینیوە، بەپێی قسەکانی مووسا لەو دیدارەدا یەحیا هۆشداری داوەتە عەدنانی کە ئەگەر بەغدادی خەلافەتەکە رانەگەیەنێت گوناهبار دەبێ، بەڵام عەدنانی دڵنیای کردبووەوە کە خەلافەتەکە چەند مانگێکە بە نهێنی دامەزراوە.

### لە خێزانێکی سەربازییەوە بۆ ریزەکانی داعش

جۆن تۆماس جۆرجیلاس لە 1983 لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی بە رەچەڵەک یۆنانی لەدایک بووە. خزمەت لە سوپا نەریتێکی درێژی ئەو بنەماڵەیە بووە. باپیری جۆن لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا دوو جار بریندار بووە، باوکیشی لە ساڵی 2001 بە پلەی کۆلۆنێل خانەنشین کراوە. جۆن دەبووایە درێژە بەم نەریتە بدات، بەڵام تیم جۆرجیلاس بۆ ئەتلەنتیکی باس دەکات "جۆن بۆ ئەم ئەرکە دروست نەکرابوو"، چونکە هەم جەستەی لاواز بوو، هەمیش خولق و خۆی لەگەڵ دیسیپلینی سەختی سەربازیدا نەدەگونجا.

جۆن دواتر لە کۆلێژ ستەیشن لە بەشی فەلسەفە وەرگیرا و یەکێک لە وانەکانیان ئاینەکانی جیهان بووە. ئەم وانەیە و مشتومڕەکانی نێو پۆل سەرەتای ئاشنایەتی ئەو بە ئاینی ئیسلام بووە. دوو مانگێک دوای رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر، جۆن بوو بە موسڵمان و ناویشی بوو بە یەحیا. لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ، یەحیا نامەیەکی بۆ ماڵەوە ناردبوو کە لە دیمەشقە و خۆی فێری زمانی عەرەبی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش نەک هەر دوو فەرهەنگی ئینگلیزی ـ عەرەبی لەبەرکرد، بەڵکو بەردەوام بەناو شەقامەکانی دیمەشقدا دەگەڕا بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی شارەکە زیاتر شارەزای عەرەبی ببێت. ئێستا کەم عەرەب هەیە، هێندەی جۆن شارەزای عەرەبیی کۆن بێت.



یەحیا سەرەتا بەنیاز بووە رەوتی سۆفیگەری بگرێتەبەر، بەڵام دواتر و لە ژێر کاریگەریی سەلەفییە جیهادییە بەریتانییەکاندا بە نوسخەی "بن لادن"ی ئیسلام ئاشنا دەبێ. لە ساڵی 2003ش دوای مانگێک چاتکردن لەگەڵ تانیا، بڕیاری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەدەن. تانیاش هاوشێوەی جۆن بیرکردنەوەیەکی توندئاژۆی ئیسلامیی هەبووە. بەڵام ئەمە تاکە خاڵی هاوبەشیان نەبوو، بەڵکو هەردووکیان بڕواشیان بەوە بوو کە مادە هۆشبەرەکان وەکوو جێگرەوەیەک بۆ خواردنەوە کحولییەکان حەڵاڵە. وەک دواتر دەردەکەوێ، تانیا پێیوابووە یەحیا دیارییەکە خوا بۆ ئەوی ناردووە، بۆیە ئەوەی یەحیا پێی راست بوو ئەویش دەبێ قەبووڵی بکات، تەنانەت خەوی بەوەوە دەبینی حەوت منداڵی ببێت، بۆ ئەوەی هەر کامیان لە کیشوەرێک جیهاد بکەن.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی ئەتلانتیک، یەحیا و تانیا لە لەندەن چاویان بە ئەبوو عیسا کەوتووە کە ساڵانێکی زۆر بەر لە بەغدادی لە ویلایەتی کونار لە ئەفغانستان خەلافەتی راگەیاندبوو. ئەبوو عیسای قورەیشی سەرکردەیەکی سەلەفی جیهادی بوو کە لە دوای هاتنی بن لادن بۆ ئەفغانستان و گیرانی پارێزگای کونار لەلایەن قاعیدە و تاڵیبانەوە، بەرەو لەندەن رایکرد. یەحیا یەکەمجار لای ئەو بیرۆکەی دامەزراندنی خەلافەت لە مێشکیدا چەسپی.

لە 2004 تانیا و یەحیا گەڕانەوە ئەمریکا، هەوڵەکانی یەحیا بۆ دۆزینەوەی کار لە مزگەوتەکان بێسوود بوو، لەبەر ئەوەی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا گومانی لێدەکرد جیهادی بێت. لە ساڵی 2006 واتە هەمان ئەو ساڵەی بە نیازی هاتنە عێراق بوو، یەحیا بە تۆمەتی هاککردنی کۆمیتەی کاروباری گشتیی ئیسرائیل و ئەمریکا و بڵاوکردنەوەی بیری جیهادی لە نێوان گەنجەکاندا، بۆ ماوەیەک بەند کرا. ئەم ماوەیە هەلێک بوو بۆ تانیا بۆ ئەوەی خۆی دەقە ئاینییەکان بخوێنێتەوە و لەژێر حوکمی رەهای یەحیا دەربچێ.

بەگوێرەی ئەتلانتیک، تانیا بەنیاز بووە بورقەع فڕێ بدات و تەنیا لەچکی لەسەر بێت، یەحیا ئەم پێشنیازەی رەتکردبووەوە، تەنانەت داوای لە هاوژینەکەی کردبوو ئەمریکا بەرەو ناو ریزەکانی تاڵیبانی نایجیریا، رێکخراوە توندڕەوەکەی پێش بۆکۆحەرام، جێبهێڵێت. لە وەڵامی ئەم داوایەشدا تانیا هەڕەشەی جیابوونەوەی کردبوو.

لە تشرینی دووەمی 2011 یەحیا و تانیا ئەمریکایان بەرەو لەندەن جێهێشت، نەک هەر بۆ ئەوەی تانیا دایک و باوکی خۆی ببینێت، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە خۆیشی چاوی بە هاوژینی دووەمی خۆی بکەوێت کە چەند مانگێک پێشتر مارەی کردبوو، بەڵام بەهۆی قەدەغەی گەشتەوە نەیدەتوانی لە نزیکەوە بیبینێ.

پاش لەندەن، یەحیا و تانیا روویان لە قاهیرە، پایتەختی میسر کرد. لەوێ وەرگێڕانی فەتوا ئیسلامییەکان لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی سەرچاوەی دابینکردنی بژێوی جۆن بوو، بەڵام هەر لەوێش ناوبانگی یەحیا تەقییەوە، ژمارەیەکی زۆر لە جیهادییەکانی ئەوروپا بۆ بینینی یەحیا روویان لە قاهیرە دەکرد، بەڵام لەگەڵ رووخانی حکومەتەکەی ئیخوان موسلمین لە میسر، یەحیا و تانیاش بڕیاری دەرچوون لەو وڵاتەیان دا.

لەوکاتەدا جەنگی نێوخۆیی سووریا گەیشتبووە لوتکە، ئەمەش بۆ یەحیا وەکوو دەرفەتێکی زێڕین بوو. بۆ تانیاش هەلێک بوو بۆئەوەی خۆی لە داوی یەحیا رزگار بکات. بەگوێرەی راپۆرتەکەی ئەتلانتیک، یەحیا یەکەمجار بە هاوژینەکەی نەگوتبوو بە نیازی چوونە سووریایە، بەڵکو باسی تورکیای کردبوو. بەڵام تانیا لە ناکاو خۆی و منداڵەکانی لەسەر سنووری تورکیا و سووریا بینییەوە. ئەوە بوو دوای مانگێک داوای گەڕانەوە بۆ تورکیای کردبوو، ساڵێک دواتریش لە ئەمریکا داوای تەڵاقی کرد، ئێستاش چیدی ئەو تانیایە نەماوە کە یەحیا دەیویست.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، لە جەنگێکی نیسانی 2014 دا یەحیا لە شەڕێکدا بریندار بووە. لە کاتی راگەیاندنی خەلافەتی داعشدا، یەحیا لە حەلەب بوو، بەڵام یەکسەر بڕیاری چوون بۆ رەققەی دا. داعش بڕیاریدا ئەبوو حەسەن بۆ مەیدانی جەنگ رەوانە نەکات، نەک لەبەر ئەوەی بریندار بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی عەرەبی و ئینگلیزییەکی باشی دەزانی، توانا و ئەزموونی پڕوپاگەندەی بیرۆکەی جیهادی زۆر بوو، لە بواری کۆمپیوتەریشدا زۆر شارەزا بوو. بۆیە "جیهاد"ەکەی یەحیا کەوتە سەر کیبۆردی کۆمپیتەر، مایکرۆفۆنی رادیۆی بەیان و گۆڤاری دابق. ئامادەکاری راپۆرتەکە بەدووری نازانێ لە دوای کوژرانی عەدنانی، یەحیا وەکوو بەرپرسی پڕوپاگەندەی داعش دەستنیشان کرابێ.

## پۆلیسی ئەڵمانیا دەیتوانی رێ لە هێرشەکە بگرێت

# هێرشەکەی بەرلین کەلێنە ئەمنییەکانی ئەوروپا ئاشکرا دەکات

رووداو- هەولێر

رۆژی 2016/12/23، وەزارەتی ناوخۆی ئیتاڵیا پشتڕاستی کردەوە کە ئەنیس ئەمری، ئەنجامدەری هێرشەکەی 19ی مانگ لە بەرلین، لەلایەن پۆلیسی شاری میلانەوە لە ئیتاڵیا کوژراوە. هەمان رۆژ وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا هێشتا نەیدەتوانی کوژرانی هێرشکەرەکە پشتڕاست بکاتەوە، چونکە خۆیان ئۆپەراسیۆنەکەیان نەکردبوو. شێوازی هاتنی ئەمری بۆ ئەڵمانیا و سووڕانەوەی لەم وڵاتەدا، هێرشەکەی دووشەممە و دواتر راکردنی بۆ ئیتاڵیا، دەریدەخەن کە سیستەمی ئەمنیی ئەوروپا کەلێنی گەورەی تێدایە.

### کێشەی ئەنیس

بەگوتەی دایک و باوکی، ئەنیس بۆ پەیداکردنی پارە و کڕینی ئۆتۆمبێلێک رووی لە ئەوروپا کرد. ئەوکات تەمەنی کەمتر لە 19 ساڵ بووە. شەش ساڵ بەر لە بەرێکەوتنی بەرەو ئەوروپا، لە قوتابخانەکەی شارۆچکەی وەسلاتییە لە ویلایەتی قیروانی تونس دەرکرا. لە شوباتی 2011 لە رێگەی دەریای نێوەڕاستەوە بەرەو ئەوروپا کەوتبووە رێ. یەکێک لە هاورێکانی لە دیمانەیەکی رۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانیدا باسی لەوە کردووە کە گروپەکەی ئەمری بە دوو بەلەم رەوانە کراون، یەکێک لە بەلەمەکان لە نێوەڕاستی دەریادا نقوم بووە، بەڵام بەلەمەکەی ئەمری بە سەلامەتی گەیشتووەتە دوورگەی لامپیدۆزا لە ئیتاڵیا.

بەرلەوەی بێتە نێو ئەڵمانیاوە، ئەمری بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئیتاڵیا بەند کراوە، تۆمەتەکەشی سووتاندنی بنکەیەکی راگرتنی کۆچبەران لەو وڵاتە بووە. لەو نامانەی بۆ ماڵەوەی ناردووە، دەردەکەوێت کە بەرلەوەی لە حوزەیرانی 2015 بێتە نێو ئەڵمانیاوە، لە ئیتاڵیا شەش گرتووخانەی گۆڕیوە. بەگوێرەی راپۆرتی گرتووخانەی سیسیلی لە باشووری ئیتاڵیا، ئەمری کەسێکی "شەرمن، بێدەنگ بووە کە تێگەیشتن لە ناوەوەی ئاسان نییە".

هێرشکەرەکە یەکەمجار هاتووەتە شاری فرایبورگ کە دەکەوێتە نزیک سنووری ئەڵمانیا لەگەڵ سویسرا و فەرەنسا. بەڵام دواتر بەرەو هەرێمی راین وێستفیلیای باکوور چووە. دوای زیاتر لە ساڵێک حکومەتی ئەڵمانیا وەڵامی نێگەتیڤ بە کەیسی ئەمری دەدات. پاش ئەم بڕیارەی فەرمانگەی کۆچبەران و دادگای ئەڵمانیا، ئەمری دەبووایە دیپۆرتی تونس بکرێتەوە، بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکی پێ نەبوو کە بەهۆیەوە دیپۆرتی وڵاتەکەی خۆی بکەنەوە. وەکوو وەزارەتی نێوخۆی هەرێمەکەش ئاشکرای کردووە، حکومەتی تونس سەرەتا هەر رەتیکردووەتەوە کەسێک بەو ناوە لە وڵاتەکەیان هەبێ.

دواجار حکومەتی تونس قەبووڵی کردووە کە ئەم گەنجە 24 ساڵانە هاووڵاتی ئەوانە و رەزامەندی و پاسپۆرتی دیپۆرتکردنەوەکەشیان بۆ حکومەتی ئەڵمانیا ناردبوو کە رۆژی چوارشەممە، گەیشتبووە دەست حکومەتی ئەڵمانیا، واتە دوو رۆژ دوای هێرشەکەی بەرلین کە تێیدا 12 کەس بوونە قوربانی. بە گوێرەی راپۆرتی پۆلیسی ئەڵمانیا، ئەمری شەش ناوی خوازراو و سێ باری نەتەوایەتی جیاوازی بەکارهێناوە.

### کەلێنە ئەمنی و یاساییەکان

رای گشتی و میدیاکانی ئەڵمانیا بەم راپۆرتەی حکومەت وازیان نەهێنا. گۆڤاری دێر شپیگڵی ئەڵمانی لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە کە پۆلیس پێشتر زانیاری هەبووە ئەمری بە نیازی هێرشە، بەڵام هەڕەشەکەیان بە جیدی وەرنەگرتبوو. هەفتەنامەی فۆکەسی ئەڵمانی ئەم راپۆرتەی لە زاری ژمارەیەک بەرپرسی حکومییەوە پشتڕاست کردووەتەوە. بە گوێرەی هەردوو راپۆرتەکە ئەنیس ئەمری، لەگەڵ بازنەی ئەبوو وەلائی عێراقی پەیوەندی هەبووە. ئەبوو وەلا کە گوتارخوێنێکی ئەڵمانی ـ عێراقییە، لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بە تۆمەتی بانگەشەکردن بۆ داعش لە ئەڵمانیا دەستگیر کرا.

هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پۆلیس و دەزگای ئەمنیی ئەڵمانیا لە نزیکەوە چاودێریی جموجۆڵەکانی ئەنیس بکەن. بەگوێرەی راپۆرتەکان ئەنیس لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە خرابووە نێو لیستی ئەو کەسانەی دەبووایە بەگوێرەی یاسای تیرۆر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ. بەگوێرەی راپۆرتەکەی شپیگڵ، پۆلیسی هەرێمەکە لە کاتی چاودێریکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی ئەبوو وەلادا، گوێیان لە پەیوەندییەکی ئەنیس بووە کە پێشنیازی کردووە لە هێرشێکی خۆکوژیدا بەشدار بکرێ، بەڵام هیچکام لەمانە بەجددی وەرنەگیراون. گۆڤاری فۆکەس ئاشکرای کردووە کە پۆلیسی ئەڵمانیا لە مانگی تەمووزەوە زانیارییان هەبووە لەسەر ئەوەی ئەنیس بە نیازی هێرشە. ئەنیس لە مانگی تەممووز وەڵامی نێگەتیڤی لەسەر کەیسەکەی خۆی وەرگرتبوو.

جیا لەمە، پۆلیسی ئەڵمانیا چەند مانگێک بەر لە هێرشەکەی بەرلین، هەلی ئەوەی بۆ رەخسابوو ئەمری لە زینداندا بهێڵنەوە و رێگە لە هێرشەکەی 19ی مانگ بگرن، یەکەمیان کاتێک بوو کە بە تۆمەتی هەوڵی کڕینی چەک بۆ هێرش دەستگیرکرا و دواتر لە باشووری ئەڵمانیا و لە نزیک دەریاچەی کۆنستانس بە پاسپۆرتێکی ساختەی ئیتاڵییەوە دەستگیر کرا، بەڵام هەردوو جارەکە ئازاد کرا، ئەگەرچی هەم لای پۆلیس و هەم لای دەزگا ئەمنییەکان ناوی لەنێو لیستی گومانلێکراواندا هەبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە رەخنەگرەکان پێیانوایە سیاسەتی کۆچبەری لە ئەڵمانیا خۆی رێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی کەسانی وەک ئەنیس بە ئاسانی لەبەر چاوی پۆلیس ون ببن، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی فەرمانگەی کۆچبەران و پۆلیسی ئەڵمانیا کەیسی زیاتر لە یەک ملیۆن کۆچبەر و پەنابەریان لەسەر شانە.

یاسای ئەڵمانیا رێگە بە کۆچبەران دەدات دوای وەرگرتنی وەڵامی نێگەتیڤ بۆ ماوەی 18 مانگی دیکە لە ئەڵمانیا بمێننەوە و هەر شەش مانگ جارێک مۆڵەتی مانەوەکەیان نوێ بکەنەوە. بەگوێرەی راپۆرتێکی حکومەتی ئەڵمانیا، نزیکەی 170 هەزار کەسی لەمجۆرە لە ئەڵمانیان کە زۆربەیان خەڵکی ئەفغانستان، سووریا و وڵاتانی باڵکانن. لەم ژمارەیەش 37 هەزار کەسیان بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەوە ناکرێت رەوانەی وڵاتی خۆیان بکرێنەوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، چوار ساڵ لەمەوبەر حکومەتی ئیتاڵیاش ویستبووی ئەمری دیپۆرت بکاتەوە، بەڵام ئەوانیش هەمان کێشەی حکومەتی ئەڵمانیایان هەبووە، واتە ئەمری هیچ بەڵگەنامەیەکی پێنەبووە و حکومەتی تونسیش کە تازە لە ژێر باری بەهاری عەرەبی دەرچووبوو، ئامادەی هاوکاریی لەمجۆرە نەبوو.

دەزگا ئەمنییەکانی ئەڵمانیا تەنانەت لە دوای هێرشەکانیش نەیانتوانیبوو زانیاریی ورد لەسەر ئەنجامدەری هێرشەکە و جموجۆڵەکانی لە دوای هێرشەکە کۆبکەنەوە. حەوت کاژێر دوای هێرشەکەی بەرلین ئەمری لەو مزگەوتە بینراوە کە ئەبوو وەلا گوتارخوێن بووە تێیدا. ئەمەش لە کاتێکدا کە بەپێی راپۆرتی پۆلیس، هێرشکەرەکە رۆژانی 14 و 15ی ئەم مانگەش لەو مزگەوتە بینرابوو. لە راپۆرتی پۆلیسی ئەڵمانیادا کە بۆ وڵاتانی دراوسێی ئەڵمانیا نێردرابوو، باس لەوە کرابوو ئەمری بەپێ رایکردووە، بەڵام پۆلیسی ئیتاڵیا دەڵێت ئۆتۆمبێلی پێبووە و لە ئۆتۆمبێلدا رووبەڕووی دوو پۆلیسی ئیتاڵی بووەتەوە و کوژراوە.

## ئەنجامدەری هێرشەکەی بەرلین لە میلانۆی ئیتاڵیا کوژرا

بەگوێرەی دادوەری گشتی ئیتاڵیا، ئەنیس ئەمری، گومانلێکراوی هێرشەکەی بازاڕی کریسمەسی بەرلین، لە لایەن پۆلیسی شاری میلانەوە کوژرا.



1 1992 لە وسلاتیە لە تونس لە دایکبووە.

2 2001 لەگەڵ گروپێک و بە مەبەستی دزی هەڵیانکوتاوەتە سەر دوکانێک. دواتر بە قاچاخ چووەتە ئیتاڵیا و خۆی لە دادگا دزیوەتەوە.

3 2013 - 2015 بە تۆمەتی ئاگرتێپەردانی کەمپی کۆچبەران لە زیندانی شاری سیسیلی لە ئیتاڵیا بەندکرا. بڕیاری دیپۆرتکردنەوەشی دەرچووبوو، بەڵام حکومەتی تونس بەڵگەنامەی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە نەناردبوو.

4 تەمووزی 2015 دەچێتە ئەڵمانیا. لە شاری بادن - بادن و ئەمریخ ژیاوە.

5 شوباتی 2016 دەچێتە بەرلین و لە مامەڵەکردن بە مادە هۆشبەرەکان تێوەدەگلێت. ئەوکات پۆلیس ناوی خستە ئەو لیستەوە کە گومانی تیرۆریان لێدەکرێت.

5 **حوزەیرانی 2016:** حکومەتی ئەڵمانیا کەیسی پەناخوازییەکەی رەت دەکاتەوە. هەوڵی دیپۆرتکردنەوەشی دا، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامە نیانتوانیبوو بیگەڕێننەوە.

6 **19ی کانوونی یەکەم:** هێرشەکەی بەرلین دەکات. ناسنامەی ئەمری لە لۆرییەکدا دەدۆزرێتەوە کە تێیدا شارەکەی بە تەتاوین لە تونس دانراوە.

7 **23ی کانوونی یەکەم:** لە رووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ پۆلیسی میلان لە ئیتاڵیا کوژرا. پەنجە مۆرەکانی لەگەڵ ئەو پەنجە مۆرانەدا یەک دەگرێتەوە کە لەسەر لۆرییەکەی بەرلین دۆزرابووەوە.



بەهۆی ئەوەی کە بەغدا دەرمانی پێویست نانێرێ

# وەزارەتی تەندروستی 100 ملیار دینار قەرزداری کۆمپانیاکانی دەرمانە



سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

ئەو دەرمانەی لە بەغداوە دەگاتە کوردستان تەنیا نیوەی پێداویستییەکان پڕدەکاتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی قەیرانی داراییەوە تەنیا سێیەکی پێداویستییەکانی پێ دابین دەکرێ، بۆیە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت پارەیەکی زۆر قەرزاری کۆمپانیاکانی دەرمان بوونە.

دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان دەچنە چوارچێوەی ئەو بودجەیەی بەدەر لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە، دابین دەکرێ، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەڵێن بەغدا هێندە دەرمان نانێرێت کە پێداویستییەکانی کوردستان پڕ بکاتەوە.

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو دەرمانەی بەغدا بۆمان دەنێرێ، دەوروبەری 45%ی پێداویستییەکانی ئێمە پڕدەکاتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێ خۆمان بیکڕین".

هەر لەوبارەوە د.جەعفەر حەیدەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی لە سلێمانی بۆ کاروباری دەرمان، بە (رووداو)ی گوت "بەر لە ساڵی 2014 بەغدا دەرمانی پێویستی بۆ دەناردین، بەڵام دوای سەرهەڵدانی کێشەکانی هەولێر و بەغدا لە 2014 ەوە، بەغدا تەنیا 60%ی پێداویستی دەرمان دەنێرێ".

د.خاڵس دەڵێ سەرەڕای کەمبوونەوەی دەرمان، هاتنی ئاوارەکانیش گوشارێکی زۆرتری لەسەر وەزارەتی تەندروستی داناوە، چونکە هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ ئەوانیش لە پشکی خۆی دابین دەکات.

چەند رۆژێک لەمەوبەر د.سینان ئیبراهیم، بەڕێوەبەری کۆگاکانی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لە پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی گوت، ئەو بڕە دەرمانەی لە کۆگاکاندا ماوە، تەنیا بەشی 10 رۆژی داهاتوو دەکات و ئەگەر دەرمانیان بۆ دابین نەکرێت، مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان دروست دەبێت، چونکە وەزارەتی دارایی زیاتر لە دوو مانگە رێگەی نەداوە هیچ دەرمانێک بکڕن.

بەڵام د.خاڵس رەتیکردەوە بەمزووانە دەرمان لە کۆگاکان ببڕێن و گوتی "وەزارەتی دارایی بڕە پارەیەکیان تەرخان کردووە بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی، بە بەغداشمان گوتووە دەبێ دەرمانی پێویست بۆ ئاوارەکان و بریندارانی جەنگی مووسڵ دابین بکەن و پشکی کوردستانیش زیاتر بکەن".

## پارەی دابینکراو بەش ناکات

بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانەی بەغدا دابینیان ناکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەکی دیاری کردووە کە بەش ناکات. د.خاڵس دەڵێ "حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بڕی 6 ملیار دیناری بۆ دابین کردووین بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگە، کە بە هیچ جۆرێک هەموو پێداویستییەکانمان پڕناکاتەوە، چونکە مانگانە پێویستمان بە 10 ملیار دینارە".

دکتۆر خاڵس قادر ئاماژەی بەو بڕە قەرزە کرد کە بەهۆی کڕینی دەرمانەوە لەسەریان کەڵەکە بووە و گوتی "ئێستا 100 ملیار دینار قەرزداری کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکین".

وەک د.جەعفەر باسی دەکات، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی (جگە لە دەڤەرەکانی گەرمیان و راپەڕین) مانگانە بڕی 1.2 ملیار دیناری بۆ دابینکراوە بۆ کڕینی دەرمان، پێداویستی نەشتەرگەری و تاقیگە. "لە راستیدا ئێمە پێویستمان بە سێ هێندە پارە هەیە بۆ کڕینی ئەو پێداویستییانە بۆ یەکە تەندروستییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیمان".

لەبارەی جۆری ئەو دەرمانانەی لە سلێمانی روو لە کەمبوونن، د.جەعفەر بە (رووداو)ی گوت کە دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەگشتی روو لە کەمبوونن "دەرمانی دژە شێرپەنجە روو لە کەمییە، لەبەرئەوەی زۆر گرانە، سەختە بتوانین بە تەواوەتی دابینی بکەین، لە کاتێکدا نەک هەر لە سلێمانی و پارێزگاکانی کوردستان، لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقیشەوە نەخۆشی شێرپەنجە روومان تێدەکەن".

## پاشاگەردانی لە کڕینی دەرمان

ئێستا کڕینی دەرمان نەک لەسەر ئاستی وەزارەت، بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگا و تەنانەت بەڕێوەبەرایەتییەکانیش نییە و هەر نەخۆشخانە و بەشی خۆی دەکڕێت.

لە بەغدا دەزگایەکی ناوەندیی هەیە بەناوی "کۆمپانیای گشتی بە بازاڕکردنی دەرمان و پێداویستییە گشتییەکان" کە بە کیمیادیا ناسراوە و ساڵانێکی زۆرە هەیە. ئەو کۆمپانیایە بەرپرسە لە کڕینی هەموو دەرمان و پێداویستییە گشتییەکانی عێراق و هەر خۆیشی بەسەر ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا دابەشی دەکات.

بەڵام کوردستان ئەو دەزگایەی نییە و هیچ دەستەیەکیش نییە لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی ئەو کارە بکات.

د.جەعفەر دەڵێ تەنانەت هەر نەخۆشخانە و بەشی خۆی دەکڕێت "بەو شێوازەی ئێستا ژمارەیەکی زۆری کادیری مرۆییمان سەرقاڵی کڕینی دەرمانن. خۆ ئەگەر وەزارەتی تەندروستی هاوشێوەی کیمیادیای بەغدا دەرمان بکڕێ، ئەوە بەهۆی بڕە زۆرەکەوە هەرزانتر دەستی دەکەوێت و ئاسانتریش دەتوانێ کۆنترۆڵی کواڵیتییەکەی بکات و ئەو کادیرە زۆرەی ئێمەش بەو کارە رۆتینییەوە سەرقاڵ نابن".

د.خاڵس قادر لەبارەی نەبوونی دەزگایەکی هاوشێوەی کیمیادیا دەڵێت "پرۆژەی دامەزراندنی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی تەواو بووە و لەم رۆژانەدا دەیخەینە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسەندکردنی و دواتر دەستکردن بە رێکارییەکانی دەستبەکاربوونی".

د.خاڵس دەڵێ دوای دەستبەکاربوونی کۆمپانیا کوردستانییەکە، هەموو دەرمان و پێداویستییەکانی هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی لە سەرتاسەری کوردستان لەلایەن ئەوەوە دەکڕدرێن و دابەش دەکرێن.

### به قەرز نایدەنە سلێمانی

د.جەعفەر حەیدەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانییە بۆ کاروباری دەرمان بە (رووداو)ی گوت، ئەوان هێندە قەرزداری کۆمپانیاکانی دەرمانن کە چیدی وەک جاران دەرمانیان نادەنێ بە قەرز "لە ساڵی 2014 و 2015 دا تەنیا بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە بڕی 30-25 ملیار دیناری کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی قەرزدار بووە و ئێستاش نەمانتوانیوە ئەو قەرزە بدەینەوە. بۆیە ئەمساڵ کاتێک داوای دەرمانمان کرد بە قەرز، هەندێکیان دەیانگوت جارێ قەرزەکەی پێشوومان بدەنەوە، ئەوسا داوای قەرزی نوێ بکەن".

# رێنمایی ورد بۆ ئەوانەی دڵەکزێیان هەیە

رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

دڵەکزێ (گەدەکزێ یان ترشەڵۆکی گەدە) کاتێک روودەدات کە پێکهاتەکانی نێو گەدە بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆ سوورێنچک، ئەو لوولە ماسولکەییەی گەروو دەبەستێتەوە بە گەدەوە. ئەو گەڕانەوەیە دەبێتە هۆی ئازار و سووتانەوەی سوورێنچک کە بەشێوەی دڵەکزێ هەستی پێدەکرێ. هەندێک گۆڕانکاریی سادە لە نەریتە خۆراکییەکانی رۆژانە، ئەم گرفتە کەم دەکەنەوە.

## بۆچی دڵەکزێ روودەدات؟

کاتێک کەسێک خۆراکێک قوت دەدات، لە رێگەی سوورێنچکەوە دەگاتە گەدە. بە گەیشتنی خۆراکەکە بۆ گەدە، ئەو بازنە ماسولکەییەی لە شوێنی پێکگەیشتنی سوورێچک و گەدەیە، گرژ دەبێت و دەبێتە هۆی داخستنی دەروازەی سەرووی گەدە و ناهێڵێ خۆراکەکە بگەڕێتەوە سوورێنچک.

کاتێک ئەو دەروازە ماسولکەییەی سەرەتای گەدە بە رێکوپێکی کارناکات و تەواو داناخرێ، ئەوەی لە گەدەدایە دەگەڕێتەوە نێو سوورێنچک و دەیسووتێنێتەوە، چونکە بڕێکی زۆری ترشی بەهێزی گەدە تێکەڵی خۆراکەکە بووە.

کاتێک هەفتانە دوو جار کەسێک تووشی دڵەکزێ ببێ بۆ ماوەی سێ هەفتە، ئیدی دەگوترێ ئەو کەسە گرفتی درێژخایەنی ترشەڵۆکی هەیە. ئەگەر حاڵەتەکە چارەسەر نەکرێ، ئەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ناوپۆشی سوورێنچک دەگۆڕێ بۆ شێوازێکی دیکە لە شانە (بۆ ئەوەی زۆرتر خۆڕاگربێ لە بەرامبەر ترشی گەدە) و بە سوورێنچکی بارێت ناودەبرێ کە مەترسیدارە و ئەگەری هەیە بگۆڕێت بۆ شێرپەنجە.

## نیشانەکانی

کەسەکە هەست بە سووتانەوە دەکات لە سنگیدا، یان هەست دەکات خۆراک لە گەرووی گیراوە و ناڕوات، هەندێکجاریش بە هێڵنج خۆی دەنوێنێ، بەتایبەت راستەوخۆ دوای ژەمەکان.

نیشانەی دیکەش هەن، وەکوو: نزگەرە، قرقێنە (قرپ)، خیزەی سنگ و نەرمەکۆکە، سووتانەوەی گەروو، گۆڕانی دەنگ و هەڵهێنانەوەی خواردن.

ئەگەر کەسی تووشبوو راستەوخۆ دوای خواردن پاڵبکەوێ، نیشانەکانی نەخۆشییەکە قورستر دەبن. هەندێکی دیکەش شەوان خراپترن. ئەوانەی شەوانە دۆخیان تێکدەچێ، باشترە سەرینەکەیان بەرزبێ و پێش نووستن هیچ نەخۆن.

## ئەو خۆراکانەی خراپتری دەکەن

لەبەرئەوەی دڵەکزێ گرفتێکی کۆئەندامی هەرسە، نەریتی خۆراکیی کەسی تووشبوو پەیوەندی هەیە بە دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشییەکە. بۆیە گۆڕینی نەریتی خۆراکی، بەشێکی گرنگی چارەسەری دڵەکزێیە. ئەو خۆراکانەی نیشانەکانی دڵەکزێ خراپتر دەکەن بریتین لە:

**شیر:** ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی دڵەکزێیان هەیە، بە خواردنەوەی شیر نیشانەکانی نەخۆشییەکە تێیاندا سەختتر دەبێ. بەو دواییانە توێژینەوەیەک لەسەر منداڵان دەریخستبوو ئەوانەی هەستەوەرییان بە پرۆتینی نێو شیری مانگا هەیە، زۆرتر تووشی دڵەکزێ دەبن بە خواردنەوەی شیری مانگا. بەڵام هێشتا لە کەسانی پێگەیشتوودا توێژینەوە بەردەست نییە دەریبخات ئایا ئەو رۆڵە نەرێنییەی شیر لە تووشبووانی دڵەکزێ دەیگێڕێ، هۆکارەکەی هەستەوەرییە یان هۆکاری دیکەی لەپشتەوەن.

**کۆلیسترۆڵ:** توێژینەوەی زانستی دەریخستووە ئەوانەی خواردنە پڕ کۆلیسترۆڵەکان، چەورییە تێرەکان و پڕ کالۆرییەکان دەخۆن زۆرتر تووشی دڵەکزێ دەبن. بەڵام هێلکە ناکەوێتە چوارچێوەی ئەمانە.

**خۆراکی دیکە:** ئەو خۆراکانەی دیکە کە نیشانەکانی دڵەکزێ زۆرتر و خراپتر دەکەن، بریتین لە: چوکلێت، نەعنا، خواردنەوە گازییەکان، خواردنەوە ترشەکان، چا و قاوە. ژەمە ترشەکان: وەک تەماتە و دۆشاوی تەماتە.

توێژینەوەی زانستی نەیسەلماندووە ئەم خۆراکانە هۆکاری دڵەکزێن، بەڵکوو زۆرتر لە ئەزموونی تووشبووانەوە وەرگیراون. بەگشتی هەر خواردنێک کە تۆ تووشی دڵەکزێ دەکات، سنووورداری بکە، مەرج نییە ئەوەی خەڵکی دیکە تووش بکات، بۆ تۆش خراپ بێ.

## ئەو خواردنانەی باشتری دەکەن

توێژینەوەیەک کە لەسەر 500 کەس ئەنجامدراوە، ئەو خواردنانەی دیاری کردووە کە رەنگە نیشانەکانی دڵەکزێ و ترشەڵۆکی گەدە کەم بکەنەوە، کە بریتین لە:

- پرۆتینی ئەو خواردنانەی کۆلیسترۆڵیان کەمە، وەکوو: ماسی، بادەم و نیسک.
- هەندێک کاربۆهیدراتی سرووشتی کە لە سەوزە، میوە و دانەوێڵەکاندا هەن.
- پەتاتە
- هەندێک میوەی وەک: سێو، کاڵەک، قۆخ و تووترک
- هێلکە
- ئەو خواردنانەی بە ریشاڵە خۆراکییەکان دەوڵەمەندن

## پەیوەندیی خۆراک و دڵەکزێ ئاڵۆزە

نوێترین رێنمایی کە لەلایەن کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس دەرچووە، دەڵێت پێویست ناکات خۆراکێکی تایبەت لە تووشبووانی دڵەکزێ قەدەغە بکرێ، چونکە پەیوەندیی نێوان خۆراک و دڵەکزێ ئاڵۆزە و مەرج نییە دوورکەوتنەوە لە خۆراکێکی دیاریکراو ببێتە هۆی چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکە، لەبری ئەوە دەبێت چارەسەرێکی کارا بدرێتە نەخۆش.



## چارەسەر

**گرووپی یەکەم:** هاوتاکەرەکانی ترشی گەدە (Antacids)

بەپێی رێنماییەکانی مایۆکلینیک، هەندێک دەرمانی دژە ترشی دەکرێ بەبێ رەچەتەی پزیشک وەربگیرێن و بەکاربهێنرێن، وەکوو دەرمانی گاڤیسکۆن و هاوشێوەکانی. ئەمانە تفتن و کاتێک لەگەڵ ترشی نێو گەدە یەکدەگرن، نێوەندێکی هاوتا دروست دەکەن.

**گرووپی دووەم:** زانتاک و هاوپۆلەکانی

ئەمانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (دەوروبەری 12 کاژێر) دروستکردنی ترشی گەدە کەم دەکەنەوە. بەڵام نابێ بەبێ ئاگاداری پزیشک بۆ ماوەی زیاتر لە 2-3 هەفتە بەکاربهێنرێن.

**گرووپی سێیەم:** ئۆمیپرازۆڵ و هاوپۆلەکانی

ئەمانە زۆر بەهێزترن، بەڵام دەرکەوتووە زۆر بەکارهێنانیان ئێسک لاواز دەکات و ئاستی ڤیتامین B12 کەم دەکاتەوە. توێژینەوەی نوێش هەن دەڵێن رێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە جەڵتەی مێشک.

## رێگەچارەی سروشتیی دیکە

گیراوەیەک کە لە توێکڵی دارێکی تایبەت دروست دەکرێ (slippery elm bark) رووکاری ناوەوەی سورێنچک و گەدە دادەپۆشێ و لە کاریگەرییە خراپەکانی ترشەڵۆکی گەدە دەیپارێزێ، دەگوترێ دەردانی ترشی گەدەش کەم دەکاتەوە. توێژینەوەی نوێش هەیە دەڵێ ماددەی میلاتۆنین توندیی دڵەکزێ کەم دەکاتەوە.

## نەریتی تەندروستانە

توێژینەوە زانستییەکان جەختدەکەنەوە کە رێکخستنی کێش و رزگاربوون لە قەڵەوی، رێگەیەکی کاریگەرە بۆ رێگری لە دڵەکزێ. هەروەک بەرزکردنەوەی سەرین (باشترە لەکاتی خەودا ئەم کەسانە نیوەی سەرەوەی لەشیان بەگشتی بەرزتر بێ) ئەمە وادەکات ترشی نێو گەدە کەمتر بگەڕێتەوە بۆ سورێنچکک و گەروو، ئەمەش دڵەکزێ کەم دەکاتەوە.

## کیژان چاوەڕێی سپۆنسەرن



**پشتیوان جەمال / رووداو- سلێمانی**

گرووپی کیژانی سـلێمانی چەند بەرهەمێکیان تۆمار کردووە و چاوەڕێی سپۆنسـەرن بۆ کلیپ و بڵاوکردنەوەیان. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئەو گرووپە نزیکەی حەوت بەرهەمیان ئامادەیە کە شەشیان گۆرانین بەشێوەی تاک و کۆرس لەگەڵ پارچە موزیکێک، بەرهەمەکانیش لەلایەن موزیسیان ئەنوەر قەرەداخییەوە ئامادە و تۆمار کراون. (رووداو) زانیویەتی، ئێستا ئەو گرووپە چاوەڕێن دەزگایەکی میدیایی یاخود سپۆنسەرێک هاوکارییان بکەن بۆ کلیپکردنی ئەو بەرهەمانە و بڵاویان بکەنەوە. گرووپی کیژان لە چەند کچێکی موزیسیان و گۆرانیبێژ پێکهاتوون و چەند ساڵێکە سەرقاڵی کاری هونەریین، گرووپەکە لەلایەن میوزیسیان ئەنوەر قەرەداخییەوە سەرپەرشتی دەکرێ.



# لەیلا فەریقی تۆرابوو

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

خانمە هونەرمەندی کورد لەیلا فەریقی، دوای 10 ساڵ بێدەنگی، باسی هۆکاری دوورکەوتنەکەی لە کاری هونەری دەکات و دەڵێت تۆرابوو.

لەیـلا فەریقی لـە هەڤپەیڤینێکی 24 خولەکیدا لەگـەڵ تەلەڤزیۆنی (رووداو) کە لە رۆژی سـەری سـاڵدا بڵاودەبێتـەوە، رایگەیاند "من لە مـاوەی رابـردوودا تۆرابـووم، لە هەموو کەسـێک، لە هەموو شـتێک، گەیشـتبوومە ئەو بڕیارەی کە کار نەکەم". فەریقی هۆکاری تۆرانەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لێرە قەدری زەحمەتییەکانی منیان نەگرت".

لەیلا فەریقی سەبارەت بە ئەلبوومە تازەکەشی گوتی "ئەلبوومەکەم بۆ ساڵی 2017 ئامادە دەبێت، گۆرانیی ئەڤینداری و نەتەوەیی تێدایە و هەروەها گۆرانی بۆ منداڵان و ئافرەتانیش تێدایە". فەریقی هیوای خواست ساڵی داهاتوو، ساڵی سەرکەوتنەکانی ئەو بێت.



# لانە زەنگەنە وازدێنێ

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

خانمە هونەرمەند لانە زەنگەنە، کە لەماوەی رابردوودا نوێترین گۆرانی خـۆی بەنـاوی چۆپییەکت بڵاوکـردەوە، گوتی کە بەنیـازە واز لە کاری هونەری بهێنێ.

لانە زەنگەنە بە (رووداو)ی راگەیاند "هەست دەکەم من و جەماوەرەکەم لە کوردستان گونجان لە نێوانماندا نییە، ماوەیەکی دیکە دەوەستم و ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیەی ئێستا بێت، واز لە کاری هونەری دەهێنم".

لانە زەنگەنە دەشڵێت لەگەڵ چەند گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی عەرەبی گۆرانییەکـی بۆ کوردسـتان تۆمار کردووە بە زمانی کـوردی و عەرەبی، کـە کەریـم عێراقی کاری بـۆ کردووەو لە دوبەی وێنـەی گیراوە. بەڵام وەک خـۆی دەڵێ "لەبەر چەند هۆکارێک رایانگرتووە".



# هەڵوێست ناوەستێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

هەڵوێسـت نوێتریـن کلیپی خۆی بەنێوی مەگـری بڵاودەکاتەوە و بەنیازە دوو گۆرانی دیکەی ئەلبوومەکەشی کلیپ بکات.

هەڵوێسـت لەویـارەوە بە (رووداو)ی گوت، ئـەو گۆرانییەی یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەلبوومەکەی کە تێکستی بەشێکی فۆلکلۆرە و ئەوەی دیکەش لەلایەن رۆژ ئازاد دانراوە، ئاوازەکەشـی فۆلکلۆری یۆنانییە و لە سـاڵانی حەفتاکاندا لەلایەن هونەرمەندی دیکەی کوردەوە گوتراوە.

ئەو کلیپە لە شاری سلێمانی وێنەی گیراوە و بۆ جەژنی سەری ساڵ بڵاوی دەکاتەوە.

هەڵوێست، هەفتەی رابردوو نوێترین ئەلبوومی بەنێوی تاوانبار کە 10 گۆرانی لەخۆگرتبوو، بڵاوکردەوە و دەڵێت بەردەوام دەبێ لەسەر کلیپکردنی گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەی و بڕیاری داوە لەو ماوەیە دوو گۆرانـی دیکـەی نێـو ئەلبوومەکەی کلیپ بکات.



# نینا موراد پۆشاک کۆدەکاتەوە

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

نینا موراد، شـاجوانی دووەمی جیهان بۆ سـاڵی 2016، چەندین تۆن جلوبەرگ لـە ئوسـترالیا بـۆ منداڵانی شـەهیدان و بێسەرپەرشـتان کۆدەکاتـەوەو بە رێگەی رێکخـراوی منداڵپارێزانـی کوردسـتان دەینێرێتەوە کوردستان.

نینـا مـوراد بـە (رووداو)ی راگەیانـد "بڕیـارە 29ی ئـەم مانگـە چەندین تۆن لە جلوبەرگ و پێداویسـتیی قوتابخانە لە ئوستراڵیاوە بۆ کوردستان بەڕێ بکەوێ کە لە چەندین ناوچەی جیاجیای ئوسـتراڵیا کۆکراوەتـەوە و بەسـەر منداڵانـی شـەهیدان و بێسە ر پە ر شـتا نی کوردسـتاندا دابەشی دەکەین".

نینـا گوتیشـی "جگـە لـە جلوبەرگ و پێدوایستی قوتابخانە، بڕیارە لە شاری رانیە چەند قوتابخانەیەک نۆژەن بکەینـەوە، ئـەم کارەش بـە هاوکاریـی رێکخـراوی منداڵپارێزانـی کوردسـتان دەکەین".

نینـا هـەر تەنیـا کار بـۆ منداڵانـی کوردسـتان نـاکات، بەڵکـو هاوکاریـی خێرخـوازی دەگەیەنێتە منداڵانی فلیپین، لەو بارەیەوە گوتـی "بڕیارە لەگەڵ چەند رێکخراوێکی خێرخوازی هاوکاری بگەیەنینە فلیپین و بەسـەر منداڵانی بێسەرپەرشتدا دابەشیان بکەین".

نینـا موراد، 21 سـاڵ، لـە دایکبووی رانیەیە، خاوەنی دوو بڕوانامەی بکالۆریۆسە لە بوارەکانی (پەروەردە و زانست).



# عادل هەورامی حەوت کۆنسێرت ساز دەکات

**رووداو- هەولێر**

عـادل هەورامـی، هونەرمەندی کـورد 7 کۆنسـێرت لـە رۆژهەڵاتی کوردسـتان سـازدەکات و بۆ سـەری سـاڵیش ئەلبوومێکی گۆرانـی بە ناوی ساقی بڵاودەکاتەوە.

عادل هەورامی کە ئێسـتا لە رۆژهەڵاتی کوردسـتانە، بـە (رووداو)ی راگەیانـد "ئامـادەکاری بـۆ ئەنجامدانـی کۆمەڵێک کۆنسێرتی گۆرانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، کە لە شـارەکانی سـنە، سەقز، بانـە، مەریـوان، کامیـاران و رەنگـە لـە کرماشـان و تارانیش بکرێن. گەشـتەکەم بۆ رۆژهەڵاتی کوردسـتان زیاتر لە 10 رۆژ دەخایەنێ".

هەورامی دەشڵێت" ئەم کۆنسێرتانە بە سپۆنسەری کۆمپانیایەکی مەزنی رۆژهەڵاتی کوردسـتانە و لەگـەڵ گرووپـی میوزیکی ئەوین کۆنسێرتەکان بەڕێوەدەبەین".

سـەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومە نوێیەکەشـی عادل هەورامی گوتی "بڕیارە لە سـەری سـاڵی تازەدا ئەلبوومی ساقی بڵاوبکەمەوە"



# کاکەیی گرفتاری ئیقامەیە

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

گرفتـار کاکەیـی، شـێوەکار و کاریکاتێریسـتی کورد، ئێسـتا لە ئەڵمانیایـە و چـاوەڕێ دەکات ئیقامـە وەربگرێـت و لەسـەر کارە هونەرییەکانی بەردەوام بێ.

گرفتار کاکەیی بە (رووداو)ی راگەیاند "دەمێکە چاوەڕێ وەرگرتنی ئیقامە دەکەم، بۆ ئەوەی دەست بە چالاکییە هونەرییەکانم بکەمەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا مافی ئەوەم دەبێت تابلۆکانم بفرۆشـم، بۆیە هەموو چالاکییەکانم بۆ دوای وەرگرتنی ئیقامە هەڵگرتووە".

کاکەیـی گوتیشـی " بەڵێنیـان پێداوم لێـرە گۆڤارێکـی منداڵان دابمەزرێنین و هەموو کاری نیگارکێشان و کاریکاتێرەکان من بیکەم. لەگـەڵ چەند هاوڕێیەک بە هاوبەشـی ئەم کارانـە دەکەین. هەروەها لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد رێککەوتووین کار لەسـەر دروسـتکردنی فیلمـی کارتۆنی کـوردی بکەین، هیوادارم لە نزیکترین کاتدا دەسـت بەچالاکییەکان بکەین".



## بەختی رووداو

ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**

بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت لەم ساڵە نوێیەدا پشت بەهەستە بەهێزەکەت ببەستە و کۆنترۆڵی دوودڵییەکانت بکە. لەم ساڵەدا لەسەرخۆ گرفتە خێزانییەکان کەم دەبێتەوە هەتا لەدوای مانگی تەمووز بەتەواوی چارەسەر دەبێت. لەڕووی تەندروستییەوە باش دەبن، ئەوانەی بیانەوێت چارەسەرێکی یەکجاری بکەن بەخت هاوکاریتان دەکات. ئەڤینداری ئاسوودەتان دەکات. لەڕووی دەرامەتەوە بێ کێشە دەبن.

**گا**

لەم ساڵەدا پەیوەندییەکانت بەرفراوان دەبن، ڕەنگە نەتوانی ڕەزامەندی هەمووان بەدەست بهێنی، بەڵام دۆست و خۆشەویستانت زیاتر دەبن. سەرکەوتنی گەورە لە کارەکەت تۆمار دەکەی، چەند ماندوو دەبیت بەڵام سەرکەوتنەکانت ئاسوودەت دەکەن، لەکارەکەت هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو دەنێیت. ساڵێکی باشی ئەڤیندارییە بەتایبەت بۆ ئەوانەی بیانەوێت بە کەسێکی دوور شاد ببن. بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، با لەماڵەکەتدا ئینجانەیەکی گوڵی زەرد هەبێت. بەچاوی کەمەوە تەماشای هیچ کەسێک مەکە.

**دووانە**

لەهەموو هەنگاوێکتدا چاوەڕوانی بەخت بکە. لە ئەڤینداریدا رووبەڕووی چەند دۆخێکی جیاواز دەبیتەوە، ئەوانەی لەچاوەڕوانیدان خۆشەویستێک بەدڵی خۆیان دەدۆزنەوە. زۆربەتان هاوسەرگیری دەکەن، چونکە بەخت لەو لایەنەوە یاوەرتانە. خۆتان لە موناقەشەی بێ سوود بپارێزن. دەتوانی هەنگاو بەسەر ئەو بەربەستانەدا بنێی کە چاوەڕوان دەکرێت لە کاردا بۆت دروست ببن.

**قرژاڵ**

ئەمساڵ لەهەموو ساڵێک زیاتر ئەندامانی خێزان پێویستیان بەهاوکاریت دەبێت، ژوپیتەر رۆڵێکی باش لە ژیانتدا دەبینێ ، لەبارەی خۆشەویستییەوە لەم ساڵەدا بەختێکی باشتان دەبێت، خۆشەویستی لەگەڵ کەسانێک دەکەن کە بە هەموو شێوەیەک بەدڵتان بێت. یان خۆشەویستی لەگەڵ کەسانێک دەکەن لە وڵاتێکی دوور یان پێکەوە سەفەرێک دەکەن. فرسەت دەرەخسێ لەگەڵ کەسانێکی بێگانە کاربکەیت. بۆ ئەوەی بەختت هەبێت بەردەوام با پارچەیەک زیوت پێوە بێت و بە رووی خەڵکدا خۆت گرژ مەکە.

**شێر**

لەم ساڵەدا هەوڵی گەورە دەدەیت و پێویستییەکانیشت زۆر دەبن، پێویستە هێمن بیت لە بڕیاردان و هەرگیز تەندروستیت فەرامۆش نەکەیت. نیوەی یەکەمی ساڵ گونجاوە بۆ سۆزداری و خۆشەویستی،چەند جارێک رووبەڕووی خۆشەویستی دەبیتەوە. دەسکەوتی دەرامەت ئەگەر وەک ئێستا بمێنێتەوە زۆر باشە،لەم ساڵەدا زۆربەی کاتەکان پێویستت بەپارەی ئامادە دەبێت، بۆیە کەمێک کۆبکەرەوە وەک ئامادەکارییەک. بۆئەوەی سەرکەوتوو بیت، پەیوەندییەکانت باش بکە.

**فەریک**

هەست بە هێوربوونەوەی هەڵچوونە دەروونییەکانی رابردوو دەکەیت. ئاگادار بە و پەیوەندییەکانت باش بکە، چونکە سوودیان لێ دەبینیت. لەڕووی سۆزدارییەوە ساڵێکی گرنگ دەبێت. بۆیە سەرجەم کارە لاوەکییەکان تەواو بکە هەتا مانگی حوزەیران پاشان دەبینی پارەکانت لەپڕ زیاد دەکەن و پێشنیاری گەورەت بۆ دەکرێت. ڕەنگی خاکی بەختت بۆ رادەهێنێت. چەند یارمەتی خەڵکی هەژار بدەیت ئەوەندە سەرکەوتنت زیاتر دەبێت.

**تەرازوو**

دەتوانی زۆربەی گرفتەکان چارەسەر بکەیت، ئەوانەی ئارەزووی هاوسەرگیری دەکەن، بەخت هاوکارییەکی باشتان دەکات. سۆزداری یەکێکە لەو بابەتانەی ئاسوودەت دەکات. چالاکییەکانت زۆر دەبن بۆیە کەسێکی دەرکەوتوو دەبیت لەم ساڵەدا. بۆ ئەوانەی بیانەوێت دەست بەخوێندن بکەن، ئەنجامی هەوڵەکەیان وەردەگرنەوە. بەکارهێنانی بۆنی خۆش بەختت بۆ رادەکێشێت. بڕوا بە هیچ شتێک مەکە هەتا تەواو دڵنیا دەبیت.

**دووپشک**

لەم ساڵەدا دوودڵی و نیگەرانییەکانت کەم دەبنەوە و دەسکەوتە داراییەکان بەڕادەیەک بەرز دەبنەوە کە چاوەڕوان ناکرێت. توانایەکی بێوێنەت دەبێت بۆ چارەسەری گرفتە قورسەکان. ساڵێکی باشە بۆ دروستکردنی خێزان. بەهۆی هەندێک دەرکەوتەی ئاساییەوە دوودڵیی تەندروستی بۆخۆت دروست مەکە. ساڵێکی زۆر باش دەبێت بۆ کارکردن، سوود لە ئامۆژگاری خەڵکانی بەئەزموون وەردەگریت. هەمیشە پۆشاکی پاک و ڕەنگی کاڵ بپۆشە، چونکە بەختت بۆ رادەکێشێت.

**کەوان**

کارەکەت گەورە دەبینرێیت، بۆیە پلەتان بەرز دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات کاتتان بۆ خێزان کەم ببێتەوە و رەنگە چەند گرفتێکی خێزانیت بۆ دروست بکات، بەڵام توانایەکی ژیرانەت هەیە لە دۆزینەوەی رێگەی چارەسەر. بڕوای کوێرانە بە کەس مەکە بۆ ئەوەی تووشی گلەیی و گازندە نەبیت. خەم مەخۆ هەر کاتێک بەربەستت بۆ دروست دەبێت تۆ بیر لە پرۆژەیەکی گەورەتر دەکەیتەوە. دەتوانیت پارچەیەک زیو لەگەڵ خۆت هەڵگریت بۆ ئەوەی بەختەوەریت بۆ رابکێشێت.

**گیسک**

کەسایەتییەکی سەربەخۆت هەیە، دەتوانی لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورە یان دامەزراوەیەکی حکومی کار بکەیت، لەم ساڵەدا بە ئاسوودەیی دەکەیت بەتایبەتی کاتێک هەست بەدڵنیایی خێزانیت دەکەیت. تەندروستییەکی باشت دەبێت و خەمەکانت دەرەوێنەوە. ساڵێکی باشە بۆ سۆزداری و ئەوانەی دەخوازن خێزان دروست بکەن. بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت پێش ئەنجامدانی هەر کارێکی گرنگ شیرینییەکەی بخۆرەوە.

**سەتڵ**

لەڕووی خێزانییەوە ساڵێکی باش دەبێت کە ئەم باشییە دەبێتە بنەما بۆ سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی ژیانت. لەم ساڵەدا بەو ئاواتە دەگەیت کە چاوەڕوانی دەکەیت. ئەگەر هەر کێشەیەکی تەندروستیت هەیە ئەوا لەم ساڵەدا چارەسەری یەکجاری دەکەیت. ساڵێکی یارمەتیدەر دەبێت بۆ خۆشەویستی و نزیکبوونەوە لەبەرامبەر. لەکارکردندا مەترسە و بە بەرنامە کار بکە و بێ دوودڵی پەیوەندی بکە بەکەسانی خاوەن متمانەوە بۆ باسکردنی. پارچەیەک زیو بەختت بۆ رادەکێشێت.

**نەهەنگ**

لەم ساڵەدا نەگبەتییەکانی ساڵانی رابردووت لەکۆڵ دەبێتەوە. بەرنامەیەکی نوێ دیاری بکە و توانا زۆرەکەت بۆ چواردەورەکەت بسەلمێنە.لەڕووی سۆزدارییەوە گۆڕانی گەورە دێتە پێشەوە، هەست بە بەختەوەری دەکەیت چونکە زۆربەی کارکردنت دەکەوێتە شوێنە گرنگەکان کە دەتوانی کەسایەتیت دروست بکەیت و متمانەی چواردەور بەدەست بهێنی، بۆ ئەوەی لەم ساڵەدا سەرکەوتوو بیت، پشت بەخۆت ببەستە و بیر لە وەرگرتنی هاوکاری مەکەرەوە.

# ڕۆمان و سینەما

## گوزارشت بە وشە یان بە وێنە



سەنگەر زراری

لە کۆنەوە پەیوەندییەکی ناجێگیر لە نێوان ئەدەب و سینەمادا هەبووە، هەمیشە بۆ درێژەدان بە خۆی، سینەما پشتی بە ئەدەب بەستووە، بە تایبەتیش ڕۆمان. زۆربەی ئەو دەقانەی دەکرێنە فیلمی سینەمایی، ڕۆمانن، بەتایبەتیش سینەما لە سەرەتای دروستبوونییەوە، بە تەواوی پشتی بە ڕۆمان دەبەست، بەڵام ڕۆمان بەبێ گۆڕانکاری و دەستکاریکردن ناگاتە شاشەی سینەما، بۆیە دەرهێنەر چەندە هەوڵ بدات، ناتوانێ ڕووداو و مەبەستەکانی ڕۆمانەکە، بە تەواوی بگەیەنێتە سەر شاشە. دەرهێنەر دەبێ زیرەکانە وشەکان بگۆڕێت بۆ وێنەی جووڵاو، بە جۆرێک کە زۆرترین نزیکایەتی لە نێوان مەبەستی دەقەکە و وێنە سینەماییەکاندا هەبێت. ڕەخنەگری سینەمایی کەنەدی، مارشاڵ ماکلوهان (1911–1980) دەڵێت: "فیلم بە توندی پەیوەستە بە جیهانی کتێبەوە، لێرەشەوە بۆ دەرهێنەر، وێنە لە فیلمدا، هەمان ئەو ڕۆڵەی هەیە کە یەکەکانی وشە و زمان بۆ نووسەر هەیانە".

سینەما بیرکردنەوەیە بە وێنەی جووڵاو، بەڵام ئەدەب بیرکردنەوەیە بە وشە، فیلم چیرۆکێکە بە وێنە دەگێڕدرێتەوە، بەڵام ڕۆمان چیرۆکێک، یان چەند چیرۆکێکە بە وشە دەگێڕدرێتەوە. واتا کاری هەردووکیان گێڕانەوەی چیرۆکە، بەڵام هۆکار و ئامرازی گوزارشتکردنی هەر یەکەیان جیاوازە. گوزارشت بە کامێرا و لە ڕێگای کامێراوە، جیاوازە لە گوزارشت بە وشە و قەڵەم، بەڵام ڕوانگە و گۆشەنیگای لەیەک نزیک لە نێوان هەردووکیاندا هەیە، سینەما هەوڵ دەدات لە ڕۆمان نزیک ببێتەوە و ڕۆمانیش چاوی لەوەیە سینەما بە جوانترین شێوە گوزارشت لەو وشانە بکات کە لەناو ڕۆمانەکەدا هاتووە و دەخرێتە سەر شاشەی سینەما.

قۆناغی سەرەتای دەستپێکردنی سینەما بەوشێوەیە بوو کە سینەما زۆر پشتی بە ڕۆمان و دەقە ئەدەبییە داستانئامێزەکان دەبەست، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا، کە سینەما کەوتە سەرپێی خۆی، دوو بۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەوە دروست بوو کە ئایا دەقی ئەدەبی بکرێتە فیلمی سینەمایی، یان سینەما دەقی تایبەت بە خۆی بۆ بنووسرێت؟ هەندێک پێیان وایە کە ئەگەر سینەما پشت بە ئەدەب ببەستێ، کارێکی زۆر باشە و کاتێک دەقێکی ئەدەبی بۆ فیلمێک کاری لەسەر دەکرێت و دەبێتە وێنەی جووڵاو، کارێکی جوان و پڕ هەستی لێ دەردەچێت، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە وای دەبینن، نووسینی تایبەت بۆ سینەما، کارێکی ڕووکەش و سەرنەکەوتووە.

پێچەوانەی ئەمە، هەندێکی دیکە وای دەبینن باشترین دەقی فیلم، ئەو دەقانەن کە ڕاستەوخۆ بۆ فیلم و سینەما نووسرابن، یان دەقی ئەدەبی بە شێوەیەک سوودی لێ وەربگیرێ کە تەنیا ببێتە سەرچاوە و بزمارێک و نووسەری دەقی سینەمایی، یان دەرهێنەر، ڕوانگە تایبەتییەکەی خۆی پێدا هەڵواسێ، واتە دەقی ئەدەبی نەبێتە بنچینە بۆ دروستکردنی فیلم، بەڵکو تەنیا وەکو بیرۆکە و هەندێ بابەتی لاوەکی سوودی لێ وەربگیرێ. لایەنگرانی ئەم بۆچوونەش وای دەبینن کە ئەگەر دەقێک بۆ فیلم بنووسرێ، پێویستە لەسەرەتاوە دیاری بکرێت و بزانرێ ئەم دەقە بۆ سینەما دەنووسرێ، یان بۆ سینەما نووسراوە، نەک ژانرێکی دیکەی ئەدەبی بێت و دواتر بە مەبەستی بەکارهێنانی لە سینەما ڕێکبخرێ و دەستکاری بکرێت، بۆ نموونە: ئالان ڕۆب گرێ (1922–2008) کە هەم ڕۆماننووس و ڕەخنەگرێکی ناوداری ئەدەبیی فەڕەنسییە و هەم دەرهێنەری سینەماییشە، هەندێک دەقی ڕاستەوخۆ بۆ سینەما نووسیوە و وەکو دەقی فیلمی سینەمایی نووسیونی، یەکەم فیلمی لەو شێوەیەشی (ساڵی کۆتایی لە مارینباد) بوو کە دەرهێنەری فەڕەنسی ئالان ڕێنیە (1922–2014) کاری دەرهێنانی بۆ کرد. پاش ئەم دەقەش، ئالان ڕۆب گرێ، چەندین دەقی دیکەی بۆ سینەما نووسی و کرانە فیلم، هەندێک لە ڕەخنەگران لەبارەی کارەکانی (ڕۆب گرێ)وە دەڵێن: نموونەی زمانی سینەماییە و زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانی تێپەڕاندووە، واتا زمانێکە تایبەتە بە سینەما.

لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان ئەم دوو بۆچوونە، ئەو بۆچوونەیان باو و زاڵترە کە پێیان وایە دەبێ سینەما سوود لە دەقە ئەدەبییەکان وەربگرێ و دەقە ئەدەبییەکان بکرێنە بونیادی دروستکردنی فیلم.

ئەم جیاوازییە هەندێ جار دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەدیب و نووسەران و بەرهەمهێنەرانی سینەما و بە پێچەوانەشەوە هەندێک جار هەردوولایان دڵخۆش دەکات، بۆ نموونە زۆر جار کاتێ جیاوازی زۆر لە نێوان ڕۆمان و فیلمێکی سینەمایی (کە لە هەمان ڕۆمان بەرهەم هاتبێ) دروست دەبێت، ڕۆماننووسەکە دڵگران دەبێ و بە بەرهەمی خۆی نازانێ، کاتێ ڕۆمانی (ناوی گوڵ)ی ڕۆماننووسی ئیتاڵی، ئەمبرتۆ ئیکۆ (1932–2016) کرایە فیلم، ئیکۆ داوای لە دەرهێنەرەکە کرد، ناوی ئەو لەسەر فیلمەکە لا بدات، چونکە پێی وابوو فیلمەکە دوورە لە ڕۆمانەکەی و پەیوەندی بە ڕۆمانەکەی ئەوەوە نییە. هەروەها زۆرێک لەو فیلمانەی لە ڕۆمانەکانی نووسەری ناوداری عەرەب، نەجیب مەحفووز (1911–2006) وەردەگیران، ئەو خۆی لێ دەبواردن و پێی وابوو لە ئاستی ڕۆمانەکەدا نین.

پێچەوانەی ئەمە، هەندێ نووسەری دیکە بە باشی دەزانن کە ڕۆمانەکانیان لە بواری سینەما کاری لەسەر بکرێت و پێی دڵخۆشن، بۆ نموونە، نووسەر و ڕۆماننووسی کوەیتی لەیلا عوسمان (1943–) دەڵێت: "نووسەر پێویستی بەوەیە کارە داهێنەرانەکانی بکرێنە فیلم و زنجیرە دراما، بۆ ئەوەی بگاتە خەڵک، من لەم ڕووەوە بەختم باشە و زۆربەی چیرۆکەکانم کراونەتە کاری تەلەفزیۆنی و هەندێکیان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە و خەڵات کراون".

لە سەردەمی دنیای دیجیتاڵیی ئێستا و سەردەمی خێراییەکاندا، زیاتر سینەما وەکو هۆکارێکی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش لە پێشەوەی هەموو هونەرەکانی دیکەی وەکو شیعر و ڕۆمان و شانۆ و هونەری شێوەکاری و... تەماشا دەکرێت، هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە ئایندە زیاتر بۆ وێنەی جووڵاوە نەک دەقی نووسراو، بەڵگەش ئەوەیە کە ئێستا سینەما بینەری زۆر زیاترە لە خوێنەران و هەوادارانی هونەرەکانی دیکە. نووسەری ناوداری ئەڵمانی هانز جۆناس (1903–1993)، پێی وایە کە توانای گوزارشتکردن لە سینەما بێسنوورە، ئەو دەڵێت: "سینەما شیعر و پەخشان و وێنەی ڕەوانبێژیی ئەوتۆی تێدایە کە هیچیان لە وشەی نووسراو کەمتر نییە و هەندێکجار لە وشەی نووسراویش کاریگەرترن".

هەریەکە لە ڕۆمان و فیلم، لەوەدا هاوبەشن کە پەیوەندییان بە هونەری گێڕانەوە هەیە و ڕووداوێک یان زنجیرە ڕووداوێک دەگوازنەوە. ڕۆمان لە ڕێگای وشەی نووسراو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و سینەماش لە ڕێگای وێنەی جووڵاو هەمان کار دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوە لە ڕۆمان و گێڕانەوە لە سینەمادا جیاوازە و هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەگەر لە هەندێک شوێنیشدا یەک بگرنەوە، بەڵام لە زۆر شوێنی دیکە لە یەک جیاوازن، گێڕانەوە لە ڕۆماندا تەنیا پشت بە زمانی نووسراو دەبەستێ، لە ڕۆماندا، کاراکتەر و کەسایەتییەکان لە ڕێگای دیالۆگ و خۆدواندنەوە گوزارشت لە خۆیان و ڕووداوەکان دەکەن، هەرچی سینەمایە، ئەوا پشت بە وێنە و ئاماژە دەبەستێت، لە سینەمادا زۆر جار کەسایەتییەکان قسە و گفتوگۆ ناکەن، بەڵام لە ڕێگای وێنە و جووڵەی کامێرا و کاراکتەرەکانەوە، مانا دەبەخشنە بینەر. ڕۆمان ناتوانێ هەرگیز ئەو وێنە و ئاماژانە بداتە خوێنەر کە سینەما دەیانبەخشێ، ڕاستە لە ڕۆماندا وەسف هەیە، بەڵام وەسف پەیوەندی بە خەیاڵی خوێنەرەوە هەیە و ئەو وێنانەی بە وشە دەخرێنەڕوو، بە یەک شێوە نابینرێن. بۆ نموونە لە ڕۆمانێکدا وەسفی یەکێک لە کاراکتەرەکان کراوە، هەر خوێنەرێک بە جۆرێک و بە گوێرەی خەیاڵی خۆی کاراکتەرەکە دروست دەکات، بەڵام ئەگەر هەمان ڕۆمان بکرێتە فیلم، هەموو بینەرێک ئەو کاراکتەرە بە یەک شێوە دەبینن کە لە فیلمەکەدا هەیە و وێنای جیاوازیان بۆی نابێت، هەموو ئەو ئەکتەرە دەبینن و لە خەیاڵیان دەچەسپێ کە ڕۆڵەکەی بەرجەستە کردووە و وێنا و شێوەی دیکەیان بۆی نابێت. واتا لە ڕۆمان، یان لە دەقی نووسراوی ئەدەبیدا، خەیاڵی خوێنەر، وێنەی زەینی دەگۆڕێت بۆ وێنەی خەیاڵی و خۆی وێنای کاراکتەر و شوێن و کاتەکان دەکات، بەڵام سینەما ئەم وێنانە دەکاتە وێنەی بینراو و لەجیاتی ئەوەی خەیاڵی بینەر بەرەو دروستکردنی کاراکتەر و شوێن و کاتێکی زەینی و جیاواز ببات، بەرەو ئەو ئاراستەیەی دەبات کە بیر لە ڕووداوەکان بکاتەوە.

هەروەها کارکردن و کاتی سینەما و ڕۆمان زۆر لە یەکتر جیاوازن، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕۆمانێکدا کاراکتەرێک گەشت بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەوا گەشتەکەی لەو ڕستە، یان چەند ڕستەیە تێناپەڕێ کە باسی ڕۆیشتنەکە دەکات، یان ئەگەر زۆریش بخایەنێ و باسی ئەو ڕووداوانە بکات کە لە ڕێگای گەشتەکەوە بەسەری هاتوون، بە چەند لاپەڕەیەک تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر هەمان ئەو گەشتەی لە ڕۆمانەکەدا باس کراوە، لە فیلمێکدا بەرجەستە بکرێت، ئەوا کات و کەرەستەی زۆری دەوێ و دەبێ ئەم ڕێگایە بە وێنەی جوڵاو و وێنەی ئەو شوێنانەی باسکراون بخرێنەڕوو. لێرەوە ئەو جیاوازییە گەورەیە بەدیار دەکەوێ کە لەڕووی کاتەوە، لە نێوان ڕۆمان و سینەمادا هەیە و خوێنەر بە جۆرێک هەستی پێدەکات، بەڵام بینەری فیلم، بە جۆرێکی دیکەی جیاواز دەیبینێ.

وەک چۆن هونەری گێڕانەوە، یەکێکە لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ڕۆمان و سینەما، دەشێ (بینین)یش خاڵێکی دیکەی هاوبەش بێت لە نێوان هەردوو هونەرەکەدا، دەرهێنەری ئەمەریکی دەیڤید وارک گریفس (1875–1948) دەیگوت: "ئەو کارەی من بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ بیکەم، ئەوەیە هەوڵ بدەم تۆی بینەر ببینی". جۆزێف کۆنراد (1857–1924)ی ئەدیب و نووسەری پۆڵەندیش دەڵێت: "کاری من ئەوەیە وا بکەم لە ڕێگای وشەی نووسراوەوە، تۆ ببیستی و هەست بکەیت و پێش هەموو شتێکیش ببینی".

بەڵام بێگومان کەرەستەی بینینی هەر یەکە لەم دوو هونەرە جیاوازە، بینین لە سینەما بینینە بە شێوەیەکی موجەڕەد و بە چاوی سەر، بەڵام بینین لە ڕۆماندا، بینینە لە ڕێگای زەین و بە چاوی خەیاڵ و فەنتازیاوە، زۆر لە ڕۆماننووسان و چیرۆکنووسان بەو نیازە وەسفەکان دەنووسنەوە، کە خوێنەر بخەنە ناو حاڵەتی بینینی وێنەکان و فراوانکردنی خەیاڵ.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین: هاوشێوەیی لە نێوان ڕۆمان و سینەمادا هەیە، بەڵام ئەمە جیاوازییەکانی نێوان هەردوو هونەرەکەش ناشارێتەوە، سینەما لە سەرەتادا سوودی زۆری لە ڕۆمان وەرگرتووە و ڕۆمان بووەتە هەوێنی چیرۆکی فیلمە سینەماییەکان، بەڵام دوای ئەوەی سینەما پێشکەوت و وێنەی جوڵاو برەوی زیاتری پەیدا کرد و ئامێری پێشکەوتوو بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی سینەما داهێنران، ڕۆمانیش سوودی لە تەکنیکە سینەماییەکانی وەکو مۆنتاژ و پارچەکردنی ڕووداوەکان وەرگرت و هەمیشە هەوڵ دەدات لەمیانەی پرۆسەی گێڕانەوەدا سوودیان لێ وەربگرێ.

**سەرچاوەکان:**

- تقنية الكتابة بين الرواية والسينما- نور الدين محقق. موقع: محمد عابد الجابري
- الرواية والسينما- محمود حسين العزامي. موقع: جسد الثقافة.
- العلاقة بين الرواية والسينما- زكريا محمود. موقع عالم نوح.
- ئەدەب و دیالۆگ، کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی- وەرگێڕانی: سەنگەر زراری، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، 2011.





# سەیدای تیرێژ و بیری نەتەوەیی



بەسام مستەفا

پێچەوانەی ئەزموونی کولتوور و وێژەی زۆربەی میللەتانی دیکەی دونیا، هزری نەتەوەیی یان نەتەوەپەرستی لە ئەدەبیاتی کوردیدا زێدەتر لە شیعردا ڕەنگی داوەتەوە.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ژانری شیعر لەچاو ژانرەکانی دیکەی وەک ڕۆمان، شانۆ، چیرۆک و پەخشان کۆنترە. بۆیە دەکارین بڵێین شیعری کوردی، نەخاسمە شیعری کلاسیک، بووەتە بیاڤێکی دەوڵەمەند و بەرفراوان بۆ دەربڕین و نیشاندانی بیری نەتەوەیی، کە وابەستەی خاک و سرووشتی کوردستانە.

هەڵبەستڤانی نەتەوەیی نەمر ئەحمەدی خانی بەر لە سەدساڵ بەرهەمە ناودارەکەی خۆی (مەم و زین) ی کردە بەهانە تاوەکوو بیروباوەڕە نەتەوەییەکانی لەنێو خەڵکیدا بڵاوبکاتەوە:

*شەرحا خەمێ دل بکەم فەسانە*
*زینێ و مەمێ بکەم بەهانە*

خانی هەروەها دەڵێت:

*دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد*
*بێ مارفەتن، بێ ئەسڵ و بونیاد*
*ئەنواعێ میللەت خودان کتێبن*
*کورمانج تەنێ د بێ حەسێبن*

سەیدا تیرێژ یەکێک لەو هەڵبەستڤانە کلاسیکانەی کورد بوو کە خرۆشانی هەستی نەتەوەیی لە دڵ و هزریدا بوو، بوون و بەهای خۆی بە بوون و بەهای وڵاتی خۆیەوە گرێ دەدا. متمانەی بە کورد و زمانەکەی هەبوو. لە تەواوی هەڵبەست و بەرهەمەکانی خۆیدا خواستی بوو ئەوە بە خوێنەرانی خۆی بگەیەنێت کە "بەبێ وڵات ژیان نابێت!" تیرێژ لە هەڵبەستێکیدا بەناوی "تاجی شەرەفخان" ئەو ڕاستییە ئاوا بە زماندا دێنێت و دەڵێت:

*کەر تو نەبی ما ئەم چنە؟!*
*جانم ب قوربانا وەڵات*
*باوەر بکە ڕ ڕێیا تە ڕە*
*خوینا مە ئەرزانە وەڵات*
*ئاڤا تە مسک و ئەمبەرە*
*ئاڤا تە ئاڤا کەوسەرە*
*کەڤرێ تە دوڕ و مەرمەرە*
*ئەڵماس و مورجانێ وەڵات*
*ئاڤا چەمێ دیجلە و فرات*
*سەر زەمزەم و ئاڤا هەیات*
*نایێن د مزگین و خەلات*
*پیرۆز و دەرمانێ وەڵات*
*قادا تە تەڤ زێرێ زەرە*
*کیمیا و نەفت و کۆمرە*
*تەڤ ڕەهلە تەڤ دار و بەرە*
*تەڤ باغ و بوستانێ وەڵات*
*خەملا جیهان ژ ڕەوشا تەیە*
*شاهی ب مزگینا تەیە*
*دەم هەر د فەرمانا تەیە*
*تاجا شەرەفخانێ وەڵات*

یان تیرێژ زۆر بە زوڵاڵ و ئاشکرا دەڵێ ئەگەر وڵاتمان نەبێت، ئێمە شایستەی هیچ شتێکی دیکە نین!

جگەرخوێن دەکرێ وەک یەکێک لە سەرچاوە و چاوگەکانی نەتەوەپەروەریی تیرێژ هەژمار بکرێت، چونکە جگەرخوێن کاریگەرییەکی زۆری بەسەر تیرێژەوە هەبوو، لە سێیەم دیوانی خۆیدا (کیمە ئەز) لەبارەی تیرێژەوە، بە ناوە ڕاستینەکەی (وەڵامی نایف حەسۆ) هەڵبەستێکی نووسیوە و هیوا و ئومێدی شایستەی لێ خواستووە و ئەوی ڕاسپاردووە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو گەنج و لاوانی کورد:

*ئەی هەڤاڵێ منی ڕند*
*چ ل باژێر چ ل گوند*
*بۆ میللەت و بۆ وەڵات*
*دڤێ بکن ئەم خەبات*
*کەرەک ئەم ڕانەوەستن*
*ما ئەڤ ژ کێ تێ خوەستن؟*
*ئەڤ خوەندن و زانەبوون*
*نێزیک دکن سەرخوەبوون*
*خۆرتێن وەک تە پڕ زانا*
*کەرەک بێژن نەزانا*
*برا دەستێن هەڤ بکرن*
*د ڤێ ڕێ دە ئەم بمرن*

بەڕاستی سەیدا تیرێژ لەهەمبەر ئەو هیوا و باوەڕەی جگەرخوێن ڕاست هات. تیرێژ شیعرەکانی خۆی لەسەر ئەو شوێنپێ و ڕێچکەیەی شاعیرانی کلاسیک و ڕەسەن گرتبوویانە بەر، دەهۆنییەوە. لە هەر بۆنە و بوارێکدا هزر و تێڕامانە نەتەوەییەکانی خۆی دەخستەڕوو، بۆ وێنە لەبارەی بەها و شکۆی شیعر ئاوا دەبێژێ:

*ما ڕوومەتا شێرێ چییە، نەر خزمەتا میللەت دە بی*
*ڕۆناهیا شێرێ چییە، پەسنێ وەڵات کو تێدا نەبی*
*چ بکم ژ وێ شێرا ڕژی، دانەکرە سەودا و مەژی*
*دەردێ دل و جان ناکوژی، چاهێ کو جەوهەر تێدا نەبی*

تیرێژ سەر بە قوتابخانەی شیعری ڕیالیزم بوو، بە دڵ و گیان نەتەوەپەروەرێکی کورد بوو. وەلێ نەتەوەپەرستیی تیرێژ تەنگاس و دژ بە گەلانی دی نەبوو. ئەگەرچی هەندێک لەو میللەتانە یان ڕاستتره بڵێین ڕژێمەکانیان زۆریان بەسەر گەلی کوردا هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا وەڵاتدۆستیی تیرێژ ئەڕێنی و مرۆپەروەرانە بوو. بە تیرێژ و ڕۆشن بوو، نەوەک تاریک و تاریکپەرست بوویێت.

تیرێژ هەڵبەستڤانێکی "بنختێ" بوو لە دڵ و هزری خۆیدا، هەروەها لە نووسین و بەرهەمەکانی خۆیدا ئەو سنوورەی نەهێشتبوو کە کوردستان دابەش دەکات. ئەو تا دوا سنوور نەتەوەپەروەر و کوردستانی بوو. ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە بە گشتی. هەندێکجاران هێندەی کوردی بنختێ خزمەتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان کردووە، خزمەتی پارچەی خۆیان ناکەن.

کوردستانیبوونی بێ سنوور و تخووبی تیرێژ لە زۆربەی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک: شەقلاوە تەڤ باخ و ڕەزە – ئێریشا تورکا ل باکورێ ئێراقێ- شینا لەیلا قاسم – کانێ کالێ شێخ سەید – شینا سەر شەهیدێن قەلادزێ و...هتد.

تیرێژ بە هەست و کوردپەروەرییەکەیەوە سەربەخۆ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لازمە ئەوە بگوترێ کە کەسایەتی مستەفا بارزانی بۆ ئەو وەک سیمبول و پێشەنگێک بوو. لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستانی دەنووسی. بە دڵخۆشیی هەر کوردێک شاد و لەگەڵ خەمگینیی ئەوانیش خەمبار دەبوو. ئامەد، مهاباد و هەولێر زۆر بە چاکی لە هەڵبەستەکانی ئەودا دەبینرێن.

تیرێژی وڵاتپەرست و نەتەوەپەروەر گرنگییەکی مەزنی دەدایە باشووری کوردستان و دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی 11ی ئادار، یەکێک لە هەڵبەستە هەرە جوانەکانی خۆی لە دیرۆکی ئەدەبیاتی کوردیدا ئافراند، ئەویش شیعری "ئەی بولبولی دلشادی" بوو کە لە ساڵی 1975 نووسی. زۆر جاران دەڵێم تەنێ ئەو هەڵبەستە بەس بوو بۆ تیرێژ، یان دەڵێم تەنیا ئەو شیعرە بە نەمری دەیهێڵێتەوە و بە بۆچوونی من ڕەوایە ئەو شیعرە بە پیتی زێڕین بنووسرێ و بکرێتە گەردانەی گەردوون:

*ئەی بلبلێ دلشادی هەلا، وەر بکە فیغان*
*دەردێ مە گرانە ئەی برا، برینا مە کووره*
*کوڕی تە بتن جەرگ و دل و مێلاک و هەم جان*
*ڕەنگێ تە یە خوەشتر، ژ نەی و نای و بلووره*
*سێ هاوە تە ڕەنگە، یەک ژ سرا بایێ سبایە*
*هاوێ دی ژ ڕەنگێ خوشینا دەمل و ڕەزایە*
*هاوێ سسێیا ژ بێهنا شەمامۆک و کولایە*
*لەورا کو ل دنێ تو ب ناڤ و تو مەشهووری*
*کلاوانێ مە ڤا ب ڕێ کەتی، لێ شەڤرەش و تاری*
*سەرمایە تەرەز کولیێن د بەرفێ هەر دباری*
*باهۆزە چەلاپەک تێنە مە، ژ هەر چار کەناری*
*وارێ مە وەڵاتە ئەی هەڤاڵ، ڕێیا مە دووره*
*چار هاوێر مە دز و کەلەشن، تێک دانە دوژمن*
*مە ژ هەڤ ڕادەقتینن بڕ ب بڕ، حەیف و مەخابن*
*قەت چارە و ئومێدا مە نەمایە بلبلێ من*
*مەیرانە ژ بۆ هرچ و چەقەل، کور زوورە زوورە*
*مەیرانە ژ بۆ هرچ و چەقەل، ڕۆڤی و کەفتار*
*کوڕی تە بم بلبل، ژ سەرێ دارێ تو وەر خوار*
*دا پێکڤە مژوول بن، بخوە چەند ڕۆژێن د ژوار*
*ئیرۆ ل مە فەرمانە، لسەر گەردەنێ شووره*
*دەستێ تەوقەیێ ئیرۆ کو ئەم هەردوو بدن هەڤ*
*چەند ساڵ و زەمانێن د خەراب ژین ئەم دگەل هەڤ*
*دونیا بخوە دەورانە، بزان کەه ڕۆژە، کەه شەڤ*
*کەه تاری و دوومانە و کەه ڕەوشەن و نووره*

تیرێژ بە هزرە نەتەوەییەکەی خۆیەوە زۆر وابەستەی خاک و سرووشتی وڵاتەکەی خۆی بوو. وەشانخانەی پەیوەندێ لە ئامەد کە سەرلەنوێ هەموو کتێبەکانی تیرێژی چاپکردنەوە، بەم ئاوایە لەبارەی پەیوەندیی تیرێژ و سرووشتی کوردستان دەنووسێت:

"سەیدا لەسەر وشکەڵۆکی وڵاتی خۆی مەزن بوو، زۆر حەزی لە سرووشت و خۆزای وڵاتەکەی خۆی بوو. پەیوەندییەکی مکوم لەنێوان سەیدا و سرووشتی وڵاتەکەیدا هەبوو. لە هەڵبەستەکانیدا زۆر لەسەر ئاو و درەخت، گوڵ و گیا، دەشت و چیا، مێرگ و کانی، بەهار و زستان، دەغڵ و زەوی و سرووشتی وڵاتەکەی خۆی دەنووسی. هەرسێ دیوانەکەی بەناوی سێ چیای کوردستانی ناو ناون: (خەڵات، زۆزان. جوودی)

بە ڕامان لە ناونانی دیوانەکانییەوە ڕوونتر دیار دەبێت کە سەیدایێ تیرێژ تاچەند بە سرووشتی وڵاتەکەیەوە پەیوەست بووە".

ناوی تەواوی تیرێژ نایف حەسۆیە و لەساڵی 1923 لە پارێزگای حەسەکە لە گوندی نجمۆک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگایەکی ئایینی تەواو کرد و لە عاموودێ نیشتەجێ بوو. پەیوەندییەکی مکۆمی لەگەڵ هەڵبەستڤانی کورد جگەرخوێن هەبوو. سەیدا تیرێژ لە ساڵی 1973 وە لە شاری حەسەکە ژیا و تا ڕۆژی 23ی ئاداری 2002 کۆچی دوایی کرد.

تیرێژ چەند دیوانێکی بەهاداری لەدوای خۆی بەجێهێشت: دیوانی خەڵات- 1985. دیوانی زۆزان – 1990. دیوانی جوودی- 1998. سەرگوزەشتەی کوردان، دوو بەرگە و بە فارسیش بڵاوبووتەوە. مەولوودنامەی کورمانجی و چەند بەرهەمێکی دی.



# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(19)

چۆن بزانم فلان ژن، بە ڕاستی تووشی داوی ئەوینی من بووە، یان گەمە بە ئاوەزم دەکات؟ ئەوە پرسیارێکی گەلێک سەختە، چونکە خۆشەویستی خۆی گەمەیە. بۆیە پێویستمان بە پرسیاری لەو چەشنە نییە، ئاخر حەقیقەتی خۆشەویستی لە گەمەدا چڕ دەبێتەوە. خۆشەویستی خەونە، وەهمە، خەیاڵ و شیعرە، واقیع نییە، ئەگەر شوێن واقیع کەوتوویت، بڕۆ ڕابمێنە! گرینگ ئەوە نییە، ژنە نیازی پاکژە یان نا، گرینگ ئەوەیە تۆ نیازت پاک بێت، تۆیەک کە پێت وایە، ئەوی چاکەی کرد، چاکە دێتەوە ڕێی. بۆچی پرسیاری وا لە خۆمان دەکەین؟ چونکە بە یەک ئاشنا نین، غەریبین بە یەکدی، بە ڕێکەوت و ڕەوتەنی یەکتری دەناسین. ئەوە تەنیاییە وا دەکات، دەستی یەکتری بگرین، کەچی لە ئێمە وایە، کەوتووینەتە نێو گۆمی قووڵی خۆشەویستییەوە.

ئینسان کە هەست بە تەنیایی دەکات و حەوجەی بە کەسێکە بۆشاییی تەنیایی بۆ پڕ بکاتەوە، ئیدی خۆی بەوی دییەوە سەرقاڵ دەکات و پێی وایە ئەوە خۆشەویستییە، بەڵام ڕاستییەکەی گەمەیە. ئینسان بۆچی بەشداری لەو گەمەیەدا دەکات و بە خۆشەویستیی تێدەگات؟ چونکە ڕێگەیەکی دیکە شک نابات، بۆ ئەوەی لەوی دی نزیک ببێتەوە و بۆشاییی تەنیایی پێ پڕ بکاتەوە. خۆشەویستیی ڕاستەقینەیش هەیە، بەڵام ئەوە کاتێک ڕوو دەدات کە زادەی پێویستی نەبێت. کە پێویستت بەوی دی نەبێت، کە تەنیاییت پێ باش بێت و هەست بە بێزاری نەکەیت، ئەوسا ئەگەری سەرهەڵدانی خۆشەویستی لای تۆوە هەیە، بەڵام ئەو کاتەیش ناتوانیت لەوە دڵنیا بیت، ئەوی دی بە ڕاستی خۆشی دەوێیت یان نا. ئەوەی باشە کە تۆ کەسێکت خۆش ویست، ئیدی پێویستت بەوە نابێت، ئەو تۆی بە ڕاستی خۆش دەوێت، یان نا، چونکە عاشق وەڵامی ئەو پرسیارەی بەلاوە گرینگ نییە و لەسەر خۆشویستنی ئەوی دی بەردەوام دەبێت. ئەوی بە ڕاستی عاشق بێت، نیگەرانی دەستی ئەوە نابێت، دڵخوازەکەی بە ڕاستی خۆشی دەوێت، یان نا، ئەوە بەلایەوە جێی بایەخە کە چێژ لەو دۆخە دەبینێت، ئەگەر لە وەهم بەولاوە هیچی تریش نەبێت.

نیتشە دەیگوت: ئینسان ناتوانێت بێ درۆ بژی، ئاخر ژیان لەگەڵ حەقیقەتدا، ئەوەندە سەختە، لە توانای ئینسان بەدەرە. ئەگەر بتوانین زیرەکانە درۆ بکەین، ئیدی درۆ ئاسانکاریمان بۆ دەکات، وەک چۆن ڕۆن یارمەتی ماشێن دەدات، تا باش ئیش بکات. کە ستایشی جوانیی ژنێک دەکەین، سوور دەزانین درۆی بۆ دەکەین، ئاخر هەمان ستایشی چەندانی ژنی دیکەیشمان کردووە و لە داهاتوویشدا هەمان پەسنی چەندان ژنی تریش دەدەین. ژنیش کە بە پیاوێک دەڵێت: تۆ تاقە پیاویت سەرنجی منت ڕاکیشابێت، درۆی لەگەڵدا دەکات. پیاو بۆیە درۆ بۆ ژن دەکات، تا ئەو بۆشاییەی پێ پڕ بکاتەوە لە ژیانیدا هەیە، ژنیش بۆ هەمان مەبەست درۆ بۆ پیاو دەکات.

ئەوانەی ڕۆڵی عاشق دەبینن، هەمیشە لە ترسی ئەوەی فریو درابن و وەک کاڵایەک سوودیان لێ وەرگیرابێت، لە دڵەڕاوکێدا دەژین و لەگەڵ خودی خۆیاندا لە ململانێدان، هەر لەم سۆنگەیەشەوە، ژن دوای ئاوێزان هەست بە خەمناکی دەکات، بە تایبەتی ئەگەر پیاوە هەر کە لێ بووەوە، لێی بخەوێت. ژن بەوە زۆر بریندار دەبێت، ئەگەر وا هەست بکات، پیاو تەنیا لە پێناوی ئەو تاقە پێویستییەدا بایەخی پێ دەدات، پیاویش خۆی بە فریودراو دەزانێت، ئەگەر دەرک بەوە بکات، بایەخدانی ژن پێی، لە خۆشەویستییەوە نییە، لەبەر دراوە، یان لە سۆنگەی پەیداکردنی چەترێکەوەیە بۆ خۆپاراستن. تەنانەت ئەگەر دەرکیشت بەوە کرد، فریودراویت، گوێی خۆتی لێ بخەوێنە، وەک چۆن هەیە بەدەم خەوەوە دەڕوات، تۆیش بەدەم خەوەوە خۆشەویستی بکە، ئاخر پێویستت بەوی دیکەیە و ڕێگەچارەی تریشت نییە. نیگەران مەبە و چێژ لەو دۆخە ببینە، بەڵام بڕێک زیاتر لە جاران چاوکراوە بە!

ئەگەر لەوە دڵنیا بوویت، تۆ ئەوت بە ڕاستی خۆش دەوێت، ئیدی گوێ مەدە ئەوەی ئەویش هەمان هەستی تۆی هەیە، یان نا، ئاخر تۆ ئەوەندەت بەسە، گرینگ ئەوەیە تۆ ئەو فریو نادەیت و بەد سوود لە پێوەندیتان وەرناگریت، تەنیا پێویستت بە هاوژینییە کە ئەویش پەسەندی کردووە. ڕەنگە وای بۆ بچیت، تۆ شیاوی ئەو هەموو خۆشەویستییەی ئەو نیت، ئەگەر بە خۆت قایل بیت، متمانەت بە خۆت هەبێت و خودی خۆت خۆش بوێت، گومانی وات لە کن دروست نابێت. ئەوانەی ڕقیان لە خۆیانە و هەست بە کەموکووڕی دەکەن، بە زەحمەت ئەوەیان بۆ هەرس دەکرێت، کەسێک پەیدا ببێت، بە ڕاستی خۆشی بوێن، ئاخر ئەوی بڕوای بە خۆی نەبێت، بڕوای بەوانی تریش نابێت. نیگەران مەبە و بڕوات بە خۆت پتەو بێت، چونکە هیچ ڕێگەچارەی دیکەت نییە. ئەگەر تۆ دڵخۆش بیت و چێژ لە ژیانی خۆت ببینیت، ئەوی تریش بە ناسینت دڵخۆش دەبێت و چێژ لەوە دەبینێت، هاوژینت بێت.

کە چیرۆکی خۆشەویستی بە کۆتایی دەگات، لەبەر خۆمانەوە دەڵێین: ئەگەر ساختە نەبووایە، کۆتایی نەدەهات، بەڵام هیچ مەرج نییە ساختە بووبێت، لای کەم بڕێک لە حەقیقەتی تێدابووە، ئێمە نەمانتوانیوە پارێزگاریی لێ بکەین، خۆشەویستی لە ئارادابووە، خۆمان کوشتوومانە. ئەوە نییە لە سەرەتاوە هەموو شتێک بە باشی و بە جوانی بەڕێوە دەچێت، بەڵام کە لە جێیەکدا لەنگەر دەگرێت، ئیتر هێدی هێدی ناکۆکی دەست پێ دەکات؟ هەموو خۆشەویستییەک سەرەتایەکی ڕۆشنی هەیە، ئەوە عاشقان خۆیانن، ئەو ڕووناکییە دەکوژێننەوە، خۆیان خۆشەویستییەکە لەبار دەبەن، کەچی ددان بە هەڵەی خۆیاندا نانێن و خۆشەویستییەکە بە هەڵە و ساختە لە قەڵەم دەدەن. خۆشەویستی با وەهم یان خەونیش بێت، هەر دەست لە داوێنی بەر مەدە! کە ئاستی تێگەییشتنت بڵند بووەوە، جۆرە خۆشەویستییەکی دیکە، دڵت ڕۆشن دەکاتەوە کە زادەی پێویستی جەستەیی نییە، ئەبەدییە.

**20ی دیسەمبەری 2016**

(1) أوشو، الحب و الحرية و الفردانية، ترجمة: ميتم الضايع، دار الحوار 2013 اللاذقية.

(2) أوشو، طريق الحب، ترجمة: ميتم الضايع، دار الحوار 2015 أللاذقية.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# مەلا ئاشتی

وەک چۆن ئێستا حەفتە تێناپەڕێ ئەگەر چەند هەواڵێک لە بارەی نەوتی کوردستانەوە نەبیستین، جارانیش لەسەردەمی منداڵیی ئێمەدا هەفتە نەدەڕۆیشت ئەگەر چەند هەواڵێکمان لە بارەی کاربۆف و کاسپارۆفەوە نەبیستایە، جا بۆ ئەوانەی نایانناسن، کاربۆف و کاسپارۆف دوو یاریزانی زۆر بلیمەتی شەترەنج بوون، فەقە زۆریش دژی یەکدی بوون.

بەزمی نێوان ڕێزدار ئاشتی هەورامی و هێژا عەلی حەمە ساڵح ڕێک لە بەزمی نێوان کاربۆف و کاسپارۆف دەچێ. ئاخر هەردووکیان ئەهلی یەک کارن و کەسابەتیان لەسەر یەک بابەتە، فەقە بەردەوامیش دژی یەکن. خەڵک چەند لە گەمەی نێوان کاربۆف و کاسپارۆف حاڵی دەبوون، هەر ئەوەندەش لە شەڕە ژمارەی نێوان بەڕێزان ئاشتی و عەلی. خاڵی هاوبەشی هەردووکیان، مەعلانی و کارزانیی هەردووکیانە لە هونەری هەر لە خۆوە ژمارە لێدان. ئاخر ئەوان لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپی کێ بە کێیە، هەر ڕۆژە و کۆمەڵێ ملیار و ملیۆن ڕیز دەکەن، تۆ لەوە گەڕێ کەس لێیان حاڵی نابێ باسی چی دەکەن، سوێندت ناکەوێ ئەگەر بڵێی بە چل و چوار هەزار پێغەمبەر خۆشیان نازانن مەسەلە چییە.

بە قسەی کاک ئاشتی بێ، کوردستان تا زۆرتر نەوت بفرۆشێت، زیاتر بەرەو سۆماڵیا دەچێ. تا نەوتیش گرانتر بێ، ماڵیشمان وێرانتر دەبێ. هەندێ مەلاش لەم جۆرە پێوەنانەیان هەیە، یەکیان باسی پردی سیرات دەکا، دەڵێ لە تاڵی موو باریکترە و لە دەمی گوێزان تیژترە، جا قوربان ئەم سەین و بەینەی بۆ چییە، بڵێ چاویشتان دەربێت ناپەڕنەوە و تەواو. قوربانی تۆزی ڕێگەت بم کاک ئاشتی گیان، کە ئێمە ئەگەر ڕۆژی ملیۆنێ بەرمیل بە سەت دۆلار بفرۆشین و بەشمان هەر لاتی و قات و قڕی بێت، ئیتر چی لە مەوزووع دەگۆڕێ ئەگەر کۆنفرانسی نەوت و غاز لە لەندەن بوو، یان لە هەورامان، هەی ئەز حەیران؟

پێوەنانی کاک عەلیش عەیب نەبێ تامێکی دیکەی هەیە و لە هەوایەکی دیکەوەیە، ئەو لەوانەیە تاکە کەس بێ لە دونیادا کە توانای ئەوەی هەبێ تەنیا لە یەک پەرەگرافی سێ دێڕیدا، سێ ملیار ڕەقەمی جیاواز ڕیز بکات و چاویش نەتروکێنێ و لە ئاخیریشدا بڵێ ئەمەیە مەسەلەکە، بێبەڵا بی ئەو دەتوانێ خێراتر لەوەی تۆ سەری بۆ دەلەقێنی باسی ملیار و ملیۆن بکات.

بەڵام ئەشهەدوو پێوەنانی خاس ها وەڵای کاک ئاشتییەوە، ئاخر نزیکەی دە ساڵی ویست تا لەوە تێبگەین هەر کاتێ وتی ساڵی داهاتوو کارەبا دەبێتە بیست و چوار سەعات، مانای وایە دەبێ بیست و چوار سەعات خەونی پێوە ببینین. ئەو دەمەی دەشڵێ دوو ساڵی دی خۆمان دەژیێنین، مانای وایە لە برسا دەمرین.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# شکستی پرۆژەی کورد

لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بەم دەوڵەتەوە بەبێ ڕەزامەندی و خواستی دانیشتووانەکەی، لەو کاتەوە شتێک هەیە پێی دەگوترێ کێشەی کورد لە عێراق. لە سەرەتای ئەم کێشەیەوە شتێکیش هەبوو پێی دەگوترا پرۆژەی کوردی. واتا لەگەڵ دەستپێکی کێشەکە، کورد بەپێی هەلومەرج و بوار و دەرفەتەکان پرۆژەی خۆی هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی. سەرەتا شێخ مەحموودی حەفید بە حوکمی ئەوەی لەو هەلومەرجەدا ڕابەرایەتی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردایەتی دەکرد، خاوەندارێتیی پرۆژەی کوردی گرتە دەست و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی عێراق و وڵاتە خاوەن بڕیارەکان لە چارەنووسی ئەم ناوچەیە، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار، چارەسەری کێشەی کورد نەکرا و بوو بە سەرەتایەکی خراپ لە پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە وڵاتە تازە دامەزراوەکەیاندا.

دوای شکستی هەوڵ و شۆڕشەکەی شێخ مەحموود تا دەگاتە دروستکردنی حیزبی کوردی و تا قۆناغی بەرپاکردنی شۆڕشی چەکداری، منەوەر و دەستەبژێرێکی خوێنەواری ناو کۆمەڵگە، شانبەشانی نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی ئوممەی عێراق، نوێنەرایەتی کێشەی کوردیان کردووە و لە چەندین قۆناغ و بەشێوازی جیاجیا پرۆژەی کوردییان پێشکەش کردووە، بەڵام کێشەکە وەک خۆی ماوەتەوە. لە شۆڕشی ئەیلولیشەوە تا ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لەگەڵ خەباتی چەکداری کە بەشێک بووە لە پرۆژەی کورد بۆ چارەسەری، سەرکردایەتی کورد چەندین جار پەنای بردووەتە بەر گفتوگۆ و پرۆژەی کوردیی خستووەتە سەر مێز، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ کێشەکەی ئاڵۆزتر بووە.

ئەگەر سەرەتا پرۆژەی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی بریتی بووبێت لە دیاریکردنی سنووری جیاکردنەوەی هەردوو نیشتمانی کوردستان و عەرەبستان و پێکەوەبەستنی هەموو ناوچە کوردییەکان بە یەکەیەکی ئیدارییەوە کە خۆی مافی خۆبەڕێوەبەرێتی تێدا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئاڵۆزبوونی کێشەکە و لێکەوتە جۆراوجۆرەکانی، پرۆژەی کوردیش گۆڕاوە، بەڵام هەمیشە ئەوە خواستە سەرەکییەکەی کورد بووە و داواکاریی تر بەپێی بارودۆخەکان گۆڕاون. بۆ نموونە کاتێک پرسی بەعەرەبکردن دەستی پێکردووە، پرۆژەی کورد بریتی بووە لەو داخوازیەی سەرەوە و پاشان ڕاگرتنی بە عەرەبکردن. کاتێ کوردێکی زۆر خراونەتە زیندانەوە، لەپاڵ خواستە سەرەکیەکە داوای ئازادکردنی زیندانیکراوەکانیش کراوە.

لە دوای ڕاپەڕینی 1991 بەهۆی ئەو هەلومەرجە تازەیەی بۆ کورد هاتە پێش کە خۆی حوکمی بەشێکی کوردستان بکات، پرۆژەی کوردیش بوو بە چارەسەری کێشەی خاک لە ناوچە کوردستانییەکانی ژێر دەستی بەعس. کاتێ سەدام ڕووخا، دەرفەت بۆ کورد دروست بوو کێشەی خاکیش چارەسەر بکات، وەک چۆن لە دەرفەتی ڕاپەڕینی 1991دا کێشەی خۆبەڕێوەبەرێتی چارەسەر بوو، بەڵام کەمتەرخەمی و هەڵەی سیاسی سەرکردەکانی، دەرفەتەکانی لەبار برد. دواتر بەناچاری پەنای بردە بەر ڕێوشوێنی دەستووری و یاسایی تا بەشێک لە پرۆژەی کورد بۆ چارەسەر لە دەستووری عێراقدا جێبکرێتەوە، ئەوکات بەهۆی لاوازیی لایەنی عەرەبی و بەهێزیی پێگەی کورد، ئەو بەشەی خواستی کورد بە دەستووریی کرا و ڕێوشوێنی یاسایی دانرا تا بە قۆناغ بتوانرێت لێکەوتە و گرفتەکانی بەردەم کێشەکە نەهێڵدرێن و دواتر چارەسەری یەکجاریی کێشەکە بێتە ئاراوە.

گەرچی بە دەستووریکردنی پرۆژەی کوردی، بەخواست و ڕەزامەندیی لایەنی عەرەبیش بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتدارە عەرەبەکانی عێراقی نوێ هاوشێوەی ستەمکارەکانی پێش خۆیان، نەک زەمینەی چارەسەریان خۆش نەکرد، بەڵکوو کێشەکانیان فرەتر و ئاڵۆزتر کرد، بە جۆرێک نەک هەر پرۆژەی کوردی بۆ چارەسەر شکستی هێنا، تەنانەت خەسڵەت و ئەولەویەتی کێشەی کوردیشیان گۆڕی. ئەگەر تەماشا بکەیت لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کە عێراق دروستکرا و کوردستانی پێوە لکێندرا، لەو ساتەوە ئەولەویەتی کێشەی کورد پرسی خاک بووە. لە گفتوگۆ و شۆڕشە چەکدارییەکانیشمان هەمیشە خەبات لەپێناوی وەرگرتنەوەی خاک خواستی هەرە لەپێش بووە، بەڵام لەدوای بە دەستووریکردنی ئەم کێشەیەوە، ساڵ لە دوای ساڵ خواست و داواکاریی کورد هاتووەتە خوارەوە.

تەنانەت تا ساڵی 2010 کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا لەسەر جێبەجێنەکردنی مادەی 140 و پاشان هاتە سەر پێشمەرگە. بەڵام لە دوای ئەو وادەیەوە پرسی نەوت بووە ئەولەویەتی ناکۆکی و کێشەکانمان. نوێنەرانی کورد لە بەغدا، وەفدەکانی هەرێم، دیدار و چاوپێکەوتنەکانی نێوان بەرپرسانی هەردوولا، پرسی نەوت و پاشان خاک و پێشمەرگە تەوەری سەرەکی نێوانیان بووە. ساڵ لە دوای ساڵ گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە وادەی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمەوە لەپاڵ ئەو تەوەرە سەرەکییانە، پرسی بودجەشی هاتە سەر.

ئەمساڵ لەکاتێکدا بەهۆی شەڕی داعشەوە و بەهۆی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی لە کورد دەکرێت، دەبوو پێگەی کورد بەهێزتر بووایە، هەروەها بەهۆی ئەوەی پێشمەرگە زۆر زیاتر لەو سنوورانەی لە دەستوور لەسەری ڕێککەوتووین چوونەتە قووڵایی و تارادەیەک کۆنترۆڵی بەشێکی خاکیان کردووەتەوە، کە دەبوو ئەوەش یارمەتیدەرێکی تری بەهێزی پێگەی کورد بێت لە بەغدا، کەچی لە کۆتاییەکانی ساڵ و بەهۆی پرۆژە یاسای بودجەی عێراقەوە، کورد بەجۆرێک لەقاڵب درا کە خواست و داواکارییەکانی تەنیا لە (مووچە)دا کورت بکرێتەوە. ئەگەر تەماشای قۆناغی یەکەمی خواست و داواکاریەکانی کورد بکەیت لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کە تازە کوردستان کرابوو بە بەشێک لە عێراق، بێ ئەوەی هێشتا کورد دەستی دابێتە چەک، بێ ئەوەی کورد هیچ حیزبێکی سیاسی یان بزووتنەوەیەکی جەماوەریی هەبووبێت، بێ ئەوەی خاوەن بستێ خاکی ڕزگارکراو بووبێت، پرۆژەی کورد بۆ چارەسەری پرسی کورد بریتی بووە لەوەی سنووری نێوان خاکی کورد و عەرەب دەستنیشان بکرێت، ناوچە کوردییەکان یەک یەکەی پێکەوە بەستراوی ئیداری بن، کورد خۆی حوکمی خۆی بکات.

پاش نزیکەی سەدەیەک تێکۆشان، پاش قوربانیدان بە سەدان هەزار هاووڵاتی، لە کاتێکدا بەشی زۆری کوردستان لەژێر حاکمیەتی کورد خۆیدایە، خاوەن حکومەت و هێزێکی گەورەی چەکدار و پشتیوانییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتین، کەچی داخوازیی کورد لە بەغدا تەنیا هاتووەتە سەر مووچە. هێشتا بێ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی تر کرابن. دوور نییە ساڵی داهاتوو ئەولەویەتی داواکاریی کورد داوای دەرمانی نەخۆشخانەکان بێت. ئەمە بەڵگەی چارەسەربوونی کێشەکانی دیکە نییە، وەک ئەوەی تەنها گرفتمان لەگەڵ بەغدا مابێتەوە ئەم کێشانە بێت، ئەوەندەی دەلیلی شکستی پرۆژەی کوردیە بۆ چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ عێراق، هێمای لاوازیی پێگەی کورد و نوێنەرەکانێتی لە بەغدا کە دەرەقەتی داواکاری و خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان نایەن.

ئەمەش کورد دەخاتە بەردەم دوو ڕێگا، یان ئەوەتا دەبێت سەرکردەیەکی ئازا دان بە شکستی پرۆژەی کوردیدا بنێت لە عێراق و کۆتایی چیرۆکی کورد ڕابگەیەنێت. یاخود تەرحی پرۆژەی بەدیل بکرێت. چونکە دوای نزیک بە سەت ساڵ خولانەوە بەدەوری پرۆژەیەکدا، ئەنجامەکەی بەشکست کۆتایی هات. ئەمە حەقیقەتێکی تاڵی چیرۆکی کوردە، ئەوەی نزیک بە سەدەیەکە لە عێراق دەمانویست، گەیشتینە خاڵی کۆتایی کە بەم ڕێگەیە چارەسەری پرسی کورد ناکرێت، ئەگەر دەمانەوێ بمێنینەوە، پێویستمان بە تەگبیر و ڕێگەچارەی تر هەیە.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# بوعەزیزی و فادیە، دوو قوربانیی شۆڕش

محەممەد بوعەزیزی لەدایکبووی 1984ی شارۆچکەی سیدی بوزید لە تونس، لە 2010/12/17 دا ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و لە 2011/1/4 دەمرێ. کوڕی نەوە و جیهانێکە دەسەڵات هەموو خەونێکی مرۆڤانەی کوشتووە. لە خێزانێکی فرەئەندام و هەژار دەستبەرداری خەونی سەرکەوتن لەڕێگەی خوێندنەوە دەبێت و دەچێتە ژێرباری کرێکاری و جووتیاری و گەڕان بەدوای ناندا. وەکو سەوزەفرۆشی گەڕۆک عەرەبانەکەی دەبێتە سەرچاوەی بژێویی خۆی و حەوت کەسی دیکەی ئەندامانی خێزانەکەی. تاکە خەونی ئەوە بوو کە ڕۆژێک ببێتە خاوەنی پیکابێکی بچکۆلە و هێندە پاڵ بە عەرەبانەوە نەنێت. بەڵام سەرباری ئەوەش چەندین جار بەهۆی بێ مۆڵەتییەوە لەلایەن پۆلیس و کاربەدەستانی شارەوانییەوە دەست بەسەر عەرەبانە و ڕزقەکانیدا دەگیرێت. دواجار پاش ئەوەی لەنێو سیستەمێکی گەندەڵ و بەرتیلکاریدا کەس گوێ لە شکایەتەکانیشی ناگرێت و لەلایەن پۆلیسێکەوە کەرامەتیشی دەڕوشێنرێ، بوعەزیزی کە پێشتر بە لەیلای خوشکی گوتبوو (لێرە خەڵکی هەژار مافی ژیانیان نییە)، لەبەردەم بینای ویلایەت و دەرگای داخراوی والی-دا، تاکە کردەیەک کە هەست بکات مانایەکی هەبێت، سووتاندنی جەستەی خۆی دەبێت.

مەرگی بوعەزیزی هاواری (برۆ)ی دژی سەرۆکەکان لە قوڕگی نەوەیەکدا تەقاندەوە و شۆڕشێکی خوڵقاند کە تونسییەکان پێیان باشترە لە جیاتی بەهاری عەرەب، ناوی بنێن شۆڕشی کەرامەت. ئەوان تەنیا هاواری بەدەستهێنانی کار و ژیانێکی سادە و ئازادییەکی کەمیان دەکرد نەک گۆڕینی سیمای پاشا و سەرکردە نەتەوەیی و جەنەراڵەکان بە شۆڕشگێڕە هاوشێوەکانیان، بەڵام ئەو بازرگانە سیاسیانەی کە بەسەر جەستەی ئەودا چوونە کۆشکەکانی بن عەلییەوە و ئەو ئامانجانەیان لەبیرکرد کە بوعەزیزی خۆی بۆ سووتاند و ئێستاش نەوەیەک هەر لە بێئومێدیدا بۆی دەسووتێ، گوتیان ئەوە شۆڕشێکی ڕێکەوت نەبوو، چونکە پێشتر ئامادەباشی جێگرەوەی دەسەڵاتی دوای هاواری برۆ بوون.

هەمووشتێک لە شەپازلە خەیاڵییەکەی (فادیە حەمدی) یەوە دەستی پێکرد کە بووە هۆکاری سەرەکیی کڵپەسەندنی تووڕەیی ناخی دەستەجەمعی و کپکراوی مرۆگەلێک بۆ گەڕاندنەوەی کەرامەتی ڕووشاوی گشت. ئەوانەی بە سیناریۆی وەشاندنی شەپازلەیەک لەلایەن پۆلیسێکی (ژن)ـەوە بۆ سەر پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی و ڕووشانی کەرامەتی، شۆڕشێکیان لەسەر هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر بەرپا کرد، جیهانێکیان لەنێو سەدە داخراوەکانی هێنایە دەرێ. هەڵخەڵەتاندنێکی پێویست و زیرەکانە و حەتمی بوو بۆ خوڵقاندنی ئەو مێژووە. بەڵێ لە شکاندنی کەرامەتی مرۆڤێکەوە، کەرامەتی پێشێلکراوی چەندین سەدەی لەنێو نیشتمانە زیندانەکاندا وریا کردەوە کە شوێنی ڕاستەقینەی بێ بەهایی مرۆڤ و پەیوەندی نابەرابەری نێوان دەستەیەکی دەسەڵاتداری لەخۆبایی و زۆردار بوو بەسەر ملیۆنان مرۆگەلی ملکەچ و ترساودا، شوێنی ڕیسوابوونی مرۆڤ لەبەردەم ڕۆتین و گەندەڵیی دەزگا ئیدارییەکاندا، لەبەردەم ڕیزگرتن بۆ نان و هێلکەو نەوت و کیلۆیەک گۆشتدا، شوێنی پاڕانەوەی نائومێدانە بەدوای کاردا، بە دوای ژوورێکدا بۆ ژیان.

خەونی بوعەزیزی خەونی مرۆڤێکی سادە بوو کە لە هەمان کاتدا خەونی بەشە هەرە زۆرینەکەی ئەو جیهانەیە ئێستا لە گێژاوی شۆڕشەکاندا لەبیر دەکرێت. دیکتاتۆربوون یان دیموکراسیبوون ، ئاینیبوون یان نیشتمانی و فرەلایەنی بۆ ئەو چی دەگەیاند زیاتر لەوەی ژیانێکی سادەی پێ ببەخشێت؟ بۆیە ئەو هەردەم بۆ نەوەکانی داهاتوو وەکو قوربانی و سیمبولی بێ هوودەیی لە گۆڕینی دەسەڵات دەمێنێتەوە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە تەنیا گەندەڵکاران دەژین و هەموو دەرگا و هەلەکانی لەوانی دی داخستووە. ئەو بەشێکە لە قوربانییەکانی ئەو سیستەمە کە بەشەکەی دی مرۆگەلێکی بەناچاری نێو سیستەمەکە و دەزگاکانیەتی کە ئەوانیش هەر قوربانین.

بوعەزیزی هەوڵی دا لە هەر بوارێکدا بێت کارێکی دەستبکەوێت، تەنانەت ئامادەش بووە ببێتە بەشێک لە جەستەی دەسەڵات و هەوڵی داوە لە سوپادا یان لە دەزگای پۆلیس دابمەزرێت. بۆیە ئەو چەند لە نەوەی قوربانییەکانە، هێندەش کاندیدێکی چاوەڕوانکراو بووە بۆ بوون بە (ئامرازی جەللاد) ئەگەر وەک بەشێک لە جەستەی دەسەڵات سەیری بکەین. چونکە ئەو تەنیا ئینتیمای بۆ نەوەیەکی بێئومێد هەیە لە ژیان کە لەو سیستەمانەدا بێ پرسیارکردن لە شێوازەکەی، بەدوای هەموو ئومێدێکدا دەگەڕێت ژیان و کاری پێ ببەخشێت. ئەمەش خاڵی هاوبەشی هەموو نەوەکانی ئەو جیهانەیە. واتە جگە لە قوربانیبوون کەس نییە لە نێویاندا جەللاد بێت یان لە ناخی خۆیدا ئاکارەکانی جەللاد بژی، یان قوربانیبوونی خواستبێت، بۆیە دەبێت بوعەزیزی و فادیە پێکەوە وەکو دوو قوربانی ئەو سیستەمە سەیر بکەین.

چەندە ڕستەکەی بوعەزیزی ڕاستە کە (لێرە خەڵکی هەژار مافی ژیانی نییە)، ئەوەندەش ئەو قسەیەی فادیە ڕاستە کە لە دادگاییەکەیدا سەبارەت بە بوعەزیزی گوتی: (ئەویش وەکو من قوربانی بوو، بێتاوان و قوربانیی ئەو هەموو نادادپەروەرییە بوو). فادیە دوای چوار مانگ لە زیندانی و پاش مانگرتن لە خواردن و بەردەوام ڕەتکردنەوەی ئەو تاوانەی درابووە پاڵی، دواجار بێتاوان لەو شەپازلەیەی کە نەیوەشاندبوو، هۆڵی دادگای جێهێشت. بەڵام ئەویش بە کەرامەتێکی ڕووشاو و ئازاردراوەوە هاتە دەرێ ، چونکە تاوانێکی پێوە لکێنرا کە لە بنەڕەتدا تاوانی سیستەمەکە و ئەو ژیانە سەپێنراوەیە بەسەر مرۆگەلێکدا کە کەسە سادەکانی لە نێوان جەللاد و قوربانیدا دابەش دەکات.

دادگای دوای شۆڕش بڕیارێکی مرۆییانەی دا کە فادیەی بێتاوان ناساند، بۆئەوەی لە یادەوەریی ئایندەی دەستەجەمعیدا جگە لە سیستەم کەسی دیکە جەللاد نەبێت. بوعەزیزی و فادیە هەردووکیان قوربانیی یەک سیستەم بوون، هەردووکیان سەر بە نەوەیەک بوون کە تەنیا لە دۆزەخی نائومێدیدا خەونی سادەیان هەبوو، لەوانەیە هەردووکیان لەساتێکی هاوبەشی ڕۆڵی قوربانی و جەللاددا دوا تروسکەی ئومێدیان لەدەست دابێت. بوعەزیزی هەمیشە نانبڕاو و عەوداڵی کار بوو، فادیەش نموونەی ئەو کارمەندەی ئاسایشە کە بە ناچاری و بێ ئەوەی بزانێت بۆچی بەرگری لە دەسەڵاتێک دەکات کە تێیدا (معاشەکەی جوانە)، ئەمیش بەدبەخت و قوربانییەکە وەکو قوربانییەکانی دیکە و ژیانی سادەی خۆی بە بوون بە ئامرازێکی دەسەڵات فەراهەم کردووە.

فادیەی کیژە قەیرەی تەمەن چل و شەش ساڵ مەحکوم بووە بە بوون بە بەشێک لەو ماشێنە چەپێنەرەی سیستەم کە لە پێشدا خەون و ژیانی سادەی فادیەی بەبا داوەو لە تەمەنێکی وادا چیدی ئومێدی بە چاوەڕوانیی تارای سپیی بووکێنی و بە گەیشتنی شۆڕەسواری خەونەکانی و پێکهێنانی خێزانێکی سادە نەماوە، بەبێ ویستی خۆی بووەتە پۆلیس و ئامرازی ستەمکاری. بوعەزیزییش هەمان خەونەکانی فادیەی هەبوو تا ئاستی ئامادەیی بۆ بینینی ڕۆڵی ئەویش و پۆشینی بەرگی ئەو ماشێنە ستەمکاریەی سیستەم کە دەشێت ڕۆژێک خودی ئەو لە شوێنێکی دیکەدا شەپازلەیەکی لە بوعەزیزییەکی نەناسراو بدایە، بە ویستی خۆی نەبووە قوربانی. بوعەزیزی بێ خواستی خۆی بووە سیمبولی شۆڕش، فادیە بێ خواستی خۆی بووە سیمبولی زەبری دەسەڵات، بەڵام هەردووکیان پێکەوە بوونە هەڵگیرسێنەری کڵپەی شۆڕش لە کۆمەڵگەیەکدا کە وێنەی جەلاد و قوربانییەکان بە سیمای خەڵکە سادەکانەوە دەلکێنێت. ئەگینا زوڵمی فادیە نەبوو کە جەستەی بوعەزیزی گڕ تێبەردا، ئەوە زوڵمی سیستەمەکە و بێهیوایی بوو لە دەربازبوون لێی.

بوعەزیزی مرد و فادیەش بە ئازارێکی ویژدانیی هەمیشەییەوە ئێستا لەناو کۆمەڵگەی تونسی و جیهانێکی دوای بەهاری عەرەبیدا بزر بووە. ئەو دوو قوربانییە نەوەکانی دوای خۆیان بە هەمان بێ ئومێدی سپارد و لە بازنەیەکی ترس و کوشتاردا جێیانهێشتوون . شەپازلەیەکی خەیاڵی مێژوویەکی دروستکرد لە سووتانی بەردەوامی جەستەکانی داهاتوو و پێکدادانی کۆمەڵگاکانی جیهانێکی مەنگ و خامۆش، کە دەشێت چاوەڕوانی ساتی ئەو کڵپەسەندنە و ئەو جەنگە حەتمیەی کردبێت ، چ نەبێت بۆ ئەوەی هەنگاو بنێتە جیهانێکی دیکەوە کە کەرامەتی خۆی تێدا بپارێزێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# (گۆڕان).. لەخشتەبراوی هیچ پێنەبڕاو!

1

ورده ورده، دەبێ هەڵسوڕاوان و سیاسەتڤانانی بزووتنەوەی گۆڕان دەرکیان بەو راستییە کردبێت کە باڵی ماڵباتی یەکێتی لە یەک دوو ساڵی رابردوودا چ کڵاوێکی گەورەیان لەسەر ناون، ئەڵبەتە دەبووایە لە 17ی مایسی 2016دا، کە رێککەوتنی ستراتیژیی گەڕانەوە بۆ ماڵە گەورەکەیان پێ ئیمزا کردن، شتێکیان گوتبا، بەڵام ئەوێ رۆژێ بەسەر خۆیان نەهێنا تا گەیشتە ئێرە. هەر لەو رۆژەوەی کە گۆڕان لە یەکێتی جیابووەوە، مەترسیی ستراتیژیی یەکێتی ئەوە بوو کە ئەو بزووتنەوە سیاسییە نەگاتە ئەو ئاستەی ببێ بە هاوپەیمانی پارتی، بۆیە یەکەمجار شەڕی گۆڕانیان بە پارتی کرد، دواییش کە دیتیان کار خەریکە لەکار دەترازێ، تێکدانی پەیوەندیی پارتی و گۆڕان کرایە ئامانج. نە بۆ باڵی ماڵبات و نە بۆ ناوەندی بڕیار، هیچ شتێک بەقەدەر دوورخستنەوەی پارتی و گۆڕان گرنگیی نەبووە. بۆیە هەر دوو باڵی یەکێتی، بە دوو ئاراستەی جیاواز، ئیشیان لەسەر ئەوە کرد کە گۆڕان تەنها یەک رێگەی لەبەردەمدا بمێنێتەوە، ئەویش گەڕانەوە بێت بۆ ناو یەکێتی. هەوڵیان بۆ دا و سەریشکەوتن.

ئێستا کە هەردوو باڵەکەی یەکێتی لەگەڵ پارتیدا رێککەوتوون بۆ دیزاینی ئیداری و سیاسیی کوردستان، بژارەکانی بەردەم گۆڕان سنووردارن، یان ئەوەتا سازشێکی سیاسی دەکات، یانیش دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی حوکمڕانی کە ئەوەیان لەو زرووفەی ئێستادا زەحمەتە. بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، بزووتنەوەکە فەشەل و کۆتایی خۆی بەیەکجاری رادەگەیەنێت.

بۆ ئەوانەی پێشتر لەناو یەکێتیدا بوونە، هەزمکردنی ئەو واقیعەی ئێستا ئاسانە و، تێگەیشتوون لەوەی کە تابۆکانی ناو سیاسەت لە (رەشهەڵاتی ناوەڕاست) وا بە ئاسانی ناشکێندرێن، بەڵام بۆ ئەوانەی کە بە خەیاڵی گۆڕان و دروستکردنی عەدالەتی ئیلاهی ملیان لە رێ نا بوو، زەحمەتە!

بۆیە لە بارودۆخێکی وەهادا، گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو یەکێتی، دوو ئامانجی گرنگ دەپێکێ. یەکەمیان: هاوسەنگیی هێز بە فیعلی بۆ تەرازووی سیاسیی کوردستان دەگەڕێتەوە و پارتیش پێشوازیی لێ دەکات. دووەمیان: ناوماڵی یەکێتیش یەکدەخرێتەوە و رێگە لە پەرتەوازەیی زیاتر دەگرێت. بۆیە باڵی ماڵباتی یەکێتی، جارێ وا ورده مەرجەکانی مانەوەی ناوەندی بڕیار جێبەجێ دەکات کە بریتین لە دوورخستنەوە و پێداچوونەوە بە هەندێک لە ئۆرگانەکان و، ئەوەش وەک رێخۆشکەرییەک دەبێ بۆ گەڕانەوەی گۆڕانیش. (بەخێر بێنەوە).

## ئێران براوەیە؟

2

راستییەکەی سەربارى ئەوەی کە پارتی زۆریش حەزی لەو سەودایە نییە، بەڵام لەبەر دڵی یەکێتی و ئەو گوشارانەی ئێران دەیکاتە سەریان، ناچارە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا بچێتەوە و، هەندێک هەنگاوی دیپلۆماسی لەوبارەیەوە بهاوێت. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و ئێران گۆڕانی بەسەردا بێت. بەڵام ئەوە لەو گۆشەنیگایەوە نییە کە ئێران سەرکەوتووە. رێبەری وڵات (خامنەیی) لە ئاستانەی مەرگدایە و چارەنووسی رێبەرایەتی لە ئێراندا نادیارە، ئێرانی ئەمڕۆ لە خراپترین ساتەوەختەکانی مێژووی 37 ساڵەی شۆڕشی ئیسلامیدا بەسەر دەبات، تەنانەت زۆر دژوارتر لە ساڵانی شەڕی هەشت ساڵە. چونکە شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ سەددامدا، نەک هەر بۆ رژێم کارەسات نەبوو، بگرە دەرفەتێکی زێڕین و نیعمەتی ئیلاهی بوو بۆ پتەوکردنی پایەکانی رژێمی ئاخوندی. ئەمڕۆ ئێران بە ئابوورییەکی داتەپاو و بەو هەموو بەرەیەی کە جەنگیان تێدا دەکات، لە پەلەقاژەی مانەوە و گیانەڵادایە.

ئێران و تورکیا هەردووکیان تووشی یەک چارەنووس بوونە و، لە یەک زەلکاودا گیریان خواردووە. بەو ئومێدەی شەڕ نەگاتە ناو ماڵیان، لە دەرەوەی سنوورەکانیان شەڕ دەکەن، بەڵام جگە لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، هیچ کاتێک ئێران بەو شێوەیە نەکەوتووەتە ژێر رکێفی رووسیاوە، بە رادەیەک کە زەمین و ئاسمانی ئێران تەسلیمی رووسیا کراوە. تورکەکانیش بەهەمان شێوە. کوشتنی باڵیۆزی رووسیا لە ئانکارا، کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی ئێستای تورکیا و، بەیاننامە و تۆمەتبارکردنەکان بێ بنەمان. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە لانیکەم نەخشەی ناوچەکە و دنیا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، لەسەر بنەمای ململانێی رووسیا و ئەمریکا و هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاواوە دیزاین کراوە و، تەنانەت یەکێک لەو فاکتەرانەی کە ئەمریکا رێگەی دا وا بە ئاسانی ئاخوندەکانی ئێران حوکم بگێڕن، بەرگرتن بوو بە هەژموونی رووسیا، ئەوا لەو بارودۆخە تازەیەدا کە تورکیا و رووسیا وەکو دوو هەوێ لەسەر رووسیا رکابەرییانە، پێناچێ ئەمریکا تا سەر بێدەنگ و دەستەوستان دانیشێ. بۆیە هەژموونی رووسیا بەسەر ناوچەکەدا بە دەستکێشی ئێران و تورکیا، هەتا سەر نییە.

## پایەختسازی

3

زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە کورد، وابەستەیی سیاسیی خۆی لە پایەختێکەوە بۆ پایەختێکی دیکە نەگوازێتەوە. ئەوە راستە، بەڵام ئایا هەستمان کردووە کە ئێمەش پایەختێکمان دروست کردووە جیاوازە لەوانەی دەوروبەر؟ سەیری هەواڵێکی (رووداو)م کرد، لەو ماوەی ساڵی 2016دا، پتر لە سێ شاندی پایەبەرزی سیاسی، ئابووری و سەربازیی نێودەوڵەتی لەسەرانسەری دنیاوە هاتوونەتە هەولێر. راستە کە شەڕی داعش کاریگەر بووە، بەڵام شەڕی دژی توندڕەوی بە لەناوچوونی داعش کۆتایی نایەت و کورد ئیسپاتی کردووە کە چ ئامرازێکی کاریگەرن لەو شەڕەدا و چەندیش جێگەی متمانەن. بۆیە لە سۆنگەی ئەو پایەختە بەهێزەوە، کورد وابەستە و ملکەچی پایەختی دیکە نییە. پێش راگەیاندنی دەوڵەت، پایەختەکەی ئامادەیە.

*ساڵی نوێتان پیرۆز بێت



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سەربەخۆیی کوردستان نزیکە؟

هەفتەی رابردوو لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک کۆنفرانسێکی گرنگ لەسەر سەربەخۆیی کوردستان سازکرا. هەرچەندە دامنابوو لە دوایین گۆشەمدا لە ساڵی 2016 باسی سیاسەت نەکەم و شتێکی سۆفت بنووسم، بەڵام بۆ دەستپێکی ساڵی نوێ هیچ شتێک گرنگتر نییە لە قسەکردن لەسەر ئەو پرسیارەی بابەلباب و ساڵەوساڵ لە خۆمان و لەیەکدی دەکەین: سەربەخۆیی کوردستان نزیکە؟

تا نیوەی دووەمی ساڵی 2016ش، کاتێک باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکرا، سەرکردەکانمان دەیانگوت: ئەمە مافی ئێمەیە، بەڵام کاتی نەهاتووە. کەچی لە چەند مانگی رابردوودا و لە سەروبەندی دەستپێکردنی شەڕی مووسڵەوە، تۆنی دەنگەکە گۆڕاوە و بەئاشکرا باسی سەربەخۆیی لەجیاتی ئەوەی لە میدیادا بکرێت، دەبردرێتە سەر مێزی گفتوگۆ لە بەغدا. نێچیرڤان بارزانی لە نوێترین دیداریدا دەڵێت لەگەڵ تورکیاش هێشتا "بەفەرمی" باسی سەربەخۆیی کوردستان نەکراوە و ساڵی داهاتوو باس دەکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بڕوا ناکەم ساڵی 2017 ساڵی سەربەخۆیی کوردستان بێت. فلادیمیر پووتین لە کۆبوونەوەی رۆژانی رابردووی لەگەڵ میدیاکاران، مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی بە مژارێکی نێوخۆیی عێراق دانا کە رووسیا نایەوێ دەستی تێوەربدات. بەڵام کێشەی درەنگکەوتنی سەربەخۆیی کوردستان لە 2017دا دروست ئەوە دەبێت کە دەستتێوەردان دەکرێ و عێراقییەکان خۆیان بەشی ئەوەندە دەسەڵات و ئیرادەیان نییە بڕیار بدەن دەیانەوێ چۆن پێکەوە بژین یان نەژین.

ئەو بەڵگەنامە و دەستپێشخەرییەی عەمار حەکیم ئامادەی کردووە و زۆرینەی نێوماڵی شیعە و تەنانەت کوردیش پشتیوانیی لێدەکەن، دەتوانێ بناغەیەکی باش بێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی کە پێکهاتەکانی عێراق چییان لەیەکدی و بۆ یەکدی دەوێت لە ئایندەدا. بەڵام وەک ئەندامێکی شاندی کوردی بۆ بەغدا بۆی باسکردم، کاتێک کورد باسی سەربەخۆییان لەگەڵ لایەنی شیعەدا هێناوەتەگۆڕێ، ئەوان گوتوویانە: ئێمەش کێشەمان نەبێت، چۆن ئێران و تورکیا رازی دەکەن بە سەربەخۆیی کوردستان؟

راستییەکەی ئەوەیە کە هیچیەک لەو دوو دەوڵەتە هێشتا ئامادەی ئەوە نین قبوڵ بکەن کوردستان سەربەخۆ بێت. بەڵام هەردوو دەوڵەتیش و هەموو پێکهاتەکانی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانن بەو فۆرمەی ئێستاوە هەولێر و بەغدا ناتوانن بەردەوام بن. بۆیە پێشبینی دەکەم سەرکردایەتیی کوردستان لە ساڵی 2017دا لەسەر داواکردنی سەربەخۆیی بەردەوام بێت، بەڵام داینابێت چارەسەری ئەم قۆناغە نوێیە بۆ کێشەکانی هەولێر و بەغدا، کە هیچ دەوڵەتێکیش تووڕە نەکات و هەمووولا بۆیان قووت بچێت، ئەوەیە کە کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی یەکبگرن. کورد حوکمی زاتیی تاقیکردەوە و دەرکەوت هەرکات بەغدا بەهێز بوو لە رێککەوتن پەشیمان دەبێتەوە، بەدوایدا فیدراڵیی تاقیکردەوە، کە دیسان دەرکەوت هەرکاتێک سەرۆکوەزیرانێکی بەهێزی تائیفیی وەکو مالیکی لەسەر حوکم بێت، لە رێککەوتن و داننان بە مافەکانی کوردستاندا پاشگەز دەبێتەوە، بۆیە چارەسەری کۆتایی سەربەخۆییە، بەڵام مادام بۆ ئەم قۆناغە سەربەخۆیی زەحمەت دەبێ، لە سیستمێکی کۆنفیدراڵیدا کە حکومەتی وڵاتە ئەندامەکان بەهێزترن لە حکومەتی ناوەندی، هەولێر دەتوانێ بۆ ماوەیەک لەو یاریی مشک و پشیلەیە رزگاری بێت کە بەغدای بەهێز لە ساڵانی رابردوودا لەگەڵی کردی.



هیوا حاجی

# حکومەت، تکایە ئەمەیان ئەرکی تۆیە!

### مەترسییەکان لە زۆربووندان

لەسەردەمی ئێستاماندا، مەترسییەکانی سەر ژیانی مرۆڤ تا دێ لە زیادبووندان. هەندێ لەو مەترسیانە جیهانین و دانیشتووانی سەر زەوی بە رێژەی جیاواز هەستیان پێدەکەن. بۆ وێنە، گۆڕانکارییە ژینگەییەکان (گەرمبوونی گۆی زەوی) و تێرۆریزم دوو بابەتی هەرە زەقی سەردەمی جیهانگەرایین. ئەوەی یەکەمیان هەموو کەسێک هەستی پێناکات و هەندێ جار دەگوترێت زیاد لە قەبارەی خۆی گەورە کراوە. بەڵام تێرۆریزم وا نییە. خەڵک لە هەموو سووچێکی ئەم دنیایە زیاتر لە جاران هەست بە بێ ئاسایشی دەکات. بەو مانایەی هەمیشە هەستێک هەیە کە رەنگە لە چرکەیەکدا، ئۆتۆمبیلێک لەبەردەمتدا بتەقێتەوە، یان چەکدارێک لە مۆڵێکدا تەقەت لێبکات و یانیش بە لۆرییەک ئاپۆڕایەکی خەڵکی لە شەقامێکدا پان بکرێتەوە. ئەمانە مەترسی جیهانین و تا رادەیەک هەستی بێئۆقرەییان بۆ مرۆڤ دروستکردووە.

مەترسییە لۆکاڵییەکانیش لە تەشەنەدان. دەکرێ بکوژرێی لەبەرئەوەی کەسێک پۆستێکی فەیسبووکەکەتی بەدڵ نییە یان رەخنەت لێ گرتووە. بەئاسانی بە کافر یان جاسووس یان پیاوی ئەم و ئەو لەقەڵەم بدرێی. ئەگەر کیژۆڵەیەک بیت، مۆبایلەکەت هەمیشە سەرچاوەی مەترسیە بۆت، چونکە رەنگە مێسیجێکی هەڵە یان قسەکردن لەگەڵ برادەرێکی کوڕت بگاتە ئاستی کوشتنت، ئەگەر منداڵ بیت رەنگە باوک و دایکت ئەشکەنجەت بدەن و بە مۆبایلیش گرتەیەکی ڤیدیۆیی لێ تۆمار بکرێ و پاش چەند خولەکێک لە ئینتەرنێت دابنرێ. لە ماوەی دواییدا، گرتەی جەرگبڕی توندوتیژی جەستەیی لە دژی منداڵان، لەلایەن باوانی خۆیانەوە، بە ئاسانی دەبینرێنەوە. لەوەش هەرگەڕێ تا ئێستا لە کوردەواریدا خەڵک لەسەر کێشەی زەویوزار یان لەسەر مەسەلەی زۆر ساویلکەی وەک فوللایت لێدان لەسەر شەقامەکان دەکوژرێن. ئەمانە بابەتی پەیوەندیدارن بە ئاسایشی جەستەیی مرۆڤەکان و پێویستە شتێک لەبارەیانەوە بکرێت.

### حکومەت، تکایە ئەمەیان ئەرکی تۆیە!

بەرپرسیارێتیەکانی حکومەت لە ئاست هاووڵاتیاندا بابەتێکە بۆ دیبەیت. ئایدیۆلۆژیاکان لە نموونەی لیبراڵیزم، سۆشیالیزم، سۆشیال دیمۆکرات، کۆنسەرڤاتیف و کۆنسەرڤاتیڤی نوێ و هەتا دوایی، هەریەکە و بە رەنگێک ئەرکەکانی حکومەتیان دیاری کردووە. هەندێکیان ئەرکی زۆر دەخەنە سەرشانی حکومەت لە دابینکردنی ژیانی هاووڵاتیان لە خوێندن و تەندروستی و رێگاوبان و کار و بیمەی کۆمەڵایەتی و هەندێک لەو ئایدیۆلۆژیایانەش بە پێچەوانەوە، پێیانوایە مەرج نییە حکومەت قورسایی هەموو ئەو بابەتانە بخاتە سەرشانی خۆی. مەبەستی من خستنەڕوو یان هەڵسەنگاندنی ئەو ئایدیۆلۆژییانە نییە. ئەوەی من مەبەستمە یەک شتە، ئەویش ئەوەیە: هەموو ئەو ئایدیۆلۆژییە سیاسیانە، لەوپەڕی راست تا ئەوپەڕی چەپ، لەسەر مەسەلەیەکی بنەڕەتی کۆکن، ئەویش ئەوەیە پاراستنی ئاسایشی جەستەیی هاووڵاتیان و رێگریکردن لەوەی هاووڵاتی لەسەر باوەڕی سیاسی، یان دینی یان لەبەر هۆکاری کولتووری یان لەبەر هۆکارێکی دیکە بکەوێتە ژێر مەترسی، ئەرکی حکومەتە. پاراستنی گیانی هاووڵاتی، ئەوجا ئەو هاووڵاتییە سیاسی بێت یان ناسیاسی، لەگەڵت بێت یان نەیار، منداڵ بێت یان بەساڵاچوو، مێ بێت یان نێر، ئەوە ئەرکی بێ موناقەشەی حکومەتە. حکومەت دەتوانێت بڵێ چارەگە مووچەیەک لەگەڵ چەند سەعاتێک کارەبات لە شەو و رۆژێکدا پێدەدەم، دەتوانێ بڵێ جادەت بۆ قیرتاو ناکەم، دەتوانێ بڵێ بیمەی بێکاریت پێنادەم، بەڵام هیچ حکومەتێک لەسەر زەوی (ئەگەر بەخۆی بڵێ حکومەت) ناتوانێ بڵێ دابینکردنی ئاسایشت کاری من نییە. حکومەتەکانی دونیا بە شێوازی جیاواز پێناسەی ئاسایش دەکەن و بە سیاسەت و بودجەی جیاوازیش هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، بەڵام جیاوازییان لەوەدا نییە کە دەوڵەت پارێزەری ئاسایشی جەستەیی هاووڵاتیانە، تاوانکاران دەستگیر دەکرێن و دەدرێنە دادگا و سزای عادیلانەی خۆیان وەردەگرن.

### تکایە با تەنیا یەک کەس بتوانێ بمانکوژێت!

برادەرێک دەیگوت سەردەمی سەددام یەک لایەنی باشی هەبوو، ئەویش ئەو راستییە بوو کە تەنیا یەک کەس دەیتوانی بتکوژێ، ئەویش سەددام خۆی بوو. واتە ئەگەر ئەو نەیکوشتبای، کەس نەیدەتوانی بتکوژێ. لە عێراقی ئێستادا، هەموو کەسێک و بە هەر هۆکارێک دەتوانێ بتکوژێت. لەسەر ئینتیمای مەزهەبیت، بەهۆی ناوت، باوەڕی سیاسیت، دەوڵەمەندیت یان لەبەر هەر هۆکارێکی کولتووری تەنانەت. ئێمە چەند ساڵێک لەمەوبەر بیستمان کە چۆن گرووپی ئیمۆکان لە بەغدا لەڕووی جەستەییەوە تەسفیەکران. لە کوردستان، ئێمە ئەگەر شانازیمان بە هیچەوە نەکردبا، دەمانتوانی تا رادەیەکی باش شانازی بە ئاسایشی خۆمانەوە بکەین. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، خەریکە هێدی هێدی مەسەلەی ئاسایشیش دەکەوێتە خانەی مەترسییەوە. رۆژانە بە هۆکاری جیاواز، لە عیشقەوە بگرە تا سیاسەت، خەڵک دەبێتە قوربانی.

شتێک هەیە دەبێ بۆ هەمووان مەعلوم بێت: ئەگەر حکومەت بە مانای وشە حکومەت بێت، نابێ لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیدا، رێگا بدات مرۆڤ ببێتە مەترسی بۆ سەر مرۆڤێکی دیکە. حکومەت نابێ رێگا بدات باوک یان برا ببێتە جەلادی کچ یان خوشکەکەی خۆی، هاووڵاتی ببێتە جەلادی کەسێک کە لەسەر جادە و لەکاتی شۆفێریدا هۆڕنی بۆ لێداوە، دەستڕۆیشتوویەک ببێتە جەلادی رەخنەگرێک لەبەر ئەوەی لە وتارێکیدا ئازاری داوە. حکومەت ئەو کاتە حکومەتە کە یاسای دادپەروەرانەی هەیە و دەتوانێ یاساکانی خۆی جێبەجێ بکات.

حکومەت دەبێ تاکە لایەن بێت کە بتوانێ، بەپێی یاسا، سزای هاووڵاتیانی بدات. ئەگەر زینا تاوان بێت، ئەوە دەبێ تەنها حکومەت بێت کە بتوانێ سزای تاوانبار بدات نەک هەر کەسێک لە خێزانەکەت، ئەگەر خۆشەویستی تاوان بێت، دیسان هەر دەبێ تەنها حکومەت بێت بتوانێ سزامان بدات، ئەگەر سیخوڕی بۆ دەوڵەتێکی بێگانە تاوان بێت، ئەوە دیسان هەر دەبێ حکومەت بە تەنیا بتوانێ سزای تاوانبار بدات. کاتێک حکومەت تاوان و تاوانبارکردن و سزا بۆ خەڵکی دیکە بەجێدەهێڵێت، ئاکامەکەی جگە لە بەرەڵایی شتێکی دیکە نییە.



گاری کێنت*

# "دەستتێوەردانی دەرەکی" زیندوو دەبێتەوە

لەدوای رووخاندنی رژێمی عێراق، لیبراڵەکانی لایەنگری دەستتێوەردانی دەرەکی تووشی کێشە ببوون، بەڵام کوشتارەکانی سووریا بووە پاڵنەرێک بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەک لە نێوان پەرلەمانتاران، بۆ ئەوەی بیرۆکەی دەستتێوەردانی دەرەکی سەرلەنوێ زیندوو بکرێتەوە. هەفتەی پێشوو دیبەیتێکی گەرموگوڕ لە پەرلەمانی بەریتانیا هەبوو، کە تێیدا باسی لەبەینچوونی مرۆڤایەتی لە حەلەب و سرێبرینیکای ئەم سەردەمە کرا. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە تیۆری بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر پاراستنی خۆمان شکستی هێناوە.

جۆرج ئۆزبۆرن، وەزیری دارایی پێشووی بەریتانیا، بۆ یەکەمجار لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی لە پۆستی وەزارەتەکەی، گوتارێکی پێشکەش کرد کە هێندەی دیکە دیبەیتەکەی گەرموگوڕ کرد. بە بۆچوونی ئۆزبۆرن "تراژیدیای حەلەب لە بۆشاییەکەوە نەهاتووە" بەڵام بۆشاییەک ئەم تراژیدیایەی خوڵقاند ـ واتە بۆشایی سەرکردایەتی رۆژئاوا، لەوانەش سەرکردایەتی ئەمریکا و بەریتانیا ـ واتە فەشەلی رۆژئاوا لەوەدا کە لە ساڵی 2013 ئەسەد لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی سزا بدات.

ئۆزبۆرن هۆشداریشی دا کە "ئێمە گەیشتووینەتە خاڵێک ئیدی مەحاڵە لە هیچ شوێنێکەوە بتوانین دەستتێوەردان بکەین، ئێمە بۆ دەستتێوەردان ئیرادەی سیاسی پێویستمان نەبوو". وەزیری دارایی پێشووی بەریتانیا ئاماژەی بەوەدا کە نرخی دەستەوەستانی رۆژئاوا لە سووریا ئەوە بوو هەزاران کەس کوژران، ملیۆنان کەس ئاوارە بوون، سەقامگیریی وڵاتانی دراوسێش تێکچووە، لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا فاشیزم و لە رۆژئاوای ئەورووپاش توندئاژۆیی تەشەنەی سەندووە، جگە لەمەش بۆ یەکەمجار لە ساڵانی حەفتاکانەوە رووسیا بووە بە ئەکتەرێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا.

ئاننا ترلی، پەرلەمانتاری سەر بە پارتی کار، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێ ئەو هەڵانەی لە رابردوودا بەهۆی کردەی سەربازییەوە روویانداوە، سستمان بکەن، بەڵکو دەبێ وانەی دروست لە عێراقەوە وەربگرین، وانە دروستەکەش ئەوەیە کە "کاتێک دەستتێوەردانی سەربازی دێتە ئاراوە، نابێ بەشداری بکەین هەتا ئەو کاتەی تەواو روون دەبێتەوە کە ئەو ئامانجەی دەستتێوەردانەکەی بۆ دەکەین دەتوانین پێی بگەین. هەروەها دەبێ بە شێوەیەکی گونجاو بۆ لێکەوتەکانی دوای دەستتێوەردانەکە خۆمان ئامادە بکەین و هاوکارییەکی باشتریش لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییەکاندا بکەین.

ترلی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "ئێمە دەبێ بەڵێن بدەین کە هیچکات پشتیان تێناکەین، هیچکات ماوە و سەختی جەنگەکە ساردمان ناکاتەوە، دەبێ بزانین کە رووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەتی فاشیستی و سەرکوتکەر و خەباتی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووس و ئازادی خۆیان لەڕووی ئەخلاقییەوە وەک یەکن. ئێمەی رۆژئاوایی نابێ هێندە خۆویست و خۆپەرست بین کە پێمانوابێت ناتوانین هیچ رۆڵێکی پۆزەتیڤ بۆ چاکبوونی رەوشی جیهان بگێڕین. ئێمە نابێ چیدی هەستی بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی نەبێت، جا لە هەر شوێنێک بێت و هەوڵەکان هەرچەندەش سەخت بن".

ئەم بۆچوونە بە گوڕوتینانە دژی روانگەی گۆشەگیرخوازییە کە لەنێو خەڵکی بەریتانیادا زاڵە. هەندێک لە کەسایەتییەکانی دژی شەڕ نیگەرانی ئەوەن کە ئەمە کۆتایی بە خۆدوورگرتنی رۆژئاوا لە دەستتێوەردانی سەربازی بهێنێت. یەکێک لە سەرەکیترین لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ئۆوین جۆنز، گۆشەنووسی گاردیەنە کە پێیوایە دیمەنە ترسناکەکانی حەلەب ئارگومێنتێکی پێچەوانەی ئەوە دەخەنەڕوو کە لایەنگرانی هێرشی سەربازی باسی دەکەن، ئەو دەیەوێ ئەو شتە بوەستێنێت کە بە پێداچوونەوەی مێژووی دەزانێت.

جۆنز لایەنگرانی دەستتێوەردانی سەربازی بەوە تۆمەتبار دەکات کە زێدەڕۆیی دەکەن، کاتێک بەردەوام بیرمان دەخەنەوە ئەو هێرشە سەربازییەی لە ساڵی 2013دا دەکرا زۆر سنووردار بوو. ئەو هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژییەکەی حەلەب ئەسەد و پوتینن.

بەڵام ئەوەی وایکرد رووسیا بێتە نێو شەڕی نێوخۆی سووریاوە ئەوە بوو کە کاتێک ئەسەد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ساڵی 2013 هێڵە سوورەکەی ئۆبامای بەزاند، رۆژئاوا هیچی نەکرد، ئەمەش دژبەرە سێکولارەکانی ئەسەدی لە خشتە برد و هانی ژمارەیەک چەکداری دژی ئەسەدی دا کە ریشی درێژ بهێڵنەوە. راستە ئێمە ناتوانین بزانین دەستتێوەردانەکە چی لێدەکەوتەوە، بەڵام ئۆوین خۆیشی زێدەڕۆیی دەکات کاتێک دەڵێت "لە رابردوودا هیچ دەستتێوەدانێکی سەربازی رۆژئاوا لە وڵاتانی عەرەبیدا نەبووە جگە لە کارەسات هیچی دیکەی لێ سەوز بووبێت".

بەڵام ئەمساڵ 25ەمین ساڵیادی دروستکردنی ناوچەی دژەفڕینە بۆ هەرێمی کوردستان لە عێراق، ئەمە ئەو شتەیە کە جۆنز لە یادی کردووە. رەنگە هەر ئەمەش رێگر بووبێ لەوەی رژێمە کۆمەڵکوژەکەی سەدام هەتا کاتی رووخانی لە 2003 نەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. وەکوو لە 23 جار سەردانی خۆم بۆ کوردستان لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا بیستوومە، کورد ستایشی ناوچەی دژە فڕین دەکات و هێرشەکانی 2003 بۆ سەر عێراقیش بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق دەزانێت.

جەنگی سووریا زۆری ماوە تەواو بێت و پێویستی بە هەنگاوی جدییە بۆ ئەوەی نەهامەتییەکانی ئەم جەنگە کەم بکرێنەوە و چارەسەرێکی سیاسیش بۆ قەیرانەکە بدۆزرێتەوە. پرسی سەرەکی داهاتوومان رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پاش داعشە. لە کاتی سەردانی ئەمجارەی شاندی پەرلەمانتارانی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان، سەرکردە سیاسییەکانی کورد بە پەرلەمانتارە بەریتانییەکانیان راگەیاند کە قاعیدە و رێکخراوەکانی دوای قاعیدە کێشەیەکی عێراقین، داواشیان کرد وڵاتانی رۆژئاوا بەردەوام بن لە هاوکارییەکانیان بۆ لەناوبردنی داعش و دواتریش ئاساییکردنەوەی رەوشی عێراق کە رەنگە جودابوونەوەی ئاشتیانەی هەرێمی کوردستان لە عێراقیش لەخۆ بگرێت.

تەنیا یەک دیبەیتی پەرلەمانی ناتوانێ گۆڕانێکی بەرفراوان لە بەرژەوەندی لایەنگرانی دەستتێوەردانی سەربازی دروست بکات. بەڵام بەردەوامبوونی ئەم دەستەوەستانییەی ئێستاش خەریکە بەهای خۆی لەدەست دەدات. هەتا ئێستا نازانین ئیدارەی نوێی ئەمریکا چ رێوشوێنێک دەگرێتەبەر. بەریتانیاش رەنگە رێی دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپا بگرێتەبەر، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بەریتانیا، چ خۆی بە تەنیا یانیش بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە ئەورووپییەکانی دیکە، توانای ئەوەی نەبێ هەنگاوی دروست بنێت. کاتی ئەوە هاتووە گوێ لە کوردەکان و هاوپەیمانەکانی دیکەمان لە بەرەی لیبراڵی لایەنگری دەستتێوەردانی سەربازی لە دژی فاشیزم بگرین.

***گاری کێنت، بەڕێوەبەری گرووپی پەرلەمانیی هەموو پارتەکانی ناو پەرلەمانی بەریتانیایە.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# لەیلا فەریقی تۆرابوو

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

## لە ژمارەی داهاتووەوە...




پاشکۆی

# ئەدەب وکولتوور

بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن
bijar.hekim@rudaw.net

Good food

abc

Good feelings

## زۆرترین خواردن لە گەورەترین رێستورانت

رێستورانتی ABC لە هەولێر / رێگەی بەحرکەی نوێ تەنیشت گوندی لوبنانی

**29ی مانگ دەکرێتەوە**

**11 رێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا تەنیا بە 25 هەزار دینار**

DAILY FRESH SEAFOOD premium quality | SISHA LOUNGE | MIDDLE EAST RESTAURANT | Diner FAST FOOD | Pancakes & WAFFLES | STEAK HOUSE | Soup & BREADS | The Best CHINESE FOOD | Farm Fresh Salad bar | SUSHI BAR | AUTHENTIC ITALIAN CUISINE | The BAKERY

